حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر

# ڕستەی زمانی کوردی

## بە پێی تیۆری (کاتیگۆری و پێوانە)ی هالێدەی

### لێکۆڵینەوەیەکی وەسفییە

نامەیەکە پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر
کراوە وەك بەشێك لە پێویستیەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

لە لایەن:
**شیرزاد سعید صدیق**

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین ٢٠٠٣-٢٠٠٤

بە سەرپەرشتی:
**پ. ی. د. یوسف شریف سعید**

ڕەشەمێ٢٧٠٧ کوردی رەبیعولئەوەل ١٤٢٩ کۆچی ئادار ٢٠٠٨ زایینی

ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر ئامادە کراوە و بەشێکە لە پێداویستیەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

**پ.ی.د.یوسف شریف سعید**

١٠ /٢ /٢٠٠٨

بە پێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش لێژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

**د.ابراهیم عزیز ابراهیم**

سەرۆکی لێژنەی خوێندنی باڵا

لە بەشی زمانی کوردی

٢٠٠٨/٢/١٠

ئێمەی ئەندامانی لێژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ قوتابییەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆك ولایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (                    )بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردیدا پێ بدرێت.

**پ.ی.د. فەرەیدوون عەبدول محەمەد**
سەرۆکی لێژنە
/ ٣ / ٢٠٠٨

**د.ابراهيم عزيز ابراهيم**
ئەندام
/ ٣ / ٢٠٠٨

**د. ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی**
ئەندام
/ ٣ / ٢٠٠٨

**پ.ی. د. يوسف شريف سعيد**
ئەندام و سەرپەرشتیار
/ ٣ / ٢٠٠٨

لە لایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان پەسەند کرا.

**پ.ی.د. نوزاد حسن خۆشناو**
ڕاگری کۆلێژی زمان
/ ٣ / ٢٠٠٨

# پێشکەشە بە

- گیـانی پـاکی شـەهیدانی ڕێگـای ئـازادی و سـەربەخۆیی کوردسـتان و خانەوادە سەربەرزەکانیان
- دایك و باوکی دڵسۆزم
- خوشك و براکانم
- هاوڕێکانم

# سوپاس و پێزانین

**سوپاس و پێزانین بۆ :**

- **حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق کە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتدارییان دەرفەتی خوێندنی ماستەرم بۆ ڕەخسا.**
- **وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە بەردەوام هەوڵی بەرەو پێش خستنی خوێندن و خزمەتکردنی قوتابیان دەدات.**
- **ڕاگرایەتی کۆلێژی زمان و سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی کە دڵسۆزانە یارمەتیان دام و کارەکانیان بۆ ئاسان کردم.**
- **بەڕێز (پ.ی.د. یوسف شریف سعید) کە سەرپەرشتی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆی خۆی و دڵسۆزانە یارمەتی دام لە نووسینی ئەم نامەیەدا.**
- **هەموو ئەو مامۆستایانەی کە بە دڵ فراوانییەوە وەڵامی پرسیارەکانمیان دایەوە.**
- **بەرێز (دلێر صادق کانبی) کە لە پەیدا کردنی سەرچاوە یارمەتی زۆری دام.**
- **هەموو ئەو هاوڕێ و بەرێزانەی کە لە نووسینی ئەم نامەیە یارمەتیان دام (علی،سەنگەر، شنە، دانا، ....)**
- **فەرمانبەرانی کتێبخانەی کۆلێژی زمان و کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ بە گشتی و بە تایبەتی بۆ هاوڕێیانی دڵسۆزم (کاك نەژاد و کاك هادی سعید صالح مزووری)**

# فەرهەنگۆکی زاراوەکان

| | | |
|---|---|---|
| Situation | ...................... | بار |
| Context of situation | ...................... | باری دەوروبەر |
| Optional | ...................... | بەئارەزوو |
| Obligatory | ...................... | بەخورتی |
| Complement | ...................... | تەواوکەر |
| Chain axis یا Syntagmatic axis | ...................... | تەوەرەی زنجیری |
| Choice axis یا Paradigmatic axis | ...................... | تەوەرەی هەڵبژاردن |
| General linguistic theory | ...................... | تیۆری گشتی زمان |
| Class | ...................... | پۆل |
| Clause | ...................... | پارستە |
| Major clause | ...................... | پارستەی گەورە |
| Minor clause | ...................... | پارستەی بچووك |
| suffix | ...................... | پاشگر |
| prefix | ...................... | پێشگر |
| Rank–Shift | ...................... | پێچەوانە بوونی پلە |
| Structure | ...................... | پێکهاتە |
| Scale of Rank | ...................... | پێوانەی پلە |
| Scale of Exponence | ...................... | پێوانەی دەرکەوتە |
| Scale of Delicacy | ...................... | پێوانەی شیکردنەوە |
| Minimal pairs and sets | ...................... | جووتۆکە |
| Orthography | ...................... | دەزگای نووسین |
| Context | ...................... | دەوروبەر |
| Linguistic context | ...................... | دەوروبەری زمانی |
| Physical context | ...................... | دەوروبەری فیزیکی |
| Paratactic recursion | ...................... | دووبارە بوونەوەی ناهاوسەنگ |
| Hypotactic recursion | ...................... | دووبارە بوونەوەی هاوسەنگ |

| | | |
|---|---|---|
| Structure | ...................... | ڕۆنان |
| Sentence | ...................... | ڕسته |
| grammar | ...................... | ڕێزمان |
| Systemic grammar | ...................... | ڕێزمانی سیستەمی |
| Systemic-functional grammar | ...................... | ڕێزمانی سیستەمی ئەرکی |
| Socio-linguistic | ...................... | زمانەوانی کۆمەڵایەتی |
| Adjunct | ...................... | سەربار |
| System | ...................... | سیستەم |
| Distinctive feature | ...................... | سیمای جیاکەرەوە |
| Subject solt | ...................... | شوێنی بکەر |
| Form | ...................... | شێوە |
| Received Pronunciation | ...................... | شێوەی دەربرینێکی دروست |
| Voiced | ...................... | گڕ |
| Graphic | ...................... | گرافیك |
| Phrase | ...................... | گرێ |
| Adverbial Phrase | ...................... | گرێی ئاوەڵکاری |
| Verbal Phrase | ...................... | گرێی کاری |
| Predication solt | ...................... | گرێی کاری شوێنی کار |
| Noun Phrase | ...................... | گرێی ناوی |
| Vowel | ...................... | ڤاوڵ |
| Phonology | ...................... | فۆنۆلۆجی |
| Neo-Firthian linguistics | ...................... | فێرثییەنوێیەکان |
| Consonant | ...................... | کۆنسۆنانت |
| Scale and category | ...................... | کاتیگۆری و پێوانە |
| Predication | ...................... | کار |
| Phonic | ...................... | کەرەستەی دەنگی |
| Voiceless | ...................... | کپ |
| Lexis | ...................... | لێکسیك |
| Empty morpheme | ...................... | مۆرفیمی بەتاڵ |

| | | |
|---|---|---|
| Base- morpheme | ...................... | مۆرفیمی بنجی |
| Zero morpheme | ...................... | مۆرفیمی سفر |
| affix morpheme | ...................... | مۆرفیمی گیرەك |
| infix | ...................... | ناوگر |
| Instance | ...................... | نموونە |
| Unit | ...................... | یەکە |

## هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ← | دەبێتە |
| ⋆ | نارێزمانی |
| ←<br>.......... | ریزبوونی کەرستەکان لە یاسا ڕۆنانییەکان |
| / | یان |
| ∞ | تا دوایی |
| Ø | مۆرفیمی سفر |
| ئا. پەی | ئامرازی پەیوەندی |
| ئا. هاو | ئامرازی هاوبەشی |
| ب | مۆرفیمی بنجی |
| پا. | پاڕستە |
| پا.ئا | پاڕستەی ئازاد |
| پا.پەی | پاڕستەی پەیوەست |
| پا.ن | پاڕستەی ناوك |
| پاش | پاشگر |
| پێش | پێشگر |
| د.پ | دیارخەری پێش سەرە |
| د.د | دیارخەری دوای سەرە |
| س | سەرەی گرێ |
| گ. ئاوەڵ | گرێی ئاوەڵکاری |
| گ. ك | گرێی کاری |
| گ.ن | گرێی ناوی |
| ك | کار |
| م.ب.ن | مۆرفیمی بکەر نادیار |
| م.بەند | مۆرفیمی بەند |
| م.ر.ل.خ | مۆرفیمی راناوی لکاوی خاوەنێتی |
| م.ر.ل.ر | مۆرفیمی راناوی لکاوی رێککەوتن |

| | | |
|---|---|---|
| م.ك.ئ | ........................................ | **مۆرفیمی كاتی ئێستا** |
| م.ك.د | ........................................ | **مۆرفیمی كاتی داهاتوو** |
| م.ك.ر | ........................................ | **مۆرفیمی كاتی رابردوو** |
| م.ن | ........................................ | **مۆرفیمی نەرێ** |

ناوەڕۆك


- **پێشەکی:** XIII

ناونیشانی نامەکە و بوارەکەی ........................................ XIII

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە ........................................ XIII

کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە ........................................ XIII

ڕێبازی لێکۆڵینەوە ........................................ XIV

گیرو گرفتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ........................................ XIV

کورتەی نامەکە ........................................ XV

- **بەشی یەکەم : قوتابخانەی لەندەن**

١- ١- سەرەتا ........................................ ٢

١- ٢- زمانەوانی لە بەریتانیا ........................................ ٢

١- ٣- قوتابخانەی زمانەوانی لەندەن ........................................ ٤

١- ٣- ١- فێرث ........................................ ٤

١- ٣- ١- ١ فێرث و واتا ........................................ ٦

١- ٣- ١-٢ پێکهاتە و سیستەم لای فێرث ........................................ ٩

١- ٣- ٢- پەیوەندی ئاسۆیی و ستوونی لە قوتابخانەی لەندەن ........................................ ١٣

١- ئاستی دەنگ (فۆنۆلۆجی) ........................................ ١٤

٢- ئاستی وشەکانی زمان ........................................ ١٥

٣- ئاستی ڕێزمان ........................................ ١٦

٤- ئاستی واتا ........................................ ١٨

١- ٤- ڕێزمانی سیستەمی ........................................ ١٩

- **بەشی دووەم : تیۆری کاتیگۆری و پێوانە**

٢- ١- سەرەتا ........................................ ٢٣

٢- ٢- ڕوانگەی هالیدەی بۆ زمان بە پێی تیۆری کاتیگۆری و پێوانەدا ........................................ ٢٣

٢- ٢- 1- هالیدەی و تیۆری گشتی زمان ........................................ ٢٤

٢- ٢- ٢- کەرەستە سەرەتاییەکانی زمان ........................................ ٢٥

٢- ٢- ٣- دەزگای دەنگی(فۆنۆلۆجی) ........................................ ٢٦

٢- ٢- ٤- دەزگای نوسین ........................................ ٣١

٢- ٢- ٥- ڕێزمان و وشە ........................................ ٣٣

٢- ٢- ٦- پەیوەندیی دەزگای دەنگی و نوسین بە ڕێزمان ........................................ ٣٤

٢- ٢- ٧- دەوروبەر ........................................ ٣٥

٢- ٢- ٨- واتای فۆرمی ........................................ ٣٨

٢- ٣- بەشی ڕێزمانی تیۆری کاتیگۆری و پێوانە ........................................ ٣٩

٢- ٣- 1- کاتیگۆرییە ڕێزمانیەکان ........................................ ٤٠

٢- ٣- 1- ١- یەکە ........................................ ٤٠

٢- ٣- 1- ٢- ڕۆنان ........................................ ٤١

٢- ٣- 1- ٣- پۆل ........................................ ٤٢

٢- ٣- 1- ٤- سیستەم ........................................ ٤٤

٢- ٣- ٢- پێوانە ڕێزمانییەکانی ........................................ ٤٦

٢- ٣- ٢- ١- پێوانەی پلە ........................................ ٤٦

٢- ٣- ٢- ٢- پێوانەی دەرکەوتە ........................................ ٤٨

٢- ٣- ٢- ٣- پێوانەی شیکردنەوە ........................................ ٤٩


**- بەشی سێیەم: ڕستەی زمانی کوردی بە پێی تیۆری کاتیگۆری و پێوانە**


٣- ١- سەرەتا ........................................ ٥٢

٣- ٢- تەوەری یەکەم : پێکهێنی ڕستەی زمانی کوردی بە پێی تیۆری کاتیگۆری و پێوانە ........................................ ٥٢

٣- ٢- ١- مۆرفیم ........................................ ٥٢

٣- ٢- ٢- وشە ........................................ ٥٦

٣ -٢-٢- ١- کەرەستە ڕۆنانی وشە ........................................ ٦٠

٣- ٢- ٣- گرێ ........................................ ٦١

٣- ٢- ٣- ١- گرێی ناوی ........................................ ٦٣

٣- ٢- ٣- ٢-یەکەڕۆنانییەکان گرێی ناوی ........................................ ٦٣

٣- ٢- ٣- ٣-یەکەی ڕۆنانی دیارخەری پێش سەرە ........................................ ٦٥

ا) دیارخەری پێش سەرە خانەی یەکەم ........................................ ٦٦

ب) دیارخەری پێش سەرە خانەی دووەم ........................................ ٦٧

پ) دیارخەری پێش سەرە خانەی سێیەم ........ ٦٨
ت)دیارخەری پێش سەرە خانەی چوارەم ........ ٦٨
چ)دیارخەری پێش سەرە خانەی پێنجەم ........ ٦٩
٣- ٢- ٣-٤-یەکەی ڕۆنانی دیارخەری دواى سەرە ........ ٧٠
ا) دیارخەری دواى سەرە خانەی یەکەم ........ ٧٠
ب) دیارخەری دواى سەرە خانەی دووەم ........ ٧٠
پ) دیارخەری دواى سەرە خانەی سێیەم ........ ٧١
ت) دیارخەری دواى سەرە خانەی چوارەم ........ ٧١
چ) دیارخەری دواى سەرە خانەی پێنجەم ........ ٧١
ج) دیارخەری دواى سەرە خانەی شەشەم ........ ٧٢
ح) دیارخەری دواى سەرە خانەی حەوتەم ........ ٧٤
٣- ٢- ٣- ٤- ڕۆڵی ئامراز لە گرێی ناویدا ........ ٧٤
٣- ٢- ٣- ٥- دەزگاکانی گرێی ناوی ........ ٧٦
٣- ٢- ٤- گرێی کاری ........ ٨٠
٣-٢-٤- ١- یەکە ڕۆنانییەکانی گرێی کاری ........ ٨٠
٣-٢-٤- ٢- یاسا ڕۆنانییەکانی گرێی کاری ........ ٨١
ا) کار ........ ٨١
ا) ١- خانەی یەکەم ........ ٨٥
ا) ٢- خانەی دووەم ........ ٨٦
ا) ٣- خانەی سێیەم ........ ٨٦
ا) ٤- خانەی چوارەم ........ ٨٧
ا) ٥- خانەی پێنجەم ........ ٨٨
ا) ٦- خانەی شەشەم ........ ٨٩
ا) ٧- خانەی حەوتەم ........ ٩٠
ا) ٨- خانەی هەشتەم ........ ٩١
ا) ٩- خانەی نۆیەم ........ ٩١
٣-٢-٤- ٣- مۆرفیمی نەرێ ........ ٩١
٣-٢- ٤- ٤- مۆرفیمی بکەر نادیار ........ ٩٢

٣-٢-٤-٥ – دەزگاکانی گرێی کاری ........ ٩٢
٣-٢-٥- گرێی ئاوەڵکاری ........ ٩٤
٣-٢-٥-١- پۆلین کردنی گرێی ئاوەڵکاری ........ ٩٥
٣-٢-٦- پارستە ........ ٩٧
٣-٢-٦-١- یەکە رۆنانییەکانی پارستە ........ ٩٧
٣-٢-٦-٢- جۆرەکانی پارستە ........ ١٠٠
ا) پارستەی گەورە ........ ١٠٠
ا) ١- ریزبوونی کەرەستەکانی پارستە ........ ١٠١
ا) ٢- دووباره بوونەوەی کەرەستەکان ........ ١٠١
ا) ٣ – دەزگاکانی پارستە لە زمانی کوردیدا ........ ١٠٢
ب) پارستەی بچووك ........ ١٠٣

**٣-٣- تەوەری دووەم: ڕستەی زمانی کوردی لە رووی ڕۆنانەوە بە پێی تیۆری کاتیگۆری و پێوانە** ........ ١٠٥
٣-٣-١- پێناسەی رۆنانی ڕستە ........ ١٠٥
٣-٣-2- ڕستەی ناوك ........ ١٠٥
٣-٣-٣- دووباره بوونەوەی هاوسەنگ ........ ١٠٨
٣-٣-٤- دووباره بوونەوەی ناهاوسەنگ ........ ١٠٩
٣-٣-٥- ڕستەی هێشویی ........ ١١٠
٣-٣-٦- یاسای رۆنانی رستەی هێشوویی ........ ١١١

**- ئە نجام** ........ ١١٢

**سەرچاوەکان** ........ ١١٥
**ملخص البحث** ........ ١٢٢
ABSTRACT ........ ١٢٥

# پێشەکی

## پێشەکی

### ناونیشانی نامەکە و بوارەکەی:

ئەم نامەیە لە ژێر ناونیشانی "ڕستەی زمانی کوردی بە پێی تیۆری کاتیگۆری و پێوانەی هاڵیدەی"یە، کە بۆ باسکردنی پێکهێن و جۆرەکانی ڕستەی زمانی کوردی لە ڕووی ڕۆنانەوە بە پێی ئەم تیۆرە تەرخان کراوە و هەوڵدراوە کە بە پێی توانا بە زمانێکی ساکار و بە نموونەی گونجاو ئەم تیۆرە لەسەر زمانی کوردی پەیرەو بکرێ. کارەکە زیاتر ئاستی ڕستەسازی دەگرێتەوە و لە هەندێ لە شوێندا بە پێی پێویست چۆتە ناو ئاستەکانی تری زمانەوە.

### هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا ئەم تیۆرە زمانییە کە بە تیۆرەکی گشتی زمانی ناسراوە و بۆ هەموو زمانەکان دەگونجێ، نەهاتۆتە ناو زمانی کوردی و تەنیا لە نامەی دکتۆرای (ساجیدە عەبوڵڵا فەرهادی) دا بە شێوەی ناراستەوخۆ ئاماژەی بۆکراوە و وەکو بابەتێکی تایبەتی کەس باسی لێوە نەکردووە، بۆیە بە پێویست زانرا کە بە پێی ئەم تیۆرە باسی ڕستەی زمانی کوردی بکرێت.

### کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە :

لەم نامەیەدا (زاری کرمانجیی خواروو) کراوەتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە، چونکە ئەم زارە وەکو ستاندەرێك لە هەرێمی کوردستانی عێراق کار دەکات و بەشێوەیەکی بەربڵاو بۆتە زمانی نووسینی کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤار، نامەی زانستی، ڕاگەیاندنەکان و تەنانەت بۆتە زمانی نووسینی نووسراوە فەرمییەکان لە دەزگا حکومییەکانی هەرێمی کوردستاندا. هەندێ لە نموونەکان لە کتێب و نامە زانستییەکانەوە وەرگیراوە و هەندێکی تر لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکەوە

وەرگێراون و لە هەندێ شوێندا رستەی خۆم بە نموونە هێناوەتەوە کە پیشانی پسپۆری زمانی کوردی دراوە بۆ دڵنیا بوون لە کوردی بوونی ئەم نموونانە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە بە پێی ڕێبازی وەسفییە لێکۆڵینەوەکە بە پێی ئەم ڕێبازە و لە ژێر رۆشنایی تیۆری کاتیگۆری و پێوانەی هاڵیدەی ئەنجامدراوە. رەنگە لە هەندێ شوێندا نائاگایانە تیۆرە نوێباوەکانی تر کاری کردبێتە سەر نووسینی ئەم نامەیە،بەڵام هەوڵم داوە کە خۆم لەم کاریگەرییانە بە دوور بگرم.

## گیروگرفتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە :

بەشێوەیەکی گشتی نەبوونی سەرچاوەی زاستی بەزمانی کوردی و کەم دەستکەوتنی سەرچاوەی تایبەت بەم تیۆرە بە زمانەکانی تر کێشەی سەرەکی بوو بۆ نووسینی ئەم نامەیە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لە نووسینی نامەکەدا زیاتر پەنا ببەمە بەر سەرچاوەی فارسی، عەرەبی و تا رادەیەکیش سەرچاوەی ئینگلیزی، و بۆ دەوڵەمەندکردنی نامەکە لە هەندێ شوێن سوود لە سەرچاوە کوردییەکان وەرگیراوە کە رەنگە راستەوخۆ پەیوەندییان بەم تیۆرەوە نەبوو بێ، بەڵام لە هەندێ لایەن هاوبەشی بەدی دەکرا لە نێوان ناوەرۆکی ئەم سەرچاوانە و بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

پەنا بردنە بەر سەرچاوە بە زمانی بیانی، تووشی داتاشین و بەکارهێنانی هەندێ زاراوەی کردووم کە رەنگە دەقاودەق یان پڕ بە پێستی زاراوە بیانییەکان نەبن، لە شوێنی پێویست بەرامبەری زاراوە داتاشراوەکان بە زمانی ئینگلیزی نووسراوەتەوە.

## کورتەی نامەکە:

ئەم نامەیە لە ژێر ناونیشانی "رستەی زمانی کوردی بە پێی تیۆری کاتیگۆری و پێوانەی هاڵیدەی"دایە باس لە پێکهێن و جۆرەکانی ڕستەی زمانی کوردی لە ڕووی ڕۆنانەوە دەکات. ئەم تیۆرە زمانییە لە لایەن (هاڵیدەی)ەوە دانراوە کە پاش (فێرث) بە گەورەترین زمانەوانی قوتابخانەی لەندەن دادەنرێت. هاڵیدەی بە پەرە پێدانی بیروراکانی (فێرث) ئەم تیۆرەی داناوە کە بە بناغەی زمانەوانی لە بەریتانیا دەژمێردرێت.

نامەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە سێ بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم:** ئەم بەشە لە ژێر ناونیشانی " قوتابخانەی زمانەوانی لەندەن" باس لە زمانەوانی بەریتانیا ، شوێنی قوتابخانەی زمانەوانی لەندەن لە زمانەوانی بەریتانیا ، (فێرث) وەکو گەورەترین زمانەوانی ئەم قوتابخانەیە، هەندێ لە بیروڕاکانی(فێرث)، کاریگەری (فێرث) لەسەر هاڵیدەی و تیۆری رێزمانی هاڵیدەی دەکات.

**بەشی دووەم:** لە ژێر ناونیشانی " تیۆری کاتیگۆری و پێوانە"دا هەوڵدراوە کە ئەم تیۆرە بناسێنرێت و باس لە لایەنە جیاوازەکانی ئەم تیۆرە بکرێت. لەم بەشەدا باس لە هەردوو لایەنی زمانی و رێزمانی دەکرێ. لە لایەنە زمانییەکەدا باس لە چۆنیەتی کارکردنی زمان دەکرێ، چونکە هاڵیدەی زمان بە تۆرێکی گەورەی پەیوەندیکردن دادەنێت.لە لایەنە رێزمانییەکەی ئەم تیۆرەدا باس لە کاتیگۆری و پێوانە دەکرێ. هاڵیدەی چوار کاتیگۆری داناوە کە ئەمانەن : (یەکە، رۆنان، پۆل، سیستەم) کە هەریەکەیان بە جیا باسی کراوە. هەروەها سێ پێوانەی دەست نیشانکردووە کە ئەمانەن: (پلە، دەرکەوتە، شیکردنەوە)، ئەمانەش بە جیا باسیان کراوە.

**بەشی سێیەم:** لە ژێر ناونیشانی " رستەی زمانی کوردی بە پێی تیۆری کاتیگۆری و پێوانەی هاڵیدەی" یە، ئەم بەشە لایەنی پراکتیکی ئەم لێکۆڵینەوەیە. لەبەر ئەوەی تیۆرەکەی

هاڵیدەی گرنگی بە هەردوو لایەنی پێکهێن و جۆری ڕستە لە ڕووی ڕۆنانەوە دەدات، ئەم بەشە دابەشی دوو تەوەر کراوە:

تەوەری یەکەم: پێکهێنی رستە ، لەم تیۆرەدا لە بچووکترین یەکەی پێوانەی پلەی زمانی کوردیەوە باس کراوە تا گەورەترین پێکهێنی ڕستە، کە پارستەیە و بە جیا باسی یاسا ڕۆنانییەکان و شیمانەکانی هەر یەکەیان کراوە.

تەوەری دووەم : لەم تەوەرەدا جۆرەکانی ڕستەی زمانی کوردی لە رووی ڕۆنانەوە دەستنیشان کراون. لەم تیۆرە ڕستە دابەشی دوو جۆر دەبێت رستەی ناوکی و ڕستەی هێشوویی، هەروەها باس لە دووبارە بوونەوەی هاوسەنگ و ناهاوسەنگی کەرستەکان دەکرێت.

لە کۆتاییدا ئەو ئەنجامانەی کە لەو لێکۆڵینەوەیە پێیان گەیشتووین خراونەتە ڕوو، پاشان لیستی سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی هاتووە، دوا شتیش کورتەی باسەکەیە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

# بەشی یەکەم

# قوتابخانەی زمانەوانی لەندەن

# بەشی یەکەم : قوتابخانەی زمانەوانی لەندەن

## ١- ١ سەرەتا

(هالّیدەی) یەکێکە لە زمانەوانانی قوتابخانەی لەندەن کە کاریگەرییەکی زۆری (فێرث)[١]ی لەسەرە و تیۆری (کاتیگۆری و پێوانە)[٢]ییەکەی لە سەر بنەمای بیروڕاکانی ئەو بنیات ناوە و سوودێکی زۆری لێوەرگرتووە، تا رادەیەك کە دەکرێ تیۆرەکەی (هالّیدەی) بە فراوانکراوی تیۆری (فێرث) لە قەڵەم بدرێت، لەم بەشەدا تیشك دەخرێتە سەر زمانەوانی لە بەریتانیا، قوتابخانەی لەندەن، پێکهاتە و سیستەم لە قوتابخانەی لەندەن، فێرث و هەندێ لە بیروراکانی، هەروەها رێزمانی سیستەمی هالّیدەی.

## ١- ٢ قوتابخانەی زمانەوانی لە بەریتانیا

کاریگەری و بە پیرۆز زانینی زمانی لاتینی وەك زمانی ئایینی مەسیحی وای لە زمانەوانە ئەوروپاییەکان کردبوو کە لێکۆڵینەوە لە زمانەکانی خۆیان پشت گوێ بخەن. کاریگەری کەلتووری زمانی لاتینی، هەروەها سەیرکردنی جیهان لە سەرووی نەتەوەخوازییەوە لە سەدەکانی ناوەراستدا، زمانە هاوچەرخەکانی نەتەوە جیاوازەکان بوون وەك گۆڤەرێك سەیرکرد کە بە پێی زمانەوانی سوننەتی شایەنی ئەوە نەبوون لێکۆڵینەوەی وردیان لەسەر ئەنجام بدرێت.

بەریتانیا یەکێ بوو لەو وڵاتانەی کە تا ماوەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری زمانی لاتینی دا بوو، بەڵام زانراوە کە لە سەدەی یانزەیەمی زایینی دا بەریتانیا خەریکی پەرەپێدانی زمانی پێوانەیی خۆی بووە بە مەبەستی دروستکردنی زمانێکی ستاندەر، بەڵام داگیرکردنی

---

(1) John Robert Firth
(2) Scale and category

(نۆرمەندی) بوو بە بەربەستێك لە بەردەم ئەم بیرۆکەیە و پەرەپێدانی ئەم هەوڵ و کۆششە سەرەتاییانەدا. پاش ئەوەی لە سەردەمی وریابوونەوەدا سێبەری زمانی لاتینی لەسەر ئەوروپا نەما، نەتەوەکانی دەوروبەری بەریتانیا لە دروستکردن و دانانی زمانی ستاندەریان پێش بەریتانیا کەوتن. لەگەڵ ئەوەی کە بەریتانیا پاش وڵاتانی تر زمانی ستاندەری دانا، بەڵام دەستێکی باڵای هەبوو لە لێکۆڵینەوە زمانییەکانی سەدەی شانزەیەمی ئەوروپادا. (جفری سامسون: ١٩٩٧: ٢٢٥)

هەرچەندە هەوڵ و کۆششەکانی (ولیام جۆنز)[1] بە شۆڕشێکی مەزن دادەنرێت لە زمانەوانی بەریتانیادا، بەڵام سەرهەڵدانی قوتابخانەی زمانەوانی بەریتانیا دەگەڕێتەوە بۆ چواریەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم کە لە شێوەی لێکۆڵینەوە لە فۆنەتیك دەستی پێکرد. "لە راستیدا دەستکەوتەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانە هیندییەکان یارمەتییەکی زۆری دروستبوونی قوتابخانەی فۆنەتیکی و زمانەوانی بەریتانیایان دا. لێکۆڵینەوە بە سوودەکانی ولیام جۆنز بوون بە بنەمای زۆر لێکۆڵینەوەی فۆنەتیکی پاش خۆی لە بەریتانیا ، ئەڵمانیا و ئەمریکادا."(مهدی مشکوەالدینی: ٢٠٠٢: ١١١)

(هێنری سویت)[2] (١٨٤٥-١٩١٢) لە بواری گرنگی دان بە لێکۆڵینەوە دەنگیەکاندا پێشڕەوی زمانەوانانی بەریتانیا بوو. (سویت) گرنگی بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەدا لەسەر جووڵەی ئەندامانی ئاخاوتن. (جفری سامسون: ١٩٩٧: ٢٢٦)

پاش (سویت) (دانیال جۆنز)[3] (1976-1881) نووسەری کتێبی "An outline of English Phonetics" لە بواری فۆنەتیك دا هاتە مەیدانی لێکۆڵینەوەوە. لەو کاتەدا گفتوگۆ و

---

(1) William Jones
(2) Henry Sweet
(3) Daniel Jones

مشت ومرێکی زۆر هەبوو لەسەر سروشت، سنوور، پێکهاتە و لایەنە پراکتیکییەکانی فۆنیم، (جۆنز) گرنگییەکی زۆری بە فۆنیم دەدا،.(عبدالقادر عبدالجليل:٢٠٠٢: ٢٥٠)

گرنگی کارەکانی (جۆنز) و (سویت) تا ئەو رادەیە گرنگ بوون کە بنەماکانی فۆنەتیکی زمانی ئینگلیزی بەریتانیایان دانا، لەم بارەوە (رۆبینز) دەڵێ:"بەرهەمەکانی (سویت) و (جۆنز) ببوونە هۆی ئەوەی زمانی ئینگلیزی سنووری جوگرافی خۆی ببڕێ و کاریگەر بێ لەسەر ناوچەکانی تر، هەروەها بووە شێوەی دەربرینێکی دروست[1] بۆ زمانی ئینگلیزی بەریتانی. (روبینز:٢٠٠٣: ٤٤٦)

## ١-٣ قوتابخانەی زمانەوانی لەندەن:-

سەرهەڵدانی قوتابخانەی زمانەوانی لەندەن دەگەڕێتەوە بۆچلەکانی سەدەی بیستەم،" لە سالآنی چل و پەنجاکاندا زمانەوانی ئینگلیزی (جون روبرت فێرث ١٨٩٠-١٩٦٠) و کۆمەڵێك لەو زمانەوانانەی کاریان لەگەڵ دەکرد لە زانکۆی لەندەن، گەشەیان بە خوێندنی زمانەوانی دا لە قوتابخانەی دیراساتی رۆژهەلآتی و ئەفریقی دا"(ساجیدە عەبدوللا فەرهادی: ٢٠٠٣:١٠) ئەمەش وەك سەرەتایەك بوو بۆ قوتابخانەی زمانەوانی لەندەن.

لەبەر ئەوەی (فێرث) بە دامەزرێنەری قوتابخانەی لەندەن دادەنرێت، لە خوارەوە باسی هەندێ لە بیروڕاکانی دەکەین:

### ١-٣-١ فێرث

"قوتابخانەی زمانەوانی بەریتانیا لە سی و چل و پەنجاکاندا بە هۆی توێژینەوەکانی (فێرث) بەرەو پێش چوو".(مهدی مشكوەالدينی: ٢٠٠٢: ١١٢) لە رووی پایەوە فێرث لە

---

[1] Received Pronunciation

قوتابخانەی لەندەن، بە پایە بەرزترین زمانەوان دەناسرێت تا رادەیەك كە زۆرجار قوتابخانەی زمانەوانیی لەندەن بە قوتابخانەی (فێرث) ناوبراوە و ئەو زمانەوانانەی كە خەریكی پەرەپێدانی بیروڕاكانی (فێرث) بوون بە فێرثییەنوێیەكان[1] ناسراون.

(فێرث) لە ساڵانی ١٩١٩- ١٩٢٨ز وەكو مامۆستای ئەدەبی ئینگلیزی لە زانكۆی پەنجاب وانەی گوتۆتەوە. پاش گەڕانەوەی بۆ بەریتانیا لە بەشی دەنگسازیی زانكۆی لەندەن دامەزرا و لە ساڵی ١٩٣٨ز گوێزرایەوە بۆ بەشی زمانەوانی لە قوتابخانەی لێكۆڵینەوەی رۆژهەڵاتی و ئەفریقی و لە ساڵی ١٩٤٤ز لە بەریتانیا بە یەكەم مامۆستای زمانەوانیی گشتی لەقەڵەم دەدرێت ".(جفری سامسون: ١٩٩٧: ٢٢٧)

(فێرث) لە ساڵی ١٩٤٤ز دا وەكو مامۆستای زمانەوانیی گشتی لە زانكۆی لەندەن دامەزراو و تا ساڵی ١٩٥٦ وانەی تێدا گوتۆتەوە و یەكەم زمانەوانە كە توانی لە بواری زمانەوانیی گشتی بەناوبانگ بێ. (روبینز: ٢٠٠٣: ٤٤٧)

لە سی و چل و پەنجاكانی سەدەی بیستەم دا لە لێكۆڵینەوەی زمانەوانی بە گشتی و زمانەوانی ئەمریكی بە تایبەتی، شێوازی رۆنانی زاڵ بوو لەسەر شێوازەكانی تر، بەپێی شێوازی رۆنانی وەسف كردنی هەر ئاستێك لە ئاستەكانی زمان جیا لە ئاستەكانی دیكە ئەنجام دەدرا، بۆ نموونە هەوڵیان دەدا لە وەسف كردنی فۆنیم سوود لە سینتاكس و واتا وەرنەگرن، بە پێچەوانەی رۆنانیەكان (فێرث) تیۆرییكی[2] نوێی پێشكەش كرد كە تیایدا واتا و فۆنۆلۆجی گرنگییەكی تایبەتی هەبوو. بە پێی تیۆرە نوێیەكەی (فێرث) وەسف كردنی فۆن، فۆنیم، سینتاكس و لایەنی واتایی بە شێوەیەكی نزیك پەیوەستن بە یەكتری، واتە پەیوەندی ئەم

---

[1] Neo-Firthian linguistics

[2] Contextual theory prosodic phonology

ئاستانە دەستنیشان دەکرێت و لە رێگەی وردبوونەوە لە دێتاکانی پەیوەست بە هەر ئاست کاتیگۆری ئاستەکانی تر وەسف دەکرێت.( مهدی مشکوەالدینی: ٢٠٠٢: ١١٢)

## ١-٣ -١ -١ فێرث و واتا :

(فێرث) وەکو زمانەوانە ئەمریکییەکان تیۆرە، واتاییەکەی خۆی لە سەر بیروڕای زانایەکی ئەنترۆپۆلۆجی بنیات نا، بیروڕاکانی (مالینۆفسکی)[1] کاریگەریان لەسەر هەبوو. (روبینز :٢٠٠٣: ٤٤٧)

(مالینۆفسکی) ئەنترۆپۆلۆجی ناسی پۆلەندی لە کاتی لێکۆڵینەوە لە کەلتووری دانیشتوانی دوورگەی ( تروبریاند) هەستی بەوە کرد کە ناتوانێت لە رێی وەرگێڕانی وشە بە وشە زۆربەی دەربڕینەکانی ئەو خەڵکەوە بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە تیۆری تایبەتی واتا و زمانی پێشکەش کرد. لەم تیۆرەدا بۆ لێکۆڵینەوە لە واتا "باری دەوروبەر"[2]ی کردە بنەمای کاری خۆی. (مالینۆفسکی) ڕستە بە یەکەی سەرەکی زمان دادەنێت و بە ئامرازێکی کۆمەڵایەتی گرنگی لەقەڵەم دەدات، ڕای وابوو کە واتای هەر وتەیەك تەنها بە پێی باری دەوروبەری ئەم وتەیە دیاری دەکرێت، بەم پێیە "واتا" بە بەکارهێنان لەقەڵەم دەدات. (Dinneen: 1967 :300-301 )

(مالینۆفسکی) بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە تێبینییەکانی خۆی لەم بارەیەوە لە کتێبێکدا لە ژێر ناونیشانی " Coral Gardens and their Magico"دا بڵاوکردەوە. ئەم تێبینیانەش بوونە هۆی دانانی بنەماکانی تیۆری (باری دەوروبەر) لە وەسف کردنی واتادا. (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی: ٢٠٠٣: ١١)

ئەو دەوروبەرەی (مالینۆفسکی) مەبەستیەتی بریتییە لە ژینگەیەکی سروشتی یا واقیعی رۆشنبیری کۆمەڵ، بەڵام زۆر بە وردی و لە چوارچێوەی تیۆرێکی شیکردنەوەی واتادا باسی

---

(1) Bronislaw Malinowsky
(2) Context of situation

دەوربەر و چۆنیەتی دەست نیشانکردنی ئەم دەورووبەرەی نەکردووە، چونکە مالینۆفسکی زمانەوان نەبوو. (جفری سامسون: ١٩٩٧: ٢٣٩)

(فێرث) تیۆرەکەی (مالینۆفسکی) لەبارەی واتاوە پەسەند کرد و باری دەورووبەری کردە بنەمای وەسفکردنی واتا لە تیۆرە کەی خۆیدا(Dinneen: 1967: 314) بەڕای فێرث بابەتی سەرەکی زمانەوانی، زمانە لە بەکارهێنانی واقیعی دا. بەکارهێنانی زمان یەکێ لە لایەنە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤە و گوتن بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەچێتە ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە .(مهدی مشکوەالدینی : ٢٠٠٣: ١١٣)

وردبوونەوە لە لایەنی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندی زمان دا بووە هۆی دروستبوونی لقێکی تر لە زمانەوانی بە ناوی زمانەوانی کۆمەڵایەتی[1] ( ابراهیم محمود خلیل: ٢٠٠٧: ٣١) پەیوەندی زمان و سروشتی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بە زەقی لە بیروڕاکانی (فێرث)دا بەرچاو دەکەوێت وئەمەش وای کردووە کە لە ئەنجام دا زمانەوانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی بەرچاو لە تیۆرەکەی دا بەرچاو بکەوێت. (Firth: 1964: 177-189 )

گرنگی باری دەورووبەر لە لێکدانەوەی زمان دا روون دەبێتەوە، چونکە ناتوانرێ بە تەواوی هەندێ لە دەربڕینەکانی زمان لێکبدرێتەوە تا رەچاوی باری دەورووبەری نەکرێت.(جرهارد هلبش: ٢٠٠٣: ١٥٨-١٥٩) بۆ نموونە:

تۆز و بایە.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا نازانین باس لە باری کەش و هەوا دەکرێت لە گفتوگۆی دوو کەس دا یان لە نووسینگەی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل باس لە ئۆتۆمبێلێکی دزراوی و بێمۆڵەتی یاسایی (تۆماری ساڵانە) دەکرێت.

چوارچێوەی باری دەورووبەر لای (فێرث) فراوانترە لە باری دەورووبەر لای (مالینۆفسکی) ، جگە لە تایبەتمەندیی واقیعی، چوارچێوەیەك لە کاتیگۆرییەکانیش لە خۆ دەگرێت وەك :

---

(1) Socio-linguistic

کاتیگۆری گەڕانەوە بۆ راستی و هەبوونی چەمك، ئەمانەش بۆ ئەوەن کە هەموو وتەیەك بە هەموو بەشەکانییەوە بگەڕێنرێتەوە بۆ تایبەتمەندی و ڕووداوەکانی جیهانی دەرەوە. گرنگی لایەنی واتایی تیۆرەکەی (فێرث) لەوەدایە، کە بووە هۆی ئەوەی واتاناسان واتای وشە بە بەکارهێنانی لە زمان دا لە قەڵەم بدەن. (روبینز: ٢٠٠٣: ٩-٤٤٨)

لێکدانەوەی واتای وشە بە پێی باری دەوروبەر وای کردووە کە زۆر جار تاکە وشەیەك چەند واتایەکی جیاواز وەربگرێت کە دوورن لە واتا فەرهەنگییەکەی، وەك وشەی (دەست) لەم نموونانەی خوارەوە:

"پیاوێکی دەست پاکە. ———— جێی بڕوا و متمانەیە.

پیاوێکی دەست و پێ سپیە ——— هیچ پیشەیەك نازانێ.

دەست بەسەرە. ———— واتا دیلە.

کوڕێکی دەست بەتاڵە.———— کاری نیە. "(عبداللە عزیز محمد: ١٩٩٠: ٤٢)

دەست کورتە. ———— واتا هەژارە.

دەست پیسە. ———— واتا دزە، جێی بڕوا و متمانە نیە.

دەستی دەڕوا.———— واتا خەڵکی لە پشتە یا خۆی بەرپرسە.

بە دەست و قامە ———— واتا شتی لە دەست دێ.

لە لای (فێرث) واتا بریتییە لە دەنگ و ڕێزمان و لێکسیك لە باری دەوروبەر، هەرچەندە کە پێناسەیەکی روون و تەواو نیە بۆ باری دەوروبەر.(حلیمة احمد عمایرة :٢٠٠٦: ٤٤) یەکە پەیوەندییدارەکانی(باری دەوروبەر) کە لە لای (فێرث) دەسنیشانکراون ئەمانەی خوارەوەن:

١) کەسایەتی قسەکەر و گوێگر، ئاستی رۆشنبیرییان، ئامادەبووانی گفتوگۆکە، هەروەها کۆمەڵێك نیشانەی نازمانی وەك: جوڵەی دەستەکان، نیشانەکانی دەم و چاو، ...هتد.

٢) دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و بابەتە پەیوەندیدارەکان بە گفتوگۆ، ئەو شوێنەی گفتوگۆکە تێدا ئەنجام دەدرێت، باری ئاو و هەوا، باری رامیاری، هەروەها هەموو ئەو شتانەی کاریگەریان هەیە لەسەر شێوازی ئاخاوتن لە کاتی گفتوگۆدا.

٣) كاریگەری دەقی ئاخاوتن( ڕووداوی گفتوگۆ یا شێوازی زمانی لای قسەکەر و گوێگر) لەسەر کرداری زمانی، وەك گریان ، پێکەنین، سوکایەتی کردن، پیشاندانی ژان و نارازی بوون. (یحیی عبابنە : ٢٠٠٥: ٣٨)

ئەم سێ خاڵەی سەرەوە لە شیکردنەوەی باری دەوروبەردا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، بەمەش (فێرث) توانی هەنگاوێك روانگەی زمانەوانی تایبەت بە لێکدانەوەی واتا، لە باری دەوروبەر، بەرەو پێشەوە ببات و توانی تیۆرە مرۆڤناسییەکەی مالینۆفسکی وردتربکاتەوە تا بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی، گونجاوتر و شیاوتر بن .(مهران مهاجر: ١٩٩٧: ٢٥)

## ١-٣ -١ -٢ پێکهاتە[١] و سیستەم[٢] لای فێرث:

(فێرث) پەیوەندیی ئاسۆیی(پێکەوە هاتن) و ستوونی(جێگیری)ی کە پێشتر لە لایەن (سۆسێر)ەوە پێشکەش کرا بوو، پەسەند کرد. (فێرث) ئاستەکانی زمان بەشێوەی کۆمەڵێ پەیوەندی کە لەسەر دوو هێڵی ئاسۆیی و ستوونین لە قەڵەم دەدات.گرنگی هەر دوو پەیوەندی؛واتە ئاسۆیی و ستوونی بە یەك ئەندازەیە. بە ڕای (فێرث) زاراوەی پێکهاتە و هەموو چەمکە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە پەیوەندیی ئاسۆیی و زاراوەی سیستەم هەموو چەمکە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە پەیوەندیی ستوونی کە لە نێوان ئەو یەکانەدا کە دەتوانن شوێنی یەکتر بگرن بەدی دەکرێ و بەهای ئەم یەکانە دیاری دەکرێت.(مهدی مشکوەالدینی: ٢٠٠٢: ١١٤) بەم پێیە پێکهاتە و سیستەم ڕۆڵێکی کارایان هەیە لە شیکردنەوەی واتادا.

کارکردنی زمان وەك کارکردنی ژمارەکانە لە دەزگای ژمارە نووسین دا. دەزگای ژمارە نووسین لەسەر بنەمای ئەم دوو پەیوەندییە کار دەکات، واتە لە پەیوەندیی ستوونیدا ١٠ هێمامان هەیە کە هەریەکەیان بەهای تایبەتی خۆی هەیە (٠، ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩)، دەتوانین بۆ دروستکردنی ژمارە ئەو هێمایانە ە کار بێنین لەدەزگای ژمارەدا.

---
(1) Structure
(2) System

تەوەرەی ئاسۆیی

| ئەوەی هەڵمان بژاردووە | ٧ | ٣ | ٩ | ٧ | ٢ |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەو ژمارانەی دەتوانین هەڵیان بژێرین | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ |
| | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٣ |
| | ٣ | ٤ | ٣ | ٣ | ٤ |
| | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ |
| | ٥ | ٦ | ٥ | ٥ | ٦ |
| | ٦ | ٧ | ٦ | ٦ | ٧ |
| | ٨ | ٨ | ٧ | ٨ | ٨ |
| | ٩ | ٩ | ٨ | ٩ | ٩ |

بۆ نموونە لە دروستکردنی ژمارەی (٢٧٩٣٧)بە هۆی پەیوەندی ستوونی هێماکانمان هەڵبژارد و بە پێی پەیوەندیی ئاسۆییش ئەم هێمایانەمان خستە پاڵ یەکتری.

وەك لێرەدا دیارە دەزگای ژمارە نووسین لەسەر سێ بنەما کاردەکات:

١- هەبوونی ١٠ نیشانەی جیاواز چ لە رووی شێوە چ لە رووی بەهاوە.(پەیوەندیی ستوونی)

٢- ریزکردن و تێکەڵ کردنی نیشانە جیاوازەکان لە ناو دەزگای ژمارە نووسین دا. (پەیوەندیی ئاسۆیی)

٣- دووبارە کردنەوەی نیشانەکان. (پەیوەندیی ئاسۆیی) (محمد رضا باطنی: ٢٠٠١: ٣٤)

لە زمانیشدا بەهەمان شێوە کۆمەڵێ نیشانە هەن کە لە رووی شێوە و بەهاوە جیاوازن و دەتوانین لە دوای یەکەوە ریزیان بکەین، تێکەڵیان بکەین، هەروەها توانای دووبارەبوونەوەیان هەیە. ئەگەر لە پەیوەندیی ئاسۆیی و ستوونی دا واتا بە لاوە بنێین زمان تووشی شێوان دەبێ و کۆمەڵێك دەربڕینی نارێزمانی دێنە ئاراوە، وەك:

کوڕەکان رۆیشت*

سەگەکە مرد*

راد (بێ مانایە )

لەبەر ئەم هۆیە لە پەیوەندیی ئاسۆیی و ستوونیدا دەبێ ڕەچاوی لایەنی واتایی بکرێت، بەم شێوەیە پێناسەیان دەکەین:

"پەیوەندیی واتایی ئاسۆیی: بریتییە لە پەیوەندیی سینتاکسی نێوان وشەکان و دەرکەوتن و گونجانیان لەگەڵ یەکتردا لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا بە شێوەی ئاسۆیی، واتە کام وشە لەگەڵ کام وشە دا دەچنە پاڵ یەکەوە.

پەیوەندیی واتایی ستوونی: بریتییە لە پەیوەندیی مۆرفۆلۆجی نێوان وشەکان و گۆڕینی وشەیەك بە وشەیەکی تر لە هەمان بیئەدا. لەسەر باری ستوونی بێ ئەوەی کار لە ڕستەکە بکات و واتاکەی بشێوێنێ".(طالب حسين على: ١٩٩٨: ٣٣ )

ئەم دوو پەیوەندییە لای (هاڵیدەی) بە تەوەرەی زنجیری[1] و تەوەرەی هەڵبژاردن[2] ناسراون کە زمان بە پێی ئەم دوو تەوەرە کاردەکات.

تەوەرەی زنجیری پیشاندەری ریزبوون یا بە دوای یەك دا هاتنی یەکە پێکهینەرەکانی زمانە لە یەك کاتدا. یەکە پێکهێنەرەکانی زمان ناچارن بەدوای یەك دا بێن لەبەر ئەوەی فۆنیمەکان یەك لە دوای یەك بە هۆی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دەردەبڕێن، ئەمەش زمان ناچار دەکات ڕەچاوی سیستەمی زنجیری بکات، چونکە دەربرینی دەنگەکان پەیوەستە بە تێپەڕبوونی کاتەوە( ئەگەر زمان بە شێوەی نووسین دەرکەوێ ئەم ریزبەندییەی سیستەمی نووسینی لە شوێن دایە. لەبەر ئەوەی پیتەکان یەك لە دوای یەك لە شوێنی تەنیشت یەك دادەنرێن) بەواتایەکی تر بۆ وتنی وشەیەك، ڕستە یاخود هەر پارچەیەکی تری زمان پێویستی بە تێپەڕ بوونی کات هەیە.

تەوەرەی هەڵبژاردن: لە هەر خاڵێکی هەڵبژاردندا قسەکەر توانای هەڵبژاردنی کۆمەڵێ ئەگەری هەڵبژاردنی هەیە کە تەنها یەکێکیان هەڵدەبژێرێ و لەسەر تەوەرەی زنجیری دادەنێ. ئەو تەوەرەی کە پیشاندەری ئەگەرەکانی هەڵبژاردنی جیاوازی قسەکەرە لە شوێنە جیاوازەکانی ئاخاوتن کە تەوەرەی هەڵبژاردنە.

---

(1) Chain axis یا Syntagmatic axis

(2) Choice axis یا Paradigmatic axis

لێرەدا دەبێ ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکرێت لەبارەی هەڵبژادنەوە ئەویش بەخورتی بوون یا بە ئارەزوویی بوونی هەڵبژاردنە، واتە دەتوانین لە بڕی ( ئازاد نانەکەی خوارد)، تەنها بڵێین ( خواردی)، لێرەدا دەرکەوتنی (ئازاد) و (نانەکە) بە ئارەزووە، لە هەمان کاتدا دەرکەوتنی بەشەکانی تر بە خورتییە. لە هەندێ شوێن دا هەڵبژاردن لە نێوان هەڵبژاردن یاخود هەڵنەبژاردندایە؛ واتە دەتوانین لەناو گروپێك شتێك هەڵبژێرین یا نا، کە لەم حاڵەتەدا Ø مان هەڵبژاردووە. ( محمد رضا باطنی : ٢٠٠١ : ٣٥-٤٠)

تەوەرەی زنجیری ( پەیوەندی ئاسۆیی)

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
|---|---|---|---|---|---|
| هەڵبژێردراوەکە | ئازاد | دوێنێ | نانەکە | ی | خوارد. |
| ئەوەی دەمانتوانی هەڵی بژێرین | تۆ | پێرێ | سیوەکە | م | کڕی. |
| | ئەو | ئەمرۆ | میوەکە | ت | فرۆشت. |
| | ئێمە | ........ | چێشتەکە | مان | هێنا. |
| | ئێوە | Ø | پارەکە | تان | برد. |
| | ئەوان | | چەکەکان | یان | دۆزییەوە. |
| | حەسەن | | ........ | | بزرکرد. |
| | ئەحمەد | | | | ........ |
| | ........ | | | | |
| | ژنەکە | | | | |
| | پیاوەکە | | | | |
| | ........ | | | | |
| | هەژارەکە | | | | |
| | ترسنۆکەکان | | | | |
| | ........ | | | | |
| | Ø | | | | |

تەوەرەی هەڵبژاردن (پەیوەندیی ستوونی)

دەتوانین هەریەك لەو وشانەی ستوونی یەکەم هەڵبژێرین و لەجێی (ئازاد)ی دابنێین، هەروەها دەتوانین بکەر وەکو وشەیەکی سەربەخۆ بۆ ڕستەکە دابنێین یاخود داینەنێین، بۆستوونەکانی تریش بەهەمان شێوە دەتوانین شوێنی وشەکان بگۆڕین، ئەگەر بکەرمان لە شێوەی Ø یا هەریەك لە ئەگەرەکانی دیکە هەڵبژارد، دەبێ بە خورتی یەکێ لە راناوە لکاوەکانی ستوونی چوارەم هەڵبژێرین، بەڵام ئەگەر Ø مان هەڵنەبژارد دەتوانین ناو ، ئاوەڵناو

یان راناوێك (کەسی یەکەم ، کەسی دووەم، کەسی سێیەم) کە هەر دەتوانین بە شێوەی تاك یان کۆ لە جیاتی (ئازاد) هەڵیانبژێرین، دەتوانین ئەگەرەکانی هەڵبژاردن بۆ ستوونی یەکەم لەم هێڵکارییەی[1] خوارەوەدا پیشان بدەین:




## ١-٣ -٢ پەیوەندیی ئاسۆیی و ستوونی لە قوتابخانەی لەندەن دا :

ئەم دوو پەیوەندییە لە قوتابخانەی لەندەن لە چوار ئاستدا کەڵکی لێوەردەگیرێ:

١- ئاستی دەنگ(فۆنۆلۆجی)

٢- ئاستی وشەکانی زمان

٣- ئاستی رێزمان

٤- ئاستی واتا

(ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی: ٢٠٠٣: ١٥-١٧)

---

[1] ئەم هێلکارییە بە دەستکارییەوە لە هێلکارییەکەی ( محمد رضا باطنی: ٢٠٠١ : ٤٠ ) وەرگیراوە بۆ ئەوەی لەگەڵ زمانی کوردی بگونجێ.

بەکورتی باس لەم پەیوەندییانە دەکەین لە هەریەك لەم ئاستانەی سەرەوە:

## ١- ئاستی دەنگ(فۆنۆلۆجی)

زمانەوانەکانی پێش (فێرث) هەوڵیان دەدا کە لەسەر هەر ئاستێك بە تەنها و سەربەخۆ لە ئاستەکانی تر لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن، بەڵام (فێرث) پاش وردبوونەوە لە دێتاکانی هەر ئاستێك لە ڕێگەی ئاستەکانی تر ئەو دێتایانەی شیدەکردەوە. ئەمە لە ئاستی دەنگ دا بە زەقی بەرچاو دەکەوێ.

لە ئاستی فۆنۆلۆجی دا پەیوەندیی ئاسۆیی (هاوڕێیەتی دەنگەکان) کاتێ دێتە ئاراوە کە فۆنیمەکان لە کاتی قسەکردن دەچنە پاڵ یەکتری و بەشداری پێکهێنانی یەکەی گەورەتر لە خۆیان دەکەن. وەك لە وشەی (دار)، فۆنیمەکانی /د/،/ا/، /ر/ لەگەڵ یەکتری بەکارهاتوون و بەشداری پێکهێنانی یەکەی گەورەتر، واتە وشەیان کردووە.

بە هۆی پەیوەندیی ستوونییەوە دەتوانین فۆنیمی تر لە جیاتی هەر یەك لە فۆنیمەکانی وشەکە دابنێین بە مەرجێك ڕەچاوی لایەنی واتایی بکەین، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت فۆنیمی تر لە جیاتی /د/ دابنێین تەنها دەتوانین ئەم فۆنیمانە بە کاربێنین ( /ب/، /پ/، /ت/، /چ/، /ج/، /خ/، /ز/، /ش/،/ك/، /م/، /ه/، /ی/) وەك لەم وشانەی زمانی کوردیدا دەرکەوتوون: (بار، پار، تار، چار، جار، خار، زار، شار، کار، مار، هار، یار) .

جگە لەو فۆنیمانەی لەسەرەوە باسمان کردن ناتوانین فۆنیمی تر هەڵبژێرین بۆ جێگیر کردنی لە جیاتی /د/ چونکە گۆڕانی واتا دەبێتە بەربەست لە پەیوەندیی ستوونی، بۆ نموونە ئەگەر لە وشەی (دار)، /ف/ لە جیاتی /د/ دانێین پێکهاتووە نوێیەکە بێ واتا دەبێ:

دار (واتاداره)

فار (دەربڕینێکی بێ واتایە)

پەیوەندیی ئاسۆیی زۆرجار دەبێتە هۆی دروست بوونی گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

خانوو + ەکە ← خانۆکە ( و+ە ← ۆ) (لێکدانی و+ە)
مامۆستا+ ەکە ← مامۆستاکە ( ا+ە ← ا) (سوانی ە)
مامۆستا+ ەکە ← مامۆستایەکە ( ا+ە ← ا) (زیادبوونی ناوبڕی ی)
کاك+ کەریم ← کاکەریم ( ك+ك ← ك) (سوانی یەکێ لە ك ەکان)

وەك لە نموونەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێ پەیوەندیی ئاسۆیی ڕێ نادات کە هەندێ لە فۆنیمەکان بکەونە تەنیشت یەکتریەوە، وەك ئەوەی کە نابێ لە زمانی کوردیدا دوو ڤاوڵ بکەونە تەنیشت یەکتری، ئەگەر ئەمە رووی دا یا ناوبڕێکیان لە نێوان زیاد دەکرێ یا یەکێ لە ڤاوڵەکان دەسوێ یاخود هەردووکیان دەگۆڕێن بۆ ڤاوڵێکی تر وەك لە وشەی (خانۆکە) بینیمان.

## ٢- ئاستی وشەکانی زمان

لە ئاستی وشەدا بیرۆکەی (هاوڕێیەتی) جێگەی بیری پەیوەندییە ئاسۆییەکان دەگرێتەوە (محمد محمد یونس: ١٩٩٣: ١٠٣) ئەگەر لە دەربڕینی وشەکان دا رەچاوی هاوڕێیەتی نەکرێت کەم وکوڕی لە لایەنی واتایی دا بەدی دەکرێت، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

بەفرە گەرمەکە
ژنی رەبەنەکە
شێتە عاقڵەکە
پشیلەکە نەڕاندی. *

ئەگەر هەندێ لەم نموونانە ورد ببینەوە دەبینین کە لۆجیك ئەمانە پەسند ناکات و نەگونجانێکی واتاییان تێدایە، چونکە رەچاوی هاوڕێیەتی نەکراوە. یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی بەفر ساردییە کەواتە بەفر و گەرمی نابنە هاوڕێی یەك. لە نموونەی دووەم بەزەقی نەگونجانێك بەدیار دەکەوێ، لە ئایینی مەسیحی بەو کەسە دەوترێت رەبەن کە ژیانی خۆی بۆ خوداپەرستی تەرخان کردووە و خێزان پێك ناهێنێ، کەواتە ژنهێنان و رەبەنایەتی هاوڕێی

یەکتر نین. لە نموونەی سێیەم دا بە هەمان شێوە نەگونجانی واتایی لە نێوان شێت و عاقڵ بەرچاو دەکەوێ، ئەگەر عاقڵە نابێتە شێت. لە نموونەی چوارەم دا کرداری (نەڕاندن) تایبەتە بە شێر نەك پشیلە، بۆ پشیلە میاواندن بەکار دێت کەواتە نەڕاندن و پشیلە هاوڕێی یەك نین.

لە خوارەوە هەندێ نموونە بۆ گونجان و هاوڕێیەتی نێوان وشەکانی زمان دەخەینە ڕوو:

سەگەکە تۆپی.
پشیلەکە میاواندی.
ژەهرە تاڵەکە

لە ئاستی وشەکانی زماندا پەیوەندیی ستوونیش ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ و وشەکان بە ڕەچاوکردنی هاوڕێیەتی دەتوانن شوێنی یەکتر بگرن. وەك:

| پەیوەندی ستوونی | | |
|---|---|---|
| ↓ | بەفرە | ساردەکە |
| | شەربەتە | 〃 |
| | ئاوە | 〃 |
| | ..... | |

### ٣- ئاستی ڕێزمان:

ڕێزمان هەردوو لایەنی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس دەگرێتە خۆی. لەم ئاستەدا بیرۆکەی ڕێکەوتن[1] شوێنی پەیوەندیی هاوڕێیەتی دەگرێتەوە وەك پەیوەندیی ئاسۆیی کاردەکات. ڕێکەوتن ئەو جۆرەیە لە دراوسێیەتیی کەرەستەکان کە تێیدا یەکێك لە کەرەستە دراوسێیەکان کاری ڕێزمانی لەسەر ئەویتر یان ئەوانی تر دەبێ و وایان لێ دێت کە هەمیشە پێکەوە دەبن(وریا عمر ئەمین: ١٩٨٦: ٧) بۆ نموونە کاری تێپەڕ پێویستی بە دوو توخم هەیە، بکەر و بەرکار، دەبێ هەموو کارێکی تێپەڕ ئەو دوو توخمەی لەگەڵ بێ و بکەر و بەرکارەکەش لەگەڵ کاری ڕستەکە بگونجێن. وەك:

---

(1) Colligation




کرداری خواردن کارێکی تێپەڕە و پێویستی بە هەردوو توخم هەیە، بەڵام دەبێ بکەرەکەی توانای خواردنی هەبێ و بەرکارەکەش بخورێت، واتا بکەر و بەرکارەکە لەگەڵ کار ڕێکەون.

ئەگەر هات و هەردوو توخمەکە لە کاتی رابردووی سادە دا لە شێوەی راناوی لکاودا دەرکەون، راناوی لکاوی خاوەنی ڕۆڵی بکەر دەگێرێ و راناوی لکاوی ڕێکەوتن دەبێتە بەرکار، لە کاتی رانەبردوو ئەمە پێچەوانە دەبێ و راناوی لکاوی خاوەنی ڕۆڵی بەرکار دەگێرێ و راناوی لکاوی ڕێکەوتن دەبێتە بکەر:




کاری تێنەپەڕ تەنها پێویستی بە یەك توخم هەیە، بە پێی پێویستی کارەکە یان بکەر وەردەگرێت یان بەرکار.

| | | | |
|---|---|---|---|
| رابردووی سادە | سووتا ین (تێنەپەڕی بەرکاری) | رانەبردوو | دە سووتێ ین |
| | ڕۆیشت ین (تێنەپەڕی بکەری) | (ئێستا) | دە ڕۆ ین |

ئەگەر لە جیاتی راناوی لکاوی ڕێکەوتن ، راناوی لکاوی خاوەنی بۆ ئەو کارانە دانێین لە ڕێکەوتن لامان داوە و ڕستەکان دەبنە نارێزمانی.

| | | | |
|---|---|---|---|
| رابردووی سادە | سوتا مان * <br> ڕۆیشت مان * | رانەبردوو <br> (ئێستا) | دە سوتێ مان* <br> دە ڕۆ مان* |

هەروەها ڕێکەوتنی ڕاناوی لکاوی ڕێکەوتن لەگەڵ بکەر لە کاری تێنەپەڕدا بەخورتییە کە دەبێ ڕەچاوی ئەم خاڵە بکرێت ئەگەر نا دەربڕینەکان دەبنە ناڕێزمانی وەك:

من هات م.

ئێمە هات م*

## ٤- ئاستی واتا:

هەموو ئاستەکانی زمان هاوکارن بۆ گەیاندنی واتا،دەنگەکان یەك دەگرن دەبن بە وشە و وشەکان بە پێی ڕێزمانی زمان دەستەواژە و ڕستە دروست دەکەن، کە هەموو پێکەوە واتایەك دەدەن بە دەستەوە، بۆیە ناکرێ واتا تەنیا لە ئاستی واتادا دابنرێ " هەرچەندە باری دەوروبەر پێویستە بۆ تێگەیشتنی واتا، بەڵام ڕێبازی ڤوتابخانەی لەندەن لای وایە کە ناکرێ واتا لە ئاستی واتاسازی پەنگ بخواتەوە" (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی: ٢٠٠٣: ١٧)

هەروەك لە سێ ئاستەکەی پێشوو دا بینیمان لە پەیوەندیی ئاسۆیی و ستوونیدا واتا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا، لە پەیوەندیی ئاسۆیی دا واتا بڕیاردەر بوو بۆ ئەوەی وشەکان بە پێی ڕێزمانی زمان بکەونە پاڵ یەك یا خود نا، هەروەها لە پەیوەندیی ستوونیدا فراوانی و تەسکی ئەو کێڵگانەی دەست نیشان دەکرا کە دەنگ و وشەکانمان تێدا هەڵدەبژارد و جێگۆڕکێمان پێدەکرد.

بەگشتی دەتوانین ئەم ڕۆڵانەی خوارەوە بۆ واتا دەست نیشان بکەین لە پەیوەندیی ئاسۆیی و ستوونیدا:

١- دەست نیشانکردنی فۆنیمەکانی زمان لە ڕێگەی گۆڕینی فۆنیمەکانەوە لە جووتۆکە (پەیوەندی ستوونی) وەك: گۆڕینی /ی/لە جیاتی /د/ لە وشەی (دار) کە وشەی (یار) دروست دەکات.

٢- پێکەوە هاتنی فۆنیمەکانی زمان (پەیوەندیی ئاسۆیی) وەك: /ك/، /و/، /ڕ/ لە وشەی کوڕ دا.

٣- دووبارە بوونەوە و شوێن گۆڕینی فۆنیمەکان (پەیوەندیی ئاسۆیی) وەك: دووبارە بوونەوەی /ك/ لە وشەی کاك، شوێن گۆڕینی /د/ لە (دار، کوردستان، بەرد)

٤- هاوڕێیەتی لە نێوان وشەکانی زمان (پەیوەندیی ئاسۆیی) وەك: بەفرە ساردەکە.

٥- گۆڕینی وشە هاورێیەکان (پەیوەندی ستوونی) وەك گۆڕینی بەفر بە ئاو لە نموونەی سەرەوەدا : ئاوە ساردەکە.

٦- رێکەوتن لە نێوان پێکهاتە رێزمانییەکاندا (پەیوەندیی ئاسۆیی) وەك : حەسەن نانەکەی خوارد.

٧- شوێن گۆڕینی کەرەستەکان  لە ناو کێلگەیەك دا (پەیوەندی ستوونی) وەك : گۆڕینی (حەسەن) بۆ (ئازاد) لە نموونەی پێشوودا، ئازاد نانەکەی خوارد.

## ١- ٤- رێزمانی سیستەمی[1] هالیدەی:

(فێرث) کارەکانی خۆی لە چوارچێوەی فۆنۆلۆجی و واتادا تەسك کردبۆوە، بەڵام پەیرەوکەرانی (فێرث) ئەم دوو لایەنەیان فراوانتر کرد و بەرەو لایەنی وشە و رێزمانیان برد. کارەکانی (فێرث) بە بەردی بناغەی رێزمانی سیستەمی دادەنرێن.

رێزمانی سیستەمی سەرەتای گەشەسەندنی دەگەڕێتەوە بۆ زمانەوانی بەریتانی (میشل هالیدەی)(لورینو تود:١٩٩٤ : ١٠٧)، ( هالیدەی ) کە ناوبانگی لە فێرث کەمتر نیە و بەناوبانگترین زمانەوانە کە خەریکی پەرەپێدانی بیروڕاکانی فێرث بووە، دەتوانین بڵێین تیۆری رێزمانی سیستەمی هاوبەشە لە نێوان فێرث و هالیدەی دا. ( یحیى عبابنە: ٢٠٠٥: ٥٣)

---

(1) Systemic grammar

ڕێزمانی سیستەمی یا ڕێزمانی سیستەمی ئەرکی[1] لەسەر بنەمای سیستەم و ئەرك دانراوە، هالیدەی بۆ دەوڵەمەند کردنی تیۆرەکەی، چەمکی پێکهاتە و سیستەمی لە فێرث وەرگرتووە.( مهران مهاجر: ۱۹۹۷: ۱٤-۱۸)

پێناسەی جۆراوجۆر بۆ زمان کراوە، هەر یەك لە زمانەوانەکان بەپێی ڕوانگەی تایبەتی خۆیان وەسفی لایەنێك لە زمان یا خود ئەرکی زمان دەکەن. هالیدەی لە ڕوانگەی ئەرکییەوە پێناسەی زمان دەکات.لە ڕێزمانی سیستەمی دا، ئەرکی زمان وەڵامدانەوەی دوو پێویستی سەرەکی ژیانی مرۆڤە: أ- پێویستی دەربڕینی بیروڕاکان و ب- پێویستی پەیوەندیکردن بە تاکەکانی کۆمەڵەوە، کەواتە زمان ئەرکێکی دوو لایەنەی هەیە. بەڕای هالیدەی هەردوو جۆری واتای بیر و واتای پەیوەندیکردن بە شێوەی ڕەمز لە زماندا دەردەکەون. ( گرادول: 1994: ۹۰)

ئەو ڕێزمانە سیستەمیەی هالیدەی پێشکەشی کردووە بریتییە لە تۆڕێکی مەزنی پەیوەندی بەیەکداچوو کە قسەکەری زمان کەرەستەکانی قسەکردنی تیادا هەڵدەبژێرێ و بە هۆیەوە پێویستیەکانی جێ بە جێ دەکات. (روبینز : ۲۰۰۳ : ٤٦٤)

چەمکی سەرەکی ئەم تیۆرە بریتییە لە وەی هەرکاتێ کە بۆ دەربڕین سوود لە زمان وەردەگیرێت ، گرنگ نییە چ بارودۆخێك بێ،قسەکەر بەردەوام کەرەستەکان هەڵدەبژێرێ و دەریان دەبڕێ، ئەم هەڵبژاردنانە ، هەڵبژاردنن لە کێڵگەی واتاییدا. (ابراهیم چنگی: ۲۰۰۵: ۵٤۹)

ڕێزمانی سیستەمی ئاراستەیەکە لە شیکردنەوەی ڕێزمان کە لەسەر بنەمای کۆمەڵێ سیستەم دانراوە، هالیدەی بەم شێوەیە پێناسەی سیستەم و ڕێزمان دەکات:

سیستەم بریتییە لە کۆمەڵێ هەڵبژاردن کە دەبێ ئەم مەرجەی تێدابێ : دەبێ هەر یەکە لە هەڵبژاردنەکان لەگەڵ هەندێ حاڵەتدا بگونجێن.

---

[1] Systemic-functional grammar

ڕێزمانی هەر زمانێك بریتییە لە تۆڕێك لە سیستەم، دەكرێ ڕێزمانی هەر زمانێك لە تۆڕێكی زۆر گەورەدا پیشان بدرێت و ڕێكخستنی هەڵبژاردەیەك لە یەك كاتدا بە پێی پەیوەندی پێكەوە هاتن و گونجانیان دەبێ. ( هاڵیدەی: ٢٠٠٦: ١٨٠)

هەرچەندە كارەكانی هاڵیدەی لە ڕێزمانی سیستەمی دا تەنها لە خانەی تیۆری دا بوو بەڵام لە دوای ئەو هەوادارانی لە رووی پراكتیك و پەل و پۆوە فراوانتریان كرد. (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی: ٢٠٠٣: ١٨)

# بەشی دووەم

# تیۆری کاتیگۆری و پێوانە

## بەشی دووەم : تیۆری کاتیگۆری و پێوانە

### ٢- ١- سەرەتا

لە ساڵی ١٩٦١ز (هاڵیدەی) کە مامۆستای زمانەوانی گشتی بوو لە زانکۆی لەندەن تیۆری کاتیگۆری و پێوانەی دانا کە یەکێکە لە تیۆرە کانی گشتی زمان و بوو بە بنەمای کاری زۆربەی زمانەوانانی بەریتانیا لە لێکۆڵینەوەکانیان دا. تیۆری کاتیگۆری و پێوانەی هاڵیدەی لە ئەمەریکا بە تیۆری کاتیگۆرییەکان[1] ناسراوە. ئەم تیۆرە دوو لایەن دەگرێتە خۆی:

یەکەم: لایەنی زمانی تیۆرەکەیە، لێرەدا هاڵیدەی باسی چۆنیەتی کارکردنی زمان دەکات، جگە لە پێکهاتەی ناوەوەی زمان ئاماژە بەو لایەنە دەرەکییانە دەکات کە کار لە زمان دەکەن، هەروەها پەیوەندی نێوان پێکهاتەی ناوەوەی زمان و لایەنە دەرەکییەکان دەست نیشان دەکات.

دووەم:لایەنی رێزمانی تیۆرەکەیە و تیایدا باسی کاتیگۆریو پێوانە دەکات، کاتیگۆرییەکەی دابەشی چوار جۆر(یەکە، رۆنان، پۆل، سیستەم) کردووە، پێوانەشی دابەشی سەر ئەم سێ جۆرە کردووە :(پێوانەی دەرکەوتە، پێوانەی وردی شیکردنەوە، پێوانەی پلەیی).

### ٢- ٢- روانگەی هاڵیدەی بۆ زمان بە پێی تیۆری کاتیگۆری و پێوانە :

هاڵیدەی لەو بەشە لە تیۆرەکەی دا کە باس لە زمان دەکات دەستنیشانی پێکهاتەی زمان و لایەنە دەرەکییەکان دەکات کە لە پەیوەندیی راستەوخۆدان لەگەڵ زماندا. گرنگترین لایەنی زمانی تیۆرەکەی هاڵیدەی چۆنیەتی کارکردنی زمانە کە لە لای زمانەوانەکان بە تیۆری گشتی زمان[2] ناسراوە کە باس لە هەموو لایەنەکانی زمان و چۆنیەتی کارکردنی دەکات.

---
(1) Categories
(2) General linguistic theory

## ٢- ٢- 1- هالێدەی و تیۆری گشتی زمان

له لای زمانەوانانی پاش (فێرث)، (هالێدەی) به دووەمین دامەزرێنەری قوتابخانەی زمانەوانی لەندەن دادەنرێت(عطا محمد موسی: ٢٠٠٢: ٣٠٥). تیۆری کاتیگۆری و پێوانەی (هالێدەی)، وەك خۆی ئاماژەی پێکردووە هەوڵدانە بۆ گەشەپێدانی بیرۆکەکەی (فێرث) لەبارەی زمانەوانییەوە(روبینز: ٢٠٠٣: ٤٦٣) (فێرث) له لێکۆڵینەوەکانی دا بەشێوەیەکی سەرەکی بایەخی به فۆنۆلۆجی و واتا داوە، بەڵام ئەوە له لای(هالێدەی) فراوان کراوە و وشەو رێزمانیشی گرتۆتەوە.

توێژینەوەی زمانەوانان ئەو راستییە دووپات دەکەنەوە که زمانەکانی جیهان له رووی فۆرم و پێکهاتەوە له یەکتری جیاوازن ، ئەمەش مانای ئەوە نییە که به تەواوی لێك جیاوازن، بەڵکو له هەندێ لایەنەوە وەکو یەکن. تیۆری گشتی زمان بریتییە له وەسفکردنی چۆنیەتی کارکردنی زمان، دانەرانی ئەم تیۆرە لەسەر ئەو باوەڕەن که بنەمای تیۆرەکەیان بۆ گشت زمانەکانی جیهان بگونجێت، تا ئەو کاتە ئەمە راستە بەڵام کاتێ زمانێك بدۆزرێتەوە لەگەڵ ئەم تیۆرە نەگونجێ ئەو کاتە گشتگیریی ئەم تیۆرە رەتدەکرێتەوە.

تیۆری کاتیگۆری وپێوانەی (هالێدەی) یەکێ له تیۆرە گشتیەکانی زمانە و به بەناوبانگترین تیۆری گشتی قوتابخانەی زمانەوانی بەریتانیا لەقەڵەم دەدرێت.(محمد رضا باطنی: ٢٠٠١: ١٣-١٤) هالێدەی بەو شێوەیەی که له خشتەی خوارەوەدا بەرچاو دەکەوێت لەم تیۆرەدا باس له چۆنیەتی کارکردنی زمان دەکات:




(روبینز: ۲۰۰۳: ٤٦٣) خشتەی ژمارە(۱)

## ۲- ۲- ۲- کەرەستە سەرەتاییەکانی زمان

زمان بریتییە لە جۆرێك هەڵسوکەوتی خاوەن ئۆلگۆ[1](طرح)ی مرۆڤ، یا گرنگترین شێوازە کە مرۆڤەکان بەهۆیەوە پەیوەندی بە یەکترەوە دەکەن لە باری کۆمەڵایەتی جیاوازدا. ڕەوشتی زمانی لە جۆرێك چالاکی فیزیکی پەیام گەیێن دێتە کایەوە و بە لای کەمەوە دەبێ وەرگرێکی هەبێ.(جی.سی.کت فورد: ۱۹۹۱: ۱٤)

سسیستەمی گەیاندن پێویستی بە نێرەر، وەرگر و کەناڵی گەیاندن هەیە بۆ گواستنەوەی پەیام. کەسەکان بە پێی کەناڵی گواستنەوە ناودەنرێن. ئەگەر کەرەستەی سەرەتایی دەنگ بوو، و بە کەناڵی دەنگی پەیام بگوازرێتەوە نێرەر دەبێتە قسەکەر و وەرگر دەبێتە گوێگر، ئەگەر کەرەستەی سەرەتایی گرافیم بێ و لە ڕێی کەناڵی نووسینەوە پەیامەکە بگوازرێتەوە لەم حاڵەتەدا نێرەر نووسەرە و وەرگر خوێنەر.

---
(1) Patterned

ئەگەر کەرەستەی سەرەتایی زمان دەنگ بێ، بە کەرەستەی دەنگی ناو دەبرێت. کەرەستەی دەنگی لە رووی فیزیکییەوە بریتییە لە شەپۆلی وزە. ئەگەر کەرەستەی سەرەتایی لە شێوەی گرافیم بێ، کەرەستەی سەرەتایی نووسین لەرووی فیزیکییەوە بریتییە لە هێمای بینراو کە لەسەر کاغەز یا خود شتی تر دەنەخشێنرێ. هەردوو کەرەستەکە دیاردەی فیزیکین، بۆیە دەوترێ لە دەرەوەی زمانن بەڵام پەیوەستن بە زمانەوە. (محمد رضا باطنی : ۲۰۰۱: ۲۱-۲۲)

جگە لەم دوو کەناڵە کە لەسەرەوە باسمان کردن هەندێ جار پەیام لە رێگەی نازمانی دەگوازرێتەوە وەك: هێماکانی هاتوچوو، زمانی کەڕولاڵەکان، هەروەها جووڵەی دەست و ئاماژەکانی دەم و چاو ... هتد کە ئەمانە بە کەرەستەی سەرەتایی زمان دانانرێن.

## ٢- ٢- ٣- دەزگای دەنگی( فۆنۆلۆجی )

دەزگای دەنگی بریتییە لە جیاکردنەوەی سیمای جیاکەرەوە[1]ی کەرەستەی دەنگی و رێکخستنیان لە تۆڕ یا دەزگایەك. تەنها هەندێ لە تایبەتییەکانی دەنگ لە زمان دا خاوەن ئەرکی واتایین، واتە بە هۆیانەوە واتای وشە دەگۆڕێ، بۆیە بە سیمای جیاکەرەوە ناویان دەبەین (سەرچاوەی پێشوو: ۲۲)

سیمای جیاکەرەوە هەموو ئەو دەنگانە جیا دەکاتەوە کە گرنگیان هەیە لە زمانێکدا (فۆنێمەکانی زمانێك) هەر ئەم سێ سیمایەشە کە گوێیان پێ دەدرێت لە فێرکردنی زمانێکدا و هەموو سیماکانی تر دەخرێتە پشت گوێ. ( محمد معروف فتاح: ۱۹۹۰: ۵۷)

ئەگەر داوا لە دوو دانیشتووی شاری هەولێر بکەین کە (لە زۆر تایبەتمەندی دا لەیەك دەچن) ڕستەیەکی دیاریکراو گۆ بکەن، بۆ نموونە بڵێن " هەولێر پایتەختی کوردستانە" دەبینین کە دەربرینی ئەو دوو کەسە لە رووی فیزیکیەوە سەداسەد وەکو یەك نییە، تەنانەت ئەگەر یەکێکیان چەند جارێك ڕستەکە دەربڕێ هەرجارە تایبەتمەندییە فیزیکییەکانی دەنگ لەگەڵ جاری پێشوو جیاوازە. لەگەڵ ئەو جیاوازییە فیزیکیانەی بەرچاومان کەوت هەرجارێ

---
(1) Distinctive feature

کە ڕستەکە لە لایەن دوو کەسەکە یاخود دووبارەکردنەوەی ڕستەکەوە لە لایەن یەکێکیانەوە دەربڕا، تەنها یەك واتامان پێ دەگەیەنێ و ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە گۆکردنەوەکاندا رەچاوی سیمای جیاکەرەوەکان کراوە، بەڵام تایبەتمەندییەکانی تر گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە کە ئەمانە بەرپرس نین لە گۆڕینی واتا.

یەکەی فۆنۆلۆجی (فۆنیم)ە، فۆنیم بریتییە لە بچووکترین یەکەی دەنگی کە جیاوازی واتایی لە نێوان وشەکانی زماندا دروست دەکات.(ابراهیم چنگی: ٢٠٠٥: ٤٠٨)فۆنیمەکانی زمان بە هۆی جووتۆکە دەستنیشان دەکرێن، جووتۆکە[1] بریتییە لە دوو وشە کە هەموو فۆنێمە بەژداربووەکانی جگە لە یەکێکیان وەکو یەك بێ و فۆنێمە هاوشێوەکان لە یەك شوێن بن لە هەردوو وشەکەدا (جورج یول: ١٩٩٨: ٧٠)وەك:

بار – پار

| فۆنێم | لەرینەوەی تاڵە ژێکان | |
|---|---|---|
| | گڕ | کپ |
| /ب/ | + | – |
| /پ/ | – | + |

خشتەی ژمارە(٢)

لە بەر ئەوەی هەر دوو فۆنێمی /ا، ر/ لەو دوو وشەیەدا هاوبەشە، جیاوازی واتایی نێوان ئەم دوو وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ فۆنێمەکانی /ب/ و /پ/. لەرووی سازگەوە /ب/ و /پ/ بە تەواوی وەکو یەکن تەنها جیاوازی نێوان ئەم دوو فۆنێمە ئەوەیە کە لە کاتی گۆکردنی /ب/ تاڵە باریکەکانی ژێ دەلەرێنەوە و دەبێتە فۆنیمێکی گڕ[2]و لە /پ/دا تاڵە باریکەکانی ژێ نالەرێنەوە بۆیە فۆنیمێکی کپە[3]. لەرینەوەی تاڵە باریکەکانی ژێ لە بەرامبەر نەلەرینەوەیان سیمایەکی جیاکەرەوەی دەنگییە کە جیاوازی لە نێوان فۆنیمە گڕ و کپەکان دا دروست دەکات،

(1) Minimal pairs and sets
(2) Voiced
(3) Voiceless

لێرە دا دەبێتە خاڵی جیاوازی /ب/ و /پ/ کە هەردوو وشەی بار و پار لە رووی واتاییەوە لێك جیا دەکاتەوە.

گڕی و کپی تەنها سیمای جیاکەرەوە نین بۆ فۆنێمەکانی زمانی کوردی، چونکە ناتوانن لە نێوان فۆنێمەکانی هەر کۆمەڵێك فۆنێمەکان لێك جیا کەنەوە بۆ نموونە /ب/ و /ز/ لەم وشانەی خوارەوە:

بار – زار

لە بەر ئەوەی هەر دوو فۆنێمی /ا، ر/ لەم دوو وشەیەدا هاوبەشن و جیاوازییەکە لە نێوان/ب/ و /ز/ە، ئەم دوو فۆنێمە هەردووکیان گڕن،جیاوازی ئەم دوو فۆنێمە چۆنیەتی گۆکردنیانە. لە کاتی گۆکردنی فۆنیمی /ب/ هەوا بە تەوژمەوە دێتە دەرەوە، بەڵام لە /ز/ دا هەوا بە خشکەوە دێتە دەرەوە.

خشتەی ژمارە(٣)

| فۆنێم | چۆنیەتی گۆکردن | |
|---|---|---|
| | تەوژمۆك | خشۆك |
| /ب/ | + | – |
| /ز/ | – | + |

لە هەندێ فۆنێم دا ناتوانین بە هۆی ئەم سیما جیاکەرەوانەی پێشووەوە فۆنیمەکان لێك جیابکەینەوە ، دەتوانین ئاماژە بە تایبەتمەندییەکی تر بکەین کە بە هۆیەوە فۆنیمەکانی زمان لێك جیا دەکرێنەوە، ئەویش سازگەی دەنگەکانە. بۆ نموونە لەم وشانەدا:

پار – تار

بار - دار

هەردوو فۆنێمی /پ/ و /ت/ هەم کپن هەم وەستاو ، /پ/ فۆنێمێکی جووت لێویە، و هەردوو لێو ڕێی هەوا دەگرن ولە ناکاو بەرەڵای دەکەن، بەڵام /ت/ فۆنێمێکی ددانیە کە سەری زمان بەر ددانەکان دەکەوێ./ب/ و/د/ هەردووکیان گڕن و وەستاون، بەڵام /ب/ جووت لێوییە و /د/ ددانییە.

خشتەی ژمارە(٤)

| فۆنێم | لەرینەوەی تاڵە ژێکان | | چۆنیەتی گۆکردن | سازگەی دەنگەکان | |
|---|---|---|---|---|---|
| | گڕ | کپ | وەستاو | جووت لێوی | ددانی |
| /پ/ | − | + | + | + | − |
| /ت/ | − | + | + | − | + |
| /ب/ | + | − | + | + | − |
| /د/ | + | − | + | − | + |

دەنگەکانی زمان لە ڕووی چۆنیەتی هاتنە دەرەوەی هەوا دابەشی دوو جۆر دەبن:کۆنسۆنانت[١] و ڤاوڵ[٢].

کۆنسۆنانت: ئەو دەنگانەی زمانن کە لە کاتی گۆکردنیاندا بەربەستێك لە ڕێی ئەو هەوایە دروست دەبێ کە لە سییەکانەوە دێتە دەرەوە.

ڤاوڵ: ئەو دەنگانەی زمانن کە لە کاتی گۆ کردنیاندا بە هیچ شێوەیەك ڕێ لە دەرچوونی هەوا ناگیرێت و لە کاتی گۆکردنیان تاڵە باریکەکانی ژێ دەلەرێنەوە.

بە هۆی ئەم سێ سیما جیاکەرەوەیە دەتوانین کۆنسۆنانتەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیەی خوارەوە لێك جیا بکەینەوە :

---

(1) Consonant
(2 ) Vowel

| چۆنیەتی / شوێن | | جووت لێوی | لێوی و ددانی | ددانی | ددانی و مەلاشوویی | پدوی | نێوان پدو و مەلاشو | لێوی و مەلاشوویی | مەلاشووە نەرمە | پاش مەلاشووە نەرمە | پشت زمانە بچۆلە | گەروویی | قوڕگی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| وەستاو | [illegible] | پ | | ت | | | | | ک | | ق | | |
| | [illegible] | ب | | د | | | | | گ | | | | |
| دوولایەن | [illegible] | | | | | | چ | | | | | | |
| | [illegible] | | | | | | ج | | | | | | |
| خشۆک | [illegible] | | ف | | س | | | ش | | خ | | ح | ه |
| | [illegible] | | ڤ | | ز | | | ژ | | غ | | | |
| لووتی | | م | | | | ن | | | | | | | |
| لەترەل | | | | | | ل | ڵ | | | | | | |
| سوک | | | | | | ر | | | | | | | |
| ترایەل | | | | | | | | ڕ | | | | | |
| نیمچە کۆنسونانت | | و (w) | | | | | ی(y) | | | | | | |

**خشتەی ژمارە(٥)** **(عبدالمجيد رشيد احمد : ٢٠٠٥)**

**دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە هەر دوو فۆنیمی /و/ و/ی/ کە لە بنەرەتدا ڤاوڵن بەڵام ئەگەر کەوتنە سەرەتای برگە یان تەنیشت ڤاوڵێکی ترەوە دەبنە نیمچە کۆنسۆنانت. سازگە و چۆنیەتی گۆکردنی ئەم نیمچە کۆنسونانتانە لە خشتەی سەرەوەدا پیشاندراوە. سیمای جیاکەرەوەی ڤاوڵەکانی زمانی کوردی بریتین لە سازگەو چۆنیەتی جووڵەی زمان، ڤاوڵەکانی زمانی کوردی بریتین لەمانەی خوارەوە:**




**خشتەی ژمارە(٦)**

ئەو تایبەتمەندییە دەنگییانەی لە رووی فیزیکییەوە جیاوازن، بەڵام ناتوانن جیاوازی واتایی دروست بکەن چونکە تایبەتمەندی جیاکەرەوەیان تێدا نییە، ئەمانە ئەلۆفۆنن. (محمد رضا باطنی: ٢٦: ٢٠٠١) ئەلۆفۆن بریتییە لە دەربڕینی راستەقینەی فۆنیم لە دەوروبەری جیاوازدا.(Victoria from kin:2002: 283) بۆ نموونە:

/b/ — [b] /—— # [**b**a:] بەرەڵا □ با□

[b̥$^6$] /—— $c_{vl}$ [kəba:**b̥$^6$**xa:nə] بەستراوی نیمچە کپ □ کەبابخانە□

[b$^6$] /—— $c_{vd}$ [**b$^6$**ra] بەستراوی نیمچە گڕ □ برا□

[b] و [b̥$^6$] و [b$^6$] ئەلۆفۆنەکانی /b/ ن. (عبدالمجید رشید احمد : ٢٠٠٥)

وەك لە سەرەوە بینیمان هەموو تایبەتمەندییە فیزیکییەکانی دەنگ ئەرکی جیا کەرەوەیان نییە. دەزگای دەنگی زمان بۆ جیاکردنەوەی سیما جیاکەرەوەکانی کەرەستەی دەنگی و رێکخستنیان لە تۆڕێك کە بە شێوەی کارەکی بۆ دەرخستنی وشە و کاتیگۆرییە رێزمانیەکانی زمان بەکار دێت. (محمد رضا باطنی : ٢٠٠١: ٢٢)

## ٢- ٢- ٤- دەزگای نووسین

دەزگای نووسین بریتییە لە یەکە فۆرمییەکان کە کەرەستەی نووسینی تێدا رێك دەخرێت و بەزۆری وەکو دەرکەوتەی شێوەی رێزمانی یا وشەیی، کار دەکات. (جی.سی. کت فۆرد:١٩٩١: ١٨)

هەموو ئەو شتانەی لەبارەی دەنگەوە وەکو کەرەستەی سەرەتایی دەزگای دەنگی (فۆنۆلۆجی) وتران بۆ هێمای بینراو، وەك کەرەستەی سەرەتایی دەزگای نووسین دەگونجێن. بە هەمان شێوە چون قسەکەرانی زمانێکی تایبەتی لە رووی وردەکاری فیزیکی ئەو دەنگانەوە لە ئاخاوتندا بەکاری دەهێنن جیاوازیان هەیە، لە وردەکاری فیزیکی نووسینیش جیاوازیان هەیە، جیاوازی دەستنووسی (دەست خەتی) کەسەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەمە. هەرچەندە کە لە

دەستنووسی تاکەکاندا جیاوازی بەرچاو دەکەوێ، بەڵام بەزۆری دەتوانین دەستنووسی یەکتری بخوێنینەوە، ئەمەش تا ئەو رادەیە دەبێ کە نەبنە سیمای جیاکەرەوە.

بۆ نموونە ( . ) یەکێ لە سیما جیاکەرەوەکانە کە لە دەزگای نووسیندا (لە رێنوسی عەرەبی بۆ زمانی کوردی) بۆ جیاکردنەوەی گرافیمەکان لە یەکتری سوودی لێوەردەگیرێ، بوون یان نەبوونی، ژمارەی، شوێنی لە سەرەوە یا خوارەوە دەبێتە هۆی جیاوازی لە نێوان گرافیمەکاندا. وەك لەمانەی خوارەوەدا بەرچاو دەکەوێ:

( ر ، ز ، ژ ) ، ( س ، ش ) ، ( ف ، ڤ، ڨ ) ، ( ب ، یـ ، پ ،نـ ، ت ) ، ( ح ، ج ، خ ، چ ) ، ( غ ، ع )

هەروەها( ⁄ ) سیما جیاکەرەوەیەکی ترە لە دەزگای نووسینی زمانی کوردیدا وەك لە گرافیمەکانی خوارەوەدا دەبینرێت:

( ك ، گ )

بوون یا نەبوونی نیشانەی قەڵەوی یان کراوەیی(ˇ) لەسەرەوە یا خود (ـ̬) لە خوارەوەی گرافیمەکان دەبێتە سیمایەکی تری جیاکەرەوەیان، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

( ل ، ڵ ) ، ( ر ، ڕ ) ، ( و ، ۆ ) ، ( ی، ێ ).

گرافیمەکانی تر شێوەیان جیاوازە و هاوشێوەی فۆنێمەکانی تر نیە، بۆیە پێویستی بە سیمای جیاکەرەوە نیە بۆ جیاکردنەوەیان لە گرافیمەکانی تر وەك ئەمانەی خوارەوە:

(، ھ ، م ، وو ، ا ، ە )

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی دەزگای نووسینی زمانی کوردی ئەوەیە کە وشە چۆن گۆ دەکرێت بە هەمان شێوە دەنوسرێت، بەڵام لە زمانی فارسی و ئینگلیزیدا وا نییە، بۆ نموونە :

فارسی: خواستن / xa:stən/ زمانی ئینگلیزی :/know /nəʊ

تەنها فۆنیمێکی زمانی کوردی کە لە ڕێنووسی عەرەبی دا گرافیمی نییە و هێمای بۆ دانەنراوە، بەڵام لە دەزگای فۆنۆلۆجی دا بوونی هەیە، فۆنێمی بزرۆکەیە کە لە ڕێنووسی لاتینی دا خاوەنی هێمای تایبەتی خۆیەتی.دەتوانین بڵێین لە کۆمەڵەیەکی داخراو بوونی یەك بۆشایی هیچ گرفتێك ناهێنێتە ئاراوە.

ئەو هێڵەی کە لە خشتەکەدا لە دەزگای نووسین بەرەو فۆنۆلۆجی چووە بە واتای ئەوەیە کە کەم و زۆر دەزگای نووسین نوێنەری دەزگای فۆنۆلۆجییە لە زماندا. لە هیچ زمانێکدا نووسین نوێنەری سەداسەدی واقیعی نییە بۆ دەزگای دەنگی. (محمد رضا باطنی: ٢٠٠١: ٢٩)

## ٢- ٢- ٥- ڕێزمان و وشە

ڕێزمان بریتییە لە پەسەندکردنی پێکهاتەی زمان و شێوەی ریزبوونی کەرەستەکانی زمان وەکو وشە و گرێیەکان بۆ دروستکردنی ڕستە. ڕێزمان بە زۆری باسی واتا و ئەرکەکانی ڕستە دەکات لە سیستەمی گشتی زماندا.(ابراهیم چنگی:٢٠٠٥: ٢٤١) ڕێزمان پێکهاتووە لە سیستەمێکی داخراو کە سوودێکی زۆری لێوەردەگیرێت بۆ هەڵبژاردنی کەرەستە جێگرەکان لە پەیوەندیی ستوونیدا و دەچێتە لایەنی فۆرمی زمانەوە.

سیستەمی داخراوی ڕێزمان وەکو ڕاناوە کەسییە سەربەخۆکان:

| | |
|---|---|
| من ............ کەسی یەکەمی تاك | ئێمە ............ کەسی یەکەمی کۆ |
| تۆ ............ کەسی دووەمی تاك | ئێوە ............ کەسی دووەمی کۆ |
| ئەو ........... کەسی سێیەمی تاك | ئەوان ........... کەسی سێیەمی کۆ |

لەو کۆمەڵە داخراوە سنووری هەڵبژاردنی جێگرەکان لە ئاستی ستوونی دا تەسکە و تەنها دەتوانین یەکێ لەم هەڵبژاردنانە لە جێی کەرەستەیەکەی دیکە دابنێین کە دەتوانێ ڕاناو، ناو یا گرێیەکی ناوی بێ.

لێکسیك بەشێکە لە لایەنی فۆرمی زمان کە لە سیستەمی کراوەدا کاردەکات. سیستەمی کراوە، لە لێکسیکەکان دەزگا دروست ناکات ، بەڵام لە پەیوەندیی ستوونیدا هەڵبژاردن بەرچاودەکەوێ (محمد رضا باطنی: ٢٠٠١: ٣٠).

هەڵبژاردن سنوورێکی بەر فراوانی هەیە لە لێکسیك و تا ئەو سنوورەی کە پێکەوە هاتنی لێکسیکەکان رێی پێبدات دەتوانێ کەرەستەی نوێ هەڵبژێرێت و جێگیری بکات.

وەك: قوتابییەکە هات.

لە جیاتی قوتابی دەتوانین ئەم هەڵبژاردنانە دانێین:

١- ناو وەك: حەسەن هات. ئازاد، مامۆستاکە، وەرزشەوانەکە ...هتد.

٢- گرێی ناوی وەك: کورە چاوشینەکە هات. پیرەمێرد، نەخۆشەکە ، ...هتد

٣- راناو : ئەو هات.

## ٢- ٢- ٦- پەیوەندی دەزگای دەنگی و نووسین بە رێزمان

دەنگ و گرافیم کەرەستەی سەرەتایی زمانن کە لە رێگەی دەزگای دەنگی و دەزگای نووسینەوە کاردەکەن ، ئەم دوو دەزگایە بەیەکەوە کاردەکەن بە مەبەستی پێکهێنانی لێکسیك و کارکردنی وشەکان لە رێزمانی زمان دا.

سیما جیاکەرەوەکان کە لە دەزگای دەنگی و نووسین رێکدەخرێن بۆ دەرخستنی نموونە رێزمانی و لێکسیکیەکانی زمان ، یاخود بە دەربڕینێکی تر نموونەکانی رێزمانی و لێکسیکی زمان لە رێی ئەم دەزگایەوە لە شێوەی دەنگ لە ئاخاوتن و گرافیم لە نوسراو دا دەردەکەون.

ئەو دوو هێڵەی لە خشتەی ژمارە (١)دا لە فۆنۆلۆجی ودەزگای نووسین بەرەو رێزمان و لێکسیك هاتوون، ئەم راستییە دووپات دەکەنەوە کە لێکسیك و رێزمانی هەموو زمانێك بە هۆی کەرەستە سەرەتاییەکانیەوە پیشان دەدرێت و پەیوەندی نێوانیان نواندنە.



خشتەی ژمارە(٧)

## ٢- ٢- ٧- دەوروبەر

دەوروبەر بریتییە لە پێش یا دوای وشە، گرێ، وتار یا دەق کە یارمەتی تێگەیشتنی مانایەکی تایبەتی وشە، گرێ، ...هتد دەدات. هەروەها دەکرێ مەبەست لە دەوروبەر بارێکی کۆمەڵایەتی فراوانتر بێ کە یەکەی زمانی تێدا بەکار دێت. (ابراهیم چنگی: ٢٠٠٥: ١٢٣) یا بە واتایەکی تر بریتییە لە تۆڕێکی پەیوەندی نێوان فۆرم (رێزمان و لێکسیك) و جیهانی دەرەوە کە لە حەقیقەتدا واتای دەرەکی زمان پێك دەهێنێ. دەوروبەر لای زمانەوانان بە چەند شێوەیەك دابەش کراوە:

(جۆرج یول) دەوروبەری دابەشی دووجۆر کردووە:

أ) دەوروبەری زمانی[١]

ب) دەوروبەری فیزیکی[٢]

ئەم دابەش کردنەی (یول) هەموو دەوروبەرێك ناگرێتەوە، (یول) تەنها باسی دەوروبەری زمانی و فیزیکی دەکات لە کاتێك دا گرنگترین جۆری دەوروبەر کە باری دەوروبەرە پشت گوێ دەخات.

دەوروبەر لای (فێرث) دابەشی ئەم دوو جۆرە دەبێ:

أ) دەوروبەری زمانی

ب) باری دەوروبەر[٣]

ئەو پێناسەیەی لەسەرەوە بۆ دەوروبەر کراوە زیاتر لەگەڵ دابەشکردنی (فێرث) دەگونجێ نەك دابەشکردنەکەی (یۆل)، دابەشکردنەکەی (فێرث) گشتییە و دەتوانین بڵێین هەموو

---

(1) Linguistic context
(2) Physical context
(3) Context of situation

دەوروبەرێك دەگرێتە خۆی چ دەوروبەری زمانی بێ چ نازمانی. بە پێی کاریگەر بوونی (هاڵیدەی) بە (فێرث) جۆری دابەشکردنی دەوروبەر  لای هەردووکیان هەمان دابەشکردنە.

ڕووداو، شت و دیاردەکانی جیهانی دەرەوە و تێگەیشتنمان لەبارەیانەوە کە بەشێوەیەکی گشتی پێیان دەوترێ دەوروبەر، زۆر ئاڵۆزن و خاوەنی سیما و تایبەتمەندی زۆرن. کاتێ باسی ڕووداوێك دەکەین، ئاماژە بە هەموو سیما و تایبەتمەندییەکانی دەوروبەر ناکەین، بەڵکو هەندێ سیمای یەکێ لە دیاردەکان هەڵدەبژێرین و ئەوانیتر پشت گوێ دەخەین.

هەموو زمانێك هەندێ لە سیماکانی دەوروبەر هەڵدەبژێریت و قسەکەر ناچارە کە ئاماژەیان بۆ بکات.هیچ زمانێك نییە کە هەموو سیما جیاکەرەوەکانی دیاری بکات و لە ڕستەیەك دا باسی هەموویان بکات، بەڵام زمانە جیاوازەکان، سیمای جاکەرەوەی جیاواز لە دەوروبەر بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن. بۆ نموونە لە زمانی عەرەبی دا بە وشەی جیاواز یا خود بە هۆی ( ة ) ی مێینە ڕەگەزی کەس و شتەکان دیاری دەکرێت و بە هۆی زمانەکەوە، ڕەگەزی قسەکەر و ڕەگەزی ئەو کەسەی باسی دەکات دیاری دەکرێت. بۆ نموونە:

ڕاناوی سەربەخۆ بۆ کەسی سێیەمی تاك:
- زمانی کوردی ئەو  (بۆ هەر دوو ڕەگەز)
- زمانی عەرەبی
  - هو ( بۆ نێر)
  - هی ( بۆ مێ)

نموونەی تر بۆ سیما جیاکەرەوەکان:  (هاتن.) ڕستەیەکی زمانی کوردی کە بەرامبەر بە دوو ڕستەی زمانی فارسی دەوستێ :

| کوردی | فارسی |
| --- | --- |
| هاتن. (کەسی دووەم و سێیەمی کۆ) | آمدید. (کەسی دووەمی کۆ ) |
| | آمدند. (کەسی سێیەمی کۆ) |

له زمانی کوردیدا جیاکردنەوەی راناوی لکاوی ڕێکەوتن بۆ کەسی دووەم و سێیەمی کۆ تەنها (ن) ە و زمانی کوردی گرنگی نەداوە بە جیاکردنەوەی راناوی لکاوی ڕێکەوتن بۆ کەسی دووەم و سێیەمی کۆ، بەڵام لە زمانی فارسیدا ئەمە سیمایەکی جیاکەرەوەیە و قسەکەر دەبێ ئەم دوو کەسە لێك جیاکاتەوە. ئەم سیما جیاکەرەوانە واتای دەرەکی زمان پێکدێنن. بەپێی ئەم تیۆرە واتا دابەشی دوو جۆر دەبێ :

١- واتای فۆرمی

٢- واتای دەرەکی (دەوروبەر) (محمد رضا باطنی: ٢٠٠١: ٣٠- ٣١)

واتای دەرەکی بریتییە لەو زانیارییانەی کە دەوروبەر دەماندات (احمد ابو محمود: ٢٠٠٤: ١١٨)،بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەمە ڕستەی (دەهاتی.) دەگەینە نموونە. ئەم ڕستەیە لەرووی کەرەستەی دەنگییەوە لە شەپۆلی وزەیی جیاواز دروست بووە. لە فۆنۆلۆجی دا ئەم شەپۆلانەی وزە دابەشی ئەم یەکانە دەبن: /د، ە، ه، ا، ت، ی/ . ئەم فۆنێمانە بەسەر یەکەوە ڕستە دروست دەکەن. ئەم ڕستەیە دابەشی کەرەستەی ڕێزمانی و لێکسیکی دەبێ: ( دە + ها+ ت+ ی )، (دە + ت+ ی) یەکەی ڕێزمانین و سەر بە سیستەمێکی داخراون و لە نێوان دەزگاکانی ڕێزمانی هەڵبژێردراون لە کاتێکدا (ها) یەکەیەکی سیستەمی کراوەی لێکسیکیە. ئەم تۆرە ڕێزمانی و لێکسیکیە ئاماژە بۆ ڕووداوێك دەکات لە دەوروبەردا، ئەم ڕستەیە کۆمەڵێ زانیاریمان دەداتێ:

١- ئەو کەسەی هاتووە، یەك نەفەرە.

٢- ئەو کەسەی هاتووە گوێگرە، واتە کەسی دووەمی تاکە، نە کەسی یەکەمە و نە کەسی سێیەمە.

٣- ئەو کردارەی ئەنجام دراوە، لە شوێنێکی دوور بۆ شوێنێکی نزیك بووە.

٤- ماوەی ئەنجامدانی کارەکە لە رابردووەوەیە و کارەکە بەردەوام لە ڕوودان بووە.

ئەم ڕستەیە لە جیهانی دەرەوەدا تایبەتمەندی زیاتری هەیە لەو چەند خاڵەی لەسەرەوە باسمان کردن، بەڵام قسەکەر ئەم سیمایانەی هەڵبژاردووە و تایبەتییەکانی تری پشت گوێ خستووە. جگە لەو زانیارییانەی ڕستەکە بە ئێمەی داوە هیچ زانیارییەکی دیکەمان نییە لەبارەی دیاردەکە، بۆ نموونە: نازانین ئەو کەسەی هاتووە کچە یان کوڕە، ژنە یان پیاوە، لە چ

تەمەنێکدایە، ئاستی رۆشنبیری چەندە، شێوە و روخساری چۆنە، بە پێ هاتووە یا بە ئۆتۆمبێل، چ پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە؟ ...هتد هەموو ئەوشتانەی کە لە ڕستەکە ئاماژەی بۆ نەکراوە دەچنە خانەی واتای دەرەکی.

کاتێ وشە و ڕستەکان بە دەوروبەرەوە دەبەستینەوە ئەوا وشە و ڕستەکان واتای فەرهەنگی خۆیان وندەکەن و بە پێی دەوروبەر واتای خۆیان وەردەگرن ( عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠٠٥: ٨١). بۆ نموونە وشەی (رەگ) دەکەینە نموونە، بە پێی بەکارهێنانی لە دەوروبەری جیاوازدا واتای جیاواز بە دەستەوە دەدات:

(ڕەگ) ئەگەر لە لای جوتیارێك بە کاربێت = ڕەگی دار و درەخت.

(ڕەگ) ئەگەر لە لای زمانەوانێك بە کاربێت=ڕەگی چاوگ، ڕەگی رابردوو و رانەبردوو..هتد

(ڕەگ) ئەگەر لە وانەی بیرکاری بە کاربێت = ڕەگی ژمارە، وەکو : رەگی٤ دەبێتە٢. ($\mathbf{2}=\sqrt{4}$)

(ڕەگ) ئەگەر لە لای پزیشکی ددان بە کاربێت = ڕەگی ددان.

## ٢- ٢- ٨- واتای فۆرمی

واتای فۆرمی بریتییە لەو زانیارییانەی کە فۆرمی زمان و ڕستە دەیدەنە دەست.( احمد ابو محبوب: ٢٠٠٤: ١١٨)  لە نموونەی ( دەهاتی.)دا ڕستەکە کۆمەڵێ زانیاریمان دەداتێ، ئەو چوار خاڵەی لاپەرە( ٣٧) واتای فۆرمین بۆ ڕستەی (دەهاتی.).

لەبەر ئەوەی دابەش بوونی فۆرمی و تۆڕی پەیوەندی ڕێزمانی زمانەکان جیاوازە، بۆیە واتای فۆرمی یەکە پێکهێنەرەکان لە هەموو زمانەکاندا وەکو یەك نییە.( محمد رضا باطنی) لە زمانی کوردی و عەرەبی دا دۆخی (کۆ) هەیە، بەڵام واتای فۆرمی ( کۆ) لەو دوو زمانەدا جیاوازە لەبەر ئەوەی ( کۆ ) لە دوو تۆڕی ڕێزمانی جیاوازە:

لەزمانی کوردیدا ( کۆ ) هەموو ئەو چەمکانە دەگرێتەوەکە لە یەك زیاترن بەڵام لە عەرەبیدا (کۆ) هەموو ئەو چەمکانە دەگرێتەوە کە لە دوو زیاترن :



## ٢- ٣- بەشی ڕێزمانی تیۆری کاتیگۆری و پێوانە

هاڵیدەی لەم تیۆرەدا ڕێزمانی دابەش چوار کاتیگۆری و سێ پێوانە کردووە، کاتیگۆرییەکان بریتین لە: ( یەکە[١]، ڕۆنان[٢]، پۆل[٣]، سیستەم[٤]) پێوانەکانیش ئەمانەن: (پێوانەی پلە[٥]، پێوانەی دەرکەوتە[٦]، پێوانەی شیکردنەوە[٧]) کە دەکرێ بەم شێوەیە پیشان بدرێن:




خشتەی ژمارە (٨)

---

(1) Unit
(2) Structure
(3) Class
(4) System
(5) Scale of Rank
(6) Scale of Exponence
(7) Scale of Delicacy

## ٢- ٣- 1- کاتیگۆرییە ڕێزمانیەکان

کاتیگۆری واتە پۆلین کردنە ڕێزمانییەکان.(احمد ابو محبوب:٢٠٠٤: ١٢٠) بە پۆل یا گرووپێکی ڕێزمانی دەوترێ کاتیگۆری کە ئەرکی هاوشێوەیان هەبێ لە زماندا، وەکو حاڵەت، کەس، کات. هەندێ لە زمانەوانەکان گروپە پەیوەستەکانی وشە وەکو ناو، ئاوەڵناو، کار بە کاتیگۆری ڕێزمانی ناو دەبەن ئەم بەشانە لە ڕێزمانی سوننەتی بە بەشەکانی ئاخاوتن لە قەڵەم دراون. (جك ريچارد: ١٩٩٦: ٢٥٠)

کاتیگۆرییە ڕێزمانیەکان لای هالیدەی ئەمانەن: (یەکە، ڕۆنان، پۆل، سیستەم). هەردوو کاتیگۆری سەرەتا، واتە یەکە و ڕۆنان، لە تەوەرەی زنجیری زمان کاردەکەن و دوو کاتیگۆری پۆل و سیستەم لە تەوەرەی هەڵبژاردن.(محمد رضا باطنی:٢٠٠١: ٤٣) لێرە بە کورتی باس لە هەریەك لەم کاتیگۆرییانە دەکەین:

## ٢- ٣- 1- ١- یەکە

ئاماژەمان بەوە کرد کە زمان هەڵسوکەوتێکی خاوەن مۆدێلە کە لەسەر سیستەمی خەتی (کات) کاردەکات. هەر شتێکی مۆدێل دار[١] دابەشی چەند پارچە و بەشێك دەبێ، ئەگەر وانەبێ یەکپارچەیە کە دیاردەکانی لەم شێوەیە مۆدێلی نیە. بەم پێیە تیۆرە کە لە گریمانە سەرەتاییەکانی خۆی ئەم ئەنجامانە بە دەستەوە دەدات:

١- دەکرێ هەموو زمانەکانی جیهان لە تەوەرەی زنجیری دابەشی چەند یەکەیەك بکرێن.
٢- ژمارەی یەکەکان لە یەك زیاترە، بەلای کەم دووانە، بەڵام لە رووی زۆرییەوە لە زمانەکان جیاوازە.
٣- یەکەکانی زمان لە رووی ئەندازەوە هاوشێوە نین، واتە خاوەنی ئەندازەی جیاوازن هەندیك بچووکن و هەندێك گەورە.
٤- یەکە بچووکەکان بەشداری پێکهێنانی یەکەی گەورەتر لە خۆیان دەکەن.

---

(١) بەرامبەر بە (طرح) بەکارهاتووە

یەکەکان بریتین لە بچووکترین تا گەورەترین پارچەی واتاداری زمان (احمد ابو محبوب: ٢٠٠٤: ١٢٠ )زمانی کوردی لەسەر تەوەرەی زنجیری دابەشی پێنج یەکە دەکرێت، یەکەکان لە گەورە بۆ بچووک بریتین لەمانە : ڕستە، پاڕستە، گروپ، وشە، مۆرفیم. گروپ لێرەدا هەمان گرێ یە( David Gradol: 1994: 90)هەروەها هەر یەکەیەکی گەورە لە یەك یەکە یان چەند یەکەی لە خۆی بچووك تر پێك هاتووە. وەك لەو نموونەیەدا بەرچاو دەکەوێت:

حەمەد لە حالێك دا نە بوو کە بتوانێ یەك قسەش بکا. (حەمەدۆك ،ب٢ : ٢١)

مۆرفیم: حەمەد لە حال ێك دا نە + بـ + وو کە بـ + توان + ێ یەك قسە ش بـ + کا.

وشە:

گرێ:

پاڕستە:

ڕستە:

وەك لە سەرەوە دەبینین مۆرفیم بچووکترین یەکەیە لە زمانی کوردی بۆیە دابەشی یەکەی لە خۆی بچووکتر نابێ.

## ٢- ٣- 1- ٢- ڕۆنان

ڕۆنان واتە چۆنیەتی ریزبوونی یەکە زمانییەکان (احمد ابو محبوب:٢٠٠٤:١٢٠). لە تەوەرەی زنجیریدا باس لەوە کرا کە هەندێ کەرەستەی زمانی، هەڵبژاردن یاخود هەڵنەبژاردنی هەندێ یەکەی تر ئیجباری دەکەن، واتە ئەو کەرستانە لە تەوەرەی زنجیری دا دەچنە ناو یەکەیەك و پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە، ئەو پەیوەندییە رێگرە لە بەردەم هەڵبژاردنی ئازادی کەرەستەکان و دانانیان لە ناو یەکەکاندا. هەروەها لە باسی یەکەدا ئاماژە بەوە کرا کە یەکە بچووکەکان بەشداری پێکهێنانی یەکەی گەورەتر لە خۆیان دەکەن بە شێوەیەکی تر هەر یەکە بە رەچاوکردنی تەوەرەی زنجیری لە یەکەی بچووکتر لە خۆی پێك دێت.

ئەو تۆڕە پەیوەندییەی لە یەکەیەکدا هەیە و دەبێتە هۆی ڕێککەوتنی کەرەستەکان لە ناو ئەو یەکەیەدا ، ڕۆنانی یەکە دروست دەکات. بە دەربڕینێکی تر ڕۆنانی هەر یەکە واتە: ئەم یەکەیە لە یەك، یا چەند یەکەی لە خۆی بچووکتر پێکهاتووە ، ئەو کەرەستە ڕۆنانیانە لە چ تۆڕێکی پەیوەندی لەگەڵ یەکتر دێن. بە پێی ئەم پێناسەیە هەموو یەکەکانی زمان جگە لە مۆرفیم کە بچووکترینیانە ڕۆنانیان هەیە . (محمد رضا باطنی : ٢٠٠١: ٤٥)

بە پێی ئەم پێناسەیە دەتوانین ئەم نموونانە کە تاکە مۆرفیمێك یا خود وشەیەك ڕۆڵی ڕستە دەگێڕێ لە رووی تیۆرییەوە شیبکەینەوە. بۆ نموونە:

حەسەن هات ؟

<u>بەڵێ.</u>

(بەڵێ) ڕستەیەکە کە لە یەك پاڕستە پێکهاتووە، پاڕستەیەکە کە لە یەك گرێ دروست بووە و گرێیەکە لە یەك وشە و وشەش لە یەك مۆرفیم پێکهاتووە.

 یاخود بە پێچەوانەوە مۆرفیمێك بەشداری ڕۆنانی وشەی کردووە ، وشەکە گرێی دروست کردووە و گرێیەکە پاڕستەیەکی پێکهێناوە و پاڕستەکەش بەشداری ڕۆنانی ڕستەی کردووە.

بەڵێ ← مۆرفیم ← وشە ← گرێ ← پا ڕستە ← ڕستە

بەڵێ ← ڕستە ← پاڕستە ← گرێ ← وشە ← مۆرفیم

## ٢- ٣- 1- ٣- پۆل

پۆل بریتییە لە جۆر و لقەکانی هەر دانەیەکی زمانی، بە واتایەکی تر پۆل بریتییە لە کۆمەڵێك لە یەکەکانی پلەیەك کە دەتوانن ئەرکێکی هاوشێوە لە یەکەی سەرووی خۆیان وەرگرن. (احمد ابو محبوب: ٢٠٠٤: ١٢٠)

هەر یەك لە یەکەکانی زمانی کوردی بە پلەی جیاواز دادەنرێن کە گەورەترینیان لە سەرووی هەمووانە و یەکەکانی تر یەك لە دوای یەك لە خوارووی یەکترەوە دێن. کەرەستەکان

ی هەر یەکە ئەرکی جیاواز لە ڕۆنانی یەکەی سەرووی خۆیان دەگرنە ئەستۆ، بۆیە لە پۆلی جیاواز دەردەکەون. بۆ نموونە :

دەنگی ئەستووری پیاوێك بە خەوالۆویی وەڵامی دایەوە. ( حەمەدۆك: ب٢: ١٩)

(دەنگی ئەستووری پیاوێك)، (بە خەوالۆویی) و (وەڵامی دایەوە) هەرسێکیان لە ناو یەکەی (گرێ)دان بەڵام لەبەر ئەوەی لە یەکەی سەرووی خۆیان واتە پاڕستە ئەرکی جیاوازیان هەیە بۆیە هەر یەك لەمانە لە پۆلێکی جیاواز دادەنرێن. یەکەمیان پۆلی ناوی یە و دووەمیان لە پۆلی ئاوەڵکار و سێیەمیان لە پۆلی کارە، لە یەکەی گرێدا بە کورتکراوی بە گرێی ناوی، گرێی ئاوەڵکاری و گرێی کاری ناو دەبرێن. کاتێ ئەم سێ گرێیە لە پاڕستەدا دادەنرێن گرێی ناوی شوێنی بکەر[١] ، گرێی ئاوەڵکاری شوێنی سەربار[٢] و گرێی کاری شوێنی کار[٣] دەگرێ.

| دەنگی ئەستووری پیاوێك | بە خەوالۆویی | وەڵامی دایەوە. |
|---|---|---|
| بکەر | سەربار | کار |

ئەم نموونەیەی سەرەوە لە سێ کەرەستەی ڕۆنانی پێکهاتووە: بکەر، سەربار، کار. دەتوانین کەرەستەکان ی هەر پۆلێك لە جیاتی ئەم گرێیانە دابنێین:

خشـــتەی ژمـــارە(٩)

| دەنگی ئەستووری پیاوێك<br>بکەر | بە خەوالۆویی<br>سەربار | وەڵامی دایەوە.<br>کار |
|---|---|---|
| ئازاد<br>برا گەورەی حەسەن<br>ئەو<br>باخەوان<br>........ | بەپەلە<br>بە توورەیی<br>بە بێ دەنگی<br>....... | ڕۆیشت<br>دەهات<br>دەگریا<br>........ |

هەموو ئەو کەرستانەی کە لە شوێنی بکەر دادەنرێن سەر بە گرووپی ناوین، ئەوانەی شوێنی

(1) Subject solt
(2 ) Adjunct
(3) Predication solt

سەربار دەگرن سەر بە گروپی بەندن و ئەوانەی شوێنی کار دەگرن سەر بە گروپی کارین. لێرە دا هەر سێ پۆلەکە کراوەن و کەرەستەی زۆری تێدایە و دەتوانین لەم شوێنانەدا دایان بنێین.

هەرچەندە هەموو ئەو کەرستانەی لە یەك پۆل دادەنرێن لە رووی مۆرفۆلۆجی و بەشەکانی ئاخاوتنیانەوە وەك یەك نین و جیاوازیان تێدا دەبینرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی بنەمای پۆلین کردنی کەرەستەکان بۆ هاتنە ناوەوەی پۆلێك، ئەو ئەرکەیە کە لە یەکەی سەرووی خۆیان دەیبینن، بۆیە بەشە ئاخاوتن و پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی نابێتە رێگر بۆ پۆلین کردنی پۆلەکان. (محمد رضا باطنی: ٢٠٠١: ٤٨) لە نموونەکەی سەرەوەدا راستی ئەمە بەر چاو دەکەوێت و دەبینرێ کە راناو ، ناو و گرێی ناوی ...هتد هەروەها وشەی سادە و دارێژراو لە یەك پۆل کار دەکەن.

## ٢- ٣- 1- ٤- سیستەم

سیستەم کۆمەڵە ئەگەرێکە کە قسەکەر دەتوانێ لە نێوانیان، کەرەستەیەك هەڵبژێرێ سیستەم پەیوەستە بە رێکخستن و پۆلین کردنەکانی ناو پۆل. سیستەم وەکو زاراوەیەکی ئەم تیۆرە خاوەنی ئەم چوار تایبەتمەندییەی خوارەوەیە:

١- ژمارەی ئەگەرەکانی(ژمارەی ئەندامەکانی) هەر سیستەمێك دیارە و دەژمێردرێت.

٢- ئەگەرەکان پێکەوە نایێن، واتە لە یەك کاتدا دوو ئەندام پێکەوە دەرناکەون.

٣- دەتوانین ئەگەرەکانی هەر سیستەمێك لە رێگەی نەفی یەوە پێناسە بکەین.

٤- ئەگەر ئەندامێکی نوێ بۆ سیستەمێك زیاد بکرێ واتای ئەگەر و ئەندامەکانی تری سیستەمەکە دەگۆڕێت.( هەمان سەرچاوەی پێشوو:٢٠٠١: ٤٩)

گونجاوترین نموونە لە دەرەوەی زمان بۆ پیشان دان و پەیڕەو کردنی تایبەتمەندییەکانی سیستەم رەنگەکانی گڵۆپی هاتووچۆیە لە چوارڕێیانەکاندا. ژمارەی ئەگەرەکان (ئەندامەکان)ی دیاری کراوە و لە یەك کاتدا تەنها یەکێ لەو رەنگانە کار دەکات، یان سەوزە یان زەردە یان

سوور. دەتوانین لە ڕێگەی نەفی یەوە هەر یەك لەم ئەگەرانە پێناسە بکەین سەوز واتە نەزەرد نە سوور، زەرد واتە نە سەوز نە سوور، سووریش واتە نە سەوز نە زەرد. ئەگەر ئەندامێکی نوێ بۆ ئەم سیستەمە زیاد بکرێ کار دەکاتە سەر ئەوانی تریش، بۆ نموونە ~~ئەگەر~~ هێمای بۆ گلوپی سەوز زیاد بکرێت واتای جیاوازە لە تەنها گڵۆپی سەوز و ئەگەرەکانیش زیاد دەبێ. لەو حاڵەتەدا تەنها رویشتن بۆ لای راست ئازادە نە بۆ لایەکانی تر و گۆرانکاری بەسەر گڵۆپی رەنگی سەوزدا دروست بوو، پێش زیاد بوونی ئەم ئەندامە گلۆپی سەوز واتای رۆیشتن بۆ پێشەوە لای راست و چەپی دەگەیاند، بەڵام بە زیادبوونی ئەم هێمایە رۆیشتن بۆ لای راست لە هێماکەی تر واتە سەوز لادەبرێت.

وەك پێشتر باس کرا کە هەمیشە پۆلێك لە یەکەی خوارەوە لە خاڵێکی رۆنانی یەکەی سەرووی خۆیدا ئەرك وەردەگرێت، ئەم پۆلانەش دەتوانن دابەشی پۆلی بچووکتر بن کە ئەم پۆلە بچووکانە لەگەڵ یەك دەرناکەون. تا ئەو کاتە پۆلە بچووکەکان دەتوانن دابەش بن کە پۆلی یەك ئەندامی دیار دەکەوێ. بۆ نموونە گروپی ناوی دەتوانێ لە چەند خاڵێکی رۆنانی پارستەدا ئەرکێك وەرگرێ، بەڵام لە ناو خۆی دابەشی پۆلی بچووکتر دەبێ کە سیستەمەکانی جیاوازی گروپی ناوین. یەکێ لە سیستەمەکانی گروپی ناوی، سیستەمی راناوی سەربەخۆی کەسییە کە لە یەکگرتنەوەی دوو سیستەمی ژمارە و کەس هاتۆتە کایەوە.




راناوی سەربەخۆی کەسی خاوەنی شەش ئەندامە لە زمانی کوردی دا کە ئەمانەن: (من ، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان). هەر یەك لەم ئەندامانە دواهەمین شوێنی پۆلینکردنن، چونکە هەریەکەیان بوونەتە پۆلێکی تاك ئەندامی.

## ٢- ٣- ٢- پێوانە ڕێزمانییەکان

پێوانە واتە پەیوەندی نێوان چەند کەرەستە یان یەکەیەك کە لە لایەکی ئەم پەیوەندییەوە پیشاندەری کەمینە و لە لایەکی ترەوە پیشاندەری زۆرینەی تایبەتمەندییەك بێ. ئەم تیۆرە بۆ ڕێزمان سێ پێوانەی دیاری کردووە. (هەمان سەرچاوەی پێشوو:٢٠٠١ : ٥١) لە خوارەوە بە کورتی باس لە هەر یەك لەم پێوانانە دەکەین:

## ٢- ٣- ٢- ١- پێوانەی پلە

پلە واتە شوێنی یەکە زمانیەکان لە ناو کەرەستەکان ی زماندا( David crystal: 2003: 386) بە واتایەکی تر هەر یەکەیەکی زمانی لە چ شوێنێکە و چ پەیوەندییەکی لەگەڵ یەکەکانی سەروو یا خوارووی خۆی دا هەیە. هەریەك لە یەکەکانی ڕستە، پاڕستە، گرێ، وشە و مۆرفیم خاوەن پلەیەکی تایبەتین.حاڵەتی هەر یەك لە یەکەکان بەرامبەر بە یەکەکانی تر بە پلە و حاڵەتی هەموو یەکەکان لە بەرامبەر یەك بە پێوانی پلە ناودەبرێت.

بۆ نموونە (گرێ) کەرەستەی ڕۆنانی پاڕستەیە و بەشدارە لە پێکهێنانی پاڕستەکان و لە هەمان کاتدا لە وشە یان کۆمەڵە وشەیەك پێکهاتووە، هەر وشەیەکیش لە یەك یان کۆمەڵێ مۆرفیم پێکدێ. خوارووترین پلە لە یەکەکانی زمان مۆرفیمە لەبەر ئەوەی یەکەی بچووکترمان نیە لە مۆرفیم. لە کاتی باس کردنی پێوانەی پلە دەبێ ڕەچاوی ئەم خاڵە بکەین کە تەنها دەبێ ئاماژە بە پەیوەندی مۆرفیم و یەکەکانی سەرووی مۆرفیم بدەین. هەروەها ڕستە کە بە گەورەترین یەکە دادەنرێت لەم تیۆرە دا وشوێنی بەرزترین پلەیە لە پێوانەی پلەدا، لە کاتی باسکردنی ئەم پلەیەدا تەنها باسی پەیوەندی ڕستە و یەکەکانی خوارووی ڕستە دەکەین.



پێوانەی پلە بە هەمان شێوە کە پەیوەندیی نێوان یەکەکان لە گەورەوە بۆ بچووك پیشان دەدات دەتوانێ دەستنیشانی پەیوەندیی یەکەکانی زمان بکات لە بچووکەوە بۆ گەورەکە ئەمە جەوهەر و سروشتی شتەکان و پەیوەندییان بە یەکترییەوە ناگۆڕێت.

ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد پەیوەندیی ئاسایی یەکەکانی زمانە، واتە یەکەی هەر پلەیەك لە یەك یا خود چەند یەکەی خوارووی خۆی دروست بووە، یان بە پێچەوانەوە یەکەی هەر پلەیەك بەشداری لە رۆنانی پلەی سەرووی خۆیان دەکەن. هەندێ جار ئەم پەیوەندییە ئاساییە گۆڕانی بەسەردا دێت و یەکێ لە یەکەکان بەشداری رۆنانی هاو پلەی خۆی یا خود پلەی خوارووی خۆی دەکات، ئەم دیاردەیە (پێچەوانە بوونی پلە) [1]یە. (محمد رضا باطنی: ٢٠٠١: ٥٣) وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

<u>ئەو کورەی (لەوێ دانیشتووە)</u> برامە.

بکەر

ئەو بەشەی لە ڕستەکەدا لە ناو کەوانە دانراوە خۆی پاڕستەیە، لە حاڵەتی ئاسایی پاڕستە تەنها بەشداری رۆنانی ڕستە دەکات، بەڵام لێرە پێچەوانە بۆتە وەکو کەرەستەیەك بەشداریی رۆنانی گرێی ناوی کردووە.پاڕستەکە لە گرێ ناوییەکەدا شوێنی وشەی گرتووە، دەتوانین لە شوێنی ئەم پاڕستەیە وشەیەك دانێین، وەك:

<u>ئەو کوڕە چاو شینە</u> برامە.

جگە لەو شێوەیەی لەسەرەوە باس کرا هەموو ئاوەڵناوە کراوەکانیش پاڕستەیەکی پێچەوانەن ئەمانە لە بنەڕەتدا پاڕستە بوون، بەڵام بە هۆی گوێزانەوە بوونەتە ئاوەڵناوی کراو، وەك :

| | |
|---|---|
| مریشکی برژاو | ئەو مریشکەی کە برژاوە. |
| پیاوێکی دونیا دیتوو | ئەو پیاوەی کە دونیای دیتووە. |
| ئەسپی دزراو | ئەو ئەسپەی کە دزراوە. |

---

[1] Rank–Shift

## ٢- ٣- ٢- ٢- پێوانەی دەرکەوتە

پێوانەی دەرکەوتە واتە پەیوەندیی یەکە ڕۆنانییەکان بە یەکەوە، پۆل و نموونە[1] کە یەك بە دوای یەکدا لە چەمکی ئەبستراکتەوە بەرەو چەمکی بەرجەستە دەڕۆن. کاتێ یەکەکانی پلەکانی خواروو لە پلەی سەرووی خۆیاندا کار دەکەن، ئەو کەرستانە دەبن بە نموونەی دەرکەوتەی یەکەی خواروو لە پلەی سەرووتردا، دەکرێ ئەم پەیوەندییە بەم شێوەیە پیشان بدرێت:




وەك لەم نموونەیەی سەرەوە دەبینین پۆلی گرێی کاری دەرکەوتەی کەرەستەی ڕۆنانی بکەر و پۆلی گرێی کاری دەرکەوتەی کەرەستەی ڕۆنانی کارە لە ڕۆنانی ئەم پاڕستەیەدا. لە پلەی خوارووودا، (ئازاد) وەك دەرکەوتەی گروپی ناوییە و (هات) دەرکەوتەی گرێی کاری. ئەم پەیوەندییە کە هەر یەکە وەکو دەرکەوتەی یەکەی خوارووی خۆیەتی بە پێوانەی دەرکەوتە دادەنرێت.




---

(1) Instance

(ئازاد نانی خوارد .) ڕستەیەکە پاڕستەیەك دەرکەوتەی ڕۆنانی ئەم ڕستەیەیە، ( بکەر، تەواوکەر، کار) دەرکەوتووەکانی پاڕستەکەن.( ئازاد، نان) نموونەن بۆ دەرکەوتەی گروپی ناوی و (خوارد ) نموونەیە بۆ دەرکەوتەی گروپی کاری. نموونەکان بەرجەستەن و هەر یەکەیان سەر بە پۆلێکن و لە یەکەی وەرگیراون کە ئەبستراکتە. بە هۆی هەموو ئەو پەیوەندییانەوە پێوانەی دەرکەوتە بۆ ڕستەکەی سەرەوە دەستنیشان کرا.

### ٢- ٣- ٢- ٣- پێوانەی شیکردنەوە

پێوانەی شیکردنەوە بریتییە لە وردی شیکردنەوەی پارچەیەکی زمانی. زۆربەی ڕۆنانەکانی زمان لە هەنگاوی یەکەمی شیکردنەوەدا وەك یەك وان، چونکە خاوەن یەکەی ڕۆنانی هاوشێوەن، لە شیکردنەوەی قوڵتری ئەم ڕۆنانە هاوشێوانەدا دەگەینە کۆمەڵێ پەیوەندی ئاڵۆز کە لە هەنگاوی یەکەمی شیکردنەوەدا باسیان لێ ناکرێت. (هەمان سەرچاوەی پێشوو:٢٠٠١: ٥٢) بۆ نموونە :

١) شەهرزاد / نامە / دەنووسێ.
بکەر تەواوکەر کار

٢) ئازادی ئامۆزام چرای سەر مێزی ژوورەکەی رزگاری هەڵکرد.
بکەر تەواوکەر کار

ڕستەی یەکەم لە پاڕستەیەك پێکهاتووە کە سێ کەرەستەی ڕۆنانی بەشدارییان تێدا کردووە (بکەر، تەواوکەر، کار)، ڕستەی دووەمیش بە هەموو فراوانییەکەی لە سێ کەرەستەی ڕۆنانی (بکەر، تەواوکەر، کار) پێکهاتووە. هێڵە لارەکان جیاکەری کەرەستەکانن.

لە هەنگاوی یەکەم لە شیکردنەوەکە دا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆنانی هەر دوو ڕستەکە بە تەواوی هاوشێوەن، بەڵام پاش بەردەوام بوون لە شیکردنەوەی هەنگاوەکانی دواتر؛واتە

شـیکردنەوەی چـینەکانی خـوارووی رۆنـانی ڕسـتە، دەتـوانین هـەموو پەیوەندییـەکانی نێـوان یەکەکان دەست نیشان بکەین و باسی هەموو لایەنەکانی بکەین، لەو کاتە دەگەینە خـاڵی کۆتـایی لە پێوانەی شیکردنەوەدا.

# بەشی سێیەم

# ڕستەی زمانی کوردی

## بە پێی تیۆری کاتیگۆری و پێوانەی هالێدەی

## بەشی سێیەم: ڕستەی زمانی کوردی بە پێی تیۆری کاتیگۆری و پێوانەی هاڵیدەی

### ٣-١- سەرەتا

کەرەستە زمانییەکان وەکو تۆڕێکی بەیەکەوە بەستراو کار دەکەن. لە تیۆری کاتیگۆری و پێوانەدا، یەکە زمانییەکان بەهۆی یەکترییەوە پێناسە دەکرێن، بۆیە لەباسکردنی ڕستەو دەستنیشانکردنی رۆنانی ڕستەدا پێویستە باس لەو یەکە زمانییانە بکرێت کە بەشداری رۆنانی ڕستە دەکەن بۆیە لە تەوەری یەکەمی ئەم بەشەدا باس لەرۆنانی هەریەك لەو یەکە زمانیانە لە تەوەری دووەمی بەشەکەدا باس لە ڕستە و جۆرەکانی لە رووی ڕۆنانەوە دەکەین.

### ٣-٢- تەوەری یەکەم : پێکهێنی ڕستەی زمانی کوردی بە پێی تیۆری کاتیگۆری و پێوانە

ڕستە گەورەترین یەکەی زمانییە لە پێوانەی پلەی زمانی کوردیدا و دەکەوێتە سەرووی یەکەکانی ترەوە، یەکەکانی خوارووی ڕستە لەگەورەوە بۆ بچووك ئەمانەن: پاڕستە، گرێ، وشە، مۆرفیم. لەم تیۆرە زمانییەدا کاتێك باس لەرۆنانی یەکەیەکی زمانی دەکرێت دەبێ ئاگاداری رۆنانی یەکەکانی خوارووی بین، هەر لەبەر ئەم هۆیەیە لەباسکردنی یەکە زمانییەکاندا لە مۆرفیمەوە دەست پێدەکەین، چونکە مۆرفیم بچووکترین یەکەی زمانییە.

#### ٣- ٢- ١- مۆرفیم

بەدوای داهێنان و ناسینەوەی بیری فۆنیم لەکۆتایی سییەکاندا زمانەوانەکان کەوتنە گەڕان بەدوای دانەیەکی رێزمانیدا کە هەمان دەورییان بۆ ببینێ. ئەوەبوو لەسەرەتای چلەکاندا بیری مۆرفیم هاتە کایەوە (محمد معروف فەتاح:١٩٩٠:٧١). رۆنانکارەکان رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە هێنانەکایەی بیری مۆرفیمدا. گرنگترین دەسکەوتیان دۆزینەوەی ئەو راستییەیە، کە وشە خاوەنی رۆنانێکی ناوخۆییە. لە کاتێکدا کە دێرینەکان وشەیان بەبناغەی تیۆری زمان و رێزمان دەژمارد. (محمد معروف فەتاح:٢٠٠٦:٧)

هەریەك لەزمانەوانەکان بەپێی تێڕوانینی تایبەتی خۆی پێناسەی مۆرفیمی کردووە و ئەمەش وای کردووە کە پێناسەکان لەیەکتر جیاوازبن، لەخوارەوە باسی هەندێ لەو پێناسانە دەکەین:

مۆرفیم بریتییە لە بچووکترین یەکەی واتادار یا خاوەن ئەرکی زمانی (جورج یول:١٩٩٨:٩٢)

مۆرفیم بچووکترین دانەی واتاداری زمانە لەفۆنیمێ یا زیاتر پێکدێت و دەورێکی لەرێزمان هەیە بەگۆڕین و لابردنی هەرفۆنیمێك یا بەلەتکردنی، ماناو دەورە ئەسڵیەکەی تیا ئەچێ...واتا مۆرفیم سێ رووی هەیە:

ا- قاڵبێکی فیزیاوی – فۆنیمەکان

ب- مانایێك

پ- دەورێك لەرێزمان (وریا عمر ئەمین: (A)١٩٨٦:١٠)

لەم پێناسەیەی سەرەوەدا سێ روو بۆ مۆرفیم دەستنیشانکراون کە دەبێ مۆرفیم ئەم سێ رووەی هەبێ، ئەم پێناسەیەی مۆرفیم لەزمانی کوردیدا ناوێزەی تێدەکەوێ، بۆیە پێناسەیەکی گشتگیر نییە و بۆ هەموو مۆرفیمەکانی زمانی کوردی ناگونجێ، بۆ نموونە مۆرفیمی بەتاڵ[1] و مۆرفیمی سفر[2] .

ئەو مۆرفیمانەی سادەترین چەمك و کورتترین واتا دەرئەبڕن، کەرت ناکرێن و لەخۆیان بچووکتر ناکرێنەوە، کراون بەیەکە بۆ پێوان و جیاکردنەوەی واتاکان. بەهەریەك لەم مۆرفیمانەی هەڵگری بچووکترین واتا ئەڵێین (مۆرفیم). (عبداللە حسین رسول:١٩٩٥:١٢)

ئەم پێناسەیەش ناوێزەی تێدەکەوێ، راستە لە پێناسەکردنی مۆرفیم بەهۆی فۆرم و واتاوە، پێناسەکە مۆرفیمی سفر دەگرێتە خۆی ئەویش بەدانانی مۆرفیمی سفر(Ø) بە فۆرمێکی تایبەتی، بەڵام ئەم پێناسەیە مۆرفیمی بەتاڵ ناگرێتە خۆی، چونکە هەبوونی واتا مەرجێکی سەرەکییە بۆ مۆرفیم لەم پێناسەیەدا.

بەپێی تیۆری کاتیگۆری و پێوانە: مۆرفیم بچووکترین یەکەی واتاداری زمانە و بە پێی ئەو ئەرکەی کەلە وشەکاندا دەینوێنن دابەشی دوو پۆلی سەرەکی دەبن:أ-مۆرفیمی بنج (-Base

---

[1] Empty morpheme

ئەو مۆرفیمانەن خاوەن قاڵبێکی فیزیاوین، بەڵام واتادارنین و رۆڵی رێزمانیان نییە لەناو ڕستەدا وەکو (تی) لە (برایەتی : برای ئەوە) دا.

[2] Zero morpheme :

ئەو مۆرفیمانەن کە خاوەن ماناو رۆڵێکی رێزمانین، بەڵام قاڵبێکی فیزیاوییان نییە وەك (Ø) راناوی لکاوی رێککەوتن بۆ کەسی سێیەمی تاك هات Ø .

morpheme). ب- مۆرفیمی گیرەك(affix morpheme). لەبەر ئەوەی مۆرفیم لەخوارووترین شوێنە لەپێوانەی پلەدا، خاوەن رۆنان نییە.) (جی سی کت فۆرد:١٩٩١:٣٩)

مۆرفیمی بنجی دابەشی دوو پۆل دەبێ، پۆلی یەکەم رەگی کارەکان واتا مۆرفیمی تەوەرەیی.پۆلی دووەم مۆرفیمی بنجی سەربەست کە ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە کە بەشێوەی سەربەخۆ وەکو وشە دەردەکەون. مۆرفیمی تەوەرەیی لەچەند حاڵەتێك نەبێ وەك (دز، ترس، پرس،...هتد) کە رەگی کار وەکو وشەیەکی سەربەخۆدەردەکەوێ لەحاڵەتاکانی دیکە بەتەنیا دەرناکەوێ و دەبێ مۆرفیمی گیرەکی لەگەڵ بەکاربێت وەك (نووس) رەگی (نووسین) کە مۆرفیمێکی تەوەرەییە لە وشەی (نووسراو). نموونە بۆ مۆرفیمی بنجی سەربەست وەك: دار، چای، کتێب، گوڵ، بەلام،...هتد

مۆرفیمی گیرەك ئەو مۆرفیمانەن کە بەتەنیا ناتوانن رۆڵی وشە وەرگرن (جگە لە مۆرفیمە تەوەرەییەکان) و تەنیا لەپلەی سەرووی خۆیان دەردەکەون، بۆ دەرکەوتن لەپێکهاتەی وشەدا هەردەم دەلکێن بەمۆرفیمێکی بنجی یاخود زیاتر. مۆرفیمە گیرەکەکان بەپێی شوێنی بەکارهێنانیان لەوشەدا ناودەنرێن:

پێشگر (prefix): ئەو مۆرفیمانەن کە دەکەونە پێش مۆرفیمی بنجی وەکو: هەڵ گرتن، راکردن، بەهێز، بەجەرگ،...هتد

ناوگر(infix):ئەو گیرەکانەن کە مۆرفیمی تەوەرەیی دەسمن و لەناو رەگدا دەردەکەون. لەبارەی بوون و نەبوونی ناوگرەوە لەزمانی کوردیدا بیروڕای جیاواز هەیە، زمانەوانان لەسەر بوونی ناوگر لەزمانی کوردی رێکنەکەوتوون. وریا عمر ئەمین دەڵێ:(ناوگر ئەو ئیفێکسەیە کەلەناو رەگدا دەردەکەوێ (بەپێی زانیاری من ئەو جۆرە ئەفیکسە لەزمانی کوردیدا نییە). ئەو نموونانەی هەندێ نووسەر ئەیهێنن کە گوایا ناوگرن ناشێ بەناوگریان لەقەڵەم بدەین، چونکە بەر پێناسینی ناوگر ناکەون. پێوانە بۆ ناوگر ئەمانەن:

رەگ بسمێ (واتا بچێتە ناو رەگەوە)

بەرهەمدار (منتج) بێ. بچێتە سەر ژمارەیەکی زۆر رەگ و هەمان دەور بگێڕێ نەك تاقە وشەیەك... واتا وەك یاسا ئەبێ گشتی بێ. دەرکەوتنی ئەم دەنگانە لەو نموونانەی بەناوگری لەقەڵەم ئەدەن هۆی فۆنۆلۆجیان هەیە نەك مۆرفۆلۆجی یا سینتاکسی. (وریا عمر ئەمین:(A) ١٩٨٦:١٣)

لەبەرامبەردا رایەك هەیە كەدەڵێ: (ئەم مۆرفیمانە لەزمانی كوردیشدا هەن، وەك مۆرفیمی كاتی داهاتوو لەهەندێ كاردا:

رشتم ← ئەرێژم ، ناردم ← ئەنێرم

سپاردم ← ئەسپێرم ، هاڕیم ← ئەهێڕم

(عبدالله حسین رسول،١٩٩٥، ٧٦-٧٧)

بۆ زیاتر روون بوونەوەی بابەتەكە یەكێك لەكارەكان بەپێی ئەم رایەی سەرەوە لەهەردوو كاتی رابردوو و رانەبردووداشیدەكەینەوە:




هەر لەهەمان سەرچاوە ئەم یاسایەی خوارەوە بۆ كاتی رانەبردوو دەستنیشانكراوە:

مۆرفیمی كاتی ئێستا(ە) + رەگی كار+ مۆرفیمی كاتی داهاتوو(ێ/ Ø) + راناو

| | | | |
|---|---|---|---|
| ە | + سوت + | ێ | + م |
| ە | + كێڵ + | ێ | + Ø |
| ە | + نووس + | Ø | +ین |

(سەرچاوەی پێشوو: ل١١٩)

ئەگەر ئێمە چاوگی (ناردن) لەدەمكاتی رانەبردوودا گەردان بكەین بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ:

نامەكە ئەنێر Ø م. نامەكە ئەنێر Ø ین.

نامەكە ئەنێر Ø ی. نامەكە ئەنێر Ø ن.

نامەكە ئەنێرێ Ø. نامەكە ئەنێر Ø ن.

لەم رایەدا (ناردن) لەو نموونانە بوو كە (ێ) ی مۆرفیمی كاتی داهاتوو رەگی كاری سمی بوو، ئەگەر ئەم (ێ) یەی ناو رەگی كاری مۆرفیمی كاتی داهاتوو بوایە پێویست نەبوو جارێكی تر (ێ) ی مۆرفیمی كاتی رانەبردوو لە گەردانكردنی كارەكە لەكاتی رانەبردوو دەركەوێ.

دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو (ێ) یەی ناو ڕەگی هەندێ لەکارەکە بەهۆی گۆڕانی فۆنۆلۆجیەوە هاتۆتە ئاراوە و مۆرفیمی کاتی داهاتوو نییە و ناوگرمان نییە لەزمانی کوردیدا.

پاشگر (suffix) ئەو گیرەکانەن کە دەکەونە پاش مۆرفیمی بنجی وەك: ئاسنگەر، باخەوان، کچێ، کتێبەکە، هات م، خانووەکە مان، خەزنەدار،...هتد.

**٣- ٢- ٢- وشە:**

هەرچەندە لەرێزمانی سوونەتی دا وشە پێوانەی شیکردنەوەی زمان بووە، بەلاّم زمانەوانانی ئەم رێزمانە نەیانتوانیوە پێناسەیەکی وردی وشە بکەن، پێناسەکانیان ناوێزە و کەلەبەریان تێدەکەویێ[1]یا تەنیا بۆ چەند زمانێك دەشێن(ئەویش بەناتەواوی).(وریا عمر ئەمین:(A)١٩٨٦ :٨)

بوونی ناوێزەو کەلەبەری زۆر لەپێناسەی وشەدا وای کردووە کە هەندێ لەزمانەوانان رایان وابێ کە ئەم جۆرە کەرەسانە پێناسە ناکرێن، بەلاّم بۆچوون هەیە بۆگەیشتنە پێناسەی وشە. وەك:

وشە بریتییە لەیەکەیەك واتای هەبێت، واتە یەکەیەکی واتاییە.

وشە لای تەرکیبییەکان بریتییە لەو کەرەستەیەی کە هەردوولای بە وەستان گیراوە لەقسەکردندا.

وشە بریتییە لەو کەرەستەیەی کە بەتەنها وەك ڕستە رەفتار دەکات.

وشە ئەو کەرەستەیە کە جوڵەی تێدا بێت.(توانای جێگۆڕکەی هەبێت) (د. محمد معروف فتاح:١٩٩٨)

بە وردبوونەوە لەهەریەك لەم بۆچوونانەی سەرەوە هەست بە بوونی ناوێزەو کەم و کوڕی دەکەین، دەتوانین کەم و کوڕی بۆچوونەکانی سەرەوە لەم خالاّنەی خوارەوە کۆکەینەوە:

هەر تەنیا وشە نییە کەواتادارە، بەڵکو یەکەی گەورەتر و بچووکتریش لەوشە هەن کە واتادارن. بەهۆی بۆچوونی یەکەمەوە وشە لەیەکەکانی دیکەی زمان جیاناکرێتەوە.

نموونە بۆ یەکەی واتاداری بچووکتر لەوشە:

---

(١) بڕوانە عبدالله حسین رسول:٢٠٠٤ :٦٢-٧١.

ەکە(مۆرفیمی بەندی ڕێزمانییە، واتای ناساندن دەخاتە پاڵ ئەو کەرەستەیەی لە پێشی بەکارهاتووە.)

ستان (مۆرفیمی بەندی وشە دارێژە، هەڵگری واتای شوێنە کە دەچێتە پاڵ هەندێ ناوو دەیانگۆڕێ بۆ ناوی شوێن، وەك:

دار + ستان ⟵ دارستان ، گوڵ + ستان ⟵ گوڵستان)

نموونە بۆ یەکەی واتاداری گەورەتر لەوشە:

کوڕە هەژارەکە (گرێیە، دیارخەرەکان زانیاری زیاتر دەخەنە سەر سەرەی گرێیەکە، هەریەك لەکەرەستەکان ی گرێ خاوەن واتای تایبەتی خۆیانن کەلە گرێیەکەوە پێکەوە واتایەکی تر دەدەنە دەست.)

حەسەن هات. (ڕستەیە، ڕستە وەکو یەکەیەکی زمانی واتادارە.)

قسەکەر بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدات کە لەکەمترین کات، بەکەمترین وزە، زیاترین زانیاری بداتە گوێگر. لەکاتی قسەکردندا، یەکە زمانییەکان یەك بەدوای یەك لەدەمی قسەکەرەوە دەردەچن بێ ئەوەی ڕەچاوی وەستان بکرێت، لەنێوان ئەم یەکانەدا تەنانەت هەندێ جار جگە لەنەمانی وەستان بەشێك لەوشە دەسوێ لەقسەکردن، لەبەر خێرایی لەقسەکردن و لێکدانی وشەکاندا، وەك:

کاك کەریم ⟵ کاکەریم

لەنووسینیشدا ئەگەر بۆشایی (سپێس) بە هێمای وەستان دابنێین، دیسان نابێتە پێوەرێك بۆ دەستنیشانکردنی وشە، چونکە هەندێ لەوشەکان خاوەنی دوو شێوەی نووسینن، بە بۆشایی و بێ بۆشایی، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا بەرچاو دەکەوێ:

تێ بینی ـــــــــ تێبینی

نی یە ـــــــــ نییە

تێ پەڕ ـــــــــ تێپەڕ

سێ یەم ـــــــــ سێیەم

ئەگەر بۆشایی بکەینە پێوەر (تێ بینی، نی یە، تێ پەڕ، سێ یەم) دەبن بە دوو وشە.

لەبۆچوونی سێیەمدا تەنیا ئەو یەکە زمانییانە لەقەڵەم دەدرێن کە بتوانن بەتەنیا وەك ڕستە ڕەفتار بکەن، ئەم پێناسەیە لەگەڵ وشەی زمانی کوردی دا ناگونجێ، چونکە لەزمانی

کوردی کۆمەڵێ کەرەستەی زمانی بەرچاو دەکەون، لەگەڵ ئەوەی ناتوانن بەتەنیا وەکو ڕستە رەفتار بکەن، بەڵام وشەن وەکو ئامرازی پەیوەندی (بە، لە، بۆ) هەروەها ئامرازی گەیەنەر وەك (کە، چونکە، ئەگەر، ...هتد)

لەبۆچوونی چوارەمدا دوو کەم و کوڕی بەرچاو دەکەون: ا) تەنیا هەندێ لەوشەکان توانای جووڵەیان هەیە لەناو ڕستەدا وەك:

ئازاد هات. (بکەر) حەسەن ئازادی بینی. (تەواوکەر) حەسەن کتێبەکەی لەئازاد وەرگرت. (سەربار)

حەسەن دوێنی کتێبەکەی ئازادی بزرکرد. (سەرە - دیارخەر - گرێی ناوی)

حەسەن کتێبەکەی خۆی فرۆشتە ئازاد. (سەربار)

لە نموونەکانی سەرەوەدا ئازاد وەکو کەرەسەیەکی زمانی، توانای جێگۆڕکێی هەیە و دەتوانێ رۆڵی جیاجیا لەناو ڕستە ببینێ، جگە لەبینینی رۆڵی جیاجیا لەناو ڕستەدا دەتوانێ لەچەند شوێنێکی جیاوازدا بەکاربێت وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەرکەوێ:

ئازادهات.(سەرەتای ڕستە)

حەسەن ئازادی بینی.(ناوەڕاستی ڕستە)

دوێنی چووینە ماڵی ئازاد. (کۆتایی ڕستە)

هەندێك وشە هەن کە لەناو ڕستەدا توانای جێگۆڕکێیان نییە،وەك ئامرازی پەیوەندی، بۆ نموونە:

ئازاد لەماڵەوەیە. ئازاد لەماڵەوە بوو .

لە ئازاد ماڵەوە بوو *

ئازاد ماڵەوە بوو لە *

جگە لە وشەکان هەندێ یەکەی زمانی دیکە هەن کە توانای جێگۆڕکێیان هەیە لەناو ڕستەدا و دەتوانن لەشوێنی جیاوازی ڕستەدا دەرکەون. وەك مۆرفیمی راناوی لکاو:

گرتـم. (دوای م.ك. رابردوو)

دەم گرت.(دوای م.ك.ئێستا)

هەڵم گرت. (دوای پێشگر)

کتێبەکەم هەڵگرت.(دوای تەواوکەر)

هەروەها راناوی لکاو دەتوانێ رۆڵی جیاجیا لەڕستەدا بگێڕێ وەك

| کتێبەکەمی بزرکرد. | سوتاوم. | هاتــم. |
|---|---|---|
| سەرە دیارخەر | تەواوکەر | بکەر |
| گرێی ناوی (تەواوکەر) | | |

حەسەن کتێبەکەی بۆم پەیداکرد.

دیارخەر لەگرێی ئاوەڵکاری

هەروەها گرێش دەتوانێ لەناو ڕستەدا جێگۆڕکێ بکات وەك:

بەشەو دەچم بۆماڵیان.

دوێنی بەشەو چوومە ماڵیان.

جگە لەو بۆچوونانەی لەسەرەوە باسکران، هەندێ لە زمانەوانەکان هەوڵیانداوە، پێناسەی وشە بکەن، لەخوارەوە هەندێ لەم پێناسانە دەخەینە روو:

(وشە کەرەسەی زمانەو لەدەنگێ یا چەند دەنگ دروست ئەکرێ وەك وشەی (خانزاد) لەدەنگی (خ ا ن ز ا د) پێکهاتووە). (نوری عەلی ئەمین:١٩٦٠:٢٦)

لەزمانی کوردی وشەی تاك دەنگیمان نییە، هەروەها هەموو رێزبوونێکی دەنگەکان نابێتە وشە، بۆ نموونە (ر،ا،د) بکەونە پاڵ یەکتری و دەربڕینی (راد) پێکبێنن، بەپێی ئەم پێناسەیەی سەرەوە دەبێ وشە بێ، بەڵام نابێتە وشە، چونکە دەربڕاوێکی بێ واتایە.

(وشە بریتییە لەهەر فۆرمێکی سەربەخۆ (سادە یا تێکەڵ) لەئاستی وشەسازیدا.) (عبداللە حسین رسول:١٩٩٥:٧١)

وشە دوو رووی هەیە روخسار و ناوەڕۆك کە پێکەوە فۆرمی وشە پێکدێنن، فۆرمی وشە لەزمانی کوردیدا لەم دوو قاڵبەی خوارەوەدا پیشان دەدرێت:

فۆرمی وشە = { روخسار / ناوەڕۆك } = [ سەربەخۆ : مێز، دێو، شەو، کوکوختی،...هتد / سەربەخۆ ] / [ سەربەخۆ: لە، بۆ، بەڵام، کە،...هتد / بەند ]

ئەگەر لەم پێناسەیەدا مەبەست لەفۆرمی سەربەخۆ تەنیا مەبەست لەو وشانە بن کە روخسار و ناوەڕۆکی سەربەخۆیان هەیە، ئەوا پێناسەکە ناوێزەی تێ دەکەوێت.

بەپێی تیۆری کاتیگۆری و پێوانە وشە بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسە دەکرێت:

وشە ئەو یەکەیەیزمانییە لەمۆرفیمێك یان زیاتر پێکهاتووە و بەشداری رۆنانی یەکەی سەرووی خۆی دەکات کە گرێ یە. لەپێوانەی پلە یەکەکانی زمانی کوردی دا، وشە لەخوارووی گرێ و لەسەرووی مۆرفیمەوەیە.

**٣ -٢-٢- ١- کەرەستە رۆنانییەکانی وشە لەزمانی کوردیدا :**

وشەکان بەپێی ئەو رۆڵەی کە لەرۆنانی گرێیەکان هەیانە لەپۆلی جیاواز دادەنرێن، یەکە بنەڕەتییەکانی رۆنانی وشە بریتین لە: مۆرفیمی بنجی و مۆرفیمی گیرەك.(جی سی کت فورد: ١٩٩١:٣٩). یاسای رۆنانی وشەو کەرەستەی رۆنانییەکانی لەخوارەوە پیشان دەدەین:

(پێش)° ب° (پاش)° [1]

لێرەدا هەندێ نموونە بۆ رۆنانی وشەی زمانی کوردی دەهێنینەوە و چۆنییەتی دابەشکردنی وشە بۆ کەرەستە رۆنانییەکانی لەم تیۆرە پیشان دەدەین. بۆ جیاکردنەوەی مۆرفیمی بنجی سەربەست لە مۆرفیمی بنجی تەوەرەیی، لەژێر مۆرفیمی بنجی سەربەست دا تەنیا یەك هێل و لەژێر مۆرفیمی بنجی تەوەرەیی دوو هێل دەکێشین:

ئازاد ، دار ، گوڵ ← ب
ب ب ب

مار ماسی ، کتێبخانە ، گوڵ فرۆش ← ب°
ب ١ ب ٢ ب ١ ب ٢ ب ١ ب ٢

نە زان ، لە بار ، نا لە بار ← پێش° ب
پێش ب پێش ب پێش٢ پێش١ ب

---

[1] (پێش) کورتکراوەی پێشگرەو وەکو هێمایەك بۆ پێشگر بەکاردێت، (ب) هێمایە بۆ مۆرفیمی بنجی، (پاش) کورتکراوەی پاشگرەو وەکو هێمایەك بۆ پاشگر بەکاردێت. ئەو کەرستانەی لەناو کەوانەدان، کەرەستەی بە ئارەزوون و مەرج نییە لە هەموو وشەیەك هەبن و کەرەستەی دەرەوەی کەوانە کەرەستەی بەخورتییە، بازنە بچووکی سەرووی هەریەك لەم کەرستانە بەواتای شیمانەی دووبارەبوونەوەی هەریەك لەم کەرستانە پیشان دەدات.

ب پاش                    ، کورد ستان      ،     زان ا      ، رۆژ گار

ب پاش      ب پاش      ب پاش      ب پاش

ب پاش      ها ت  Ø  ، نوو س ر  ا  و  ، هێن  ا  و  م  ه

ب پاش ١ پاش٢ ب پاش١ پاش٢ پاش٣ ب پاش١ پاش٢ پاش٣ پاش٤

ب پاش      لەرز و تا ، رەنگ او رەنگ ، ب که ر

ب١ پاش١ ب٢ ب١ پاش ب٢ ب١ ب٢ پاش

پێش ب پاش      به هێز ی ، نا له بار ی

پێش ب پاش پێش٢ پێش١ ب پاش

ب پاش      گورگـــان خوار د وو ، ب ت هێن ا ب ا

ب١ پاش١ ب٢ پاش٢ پاش٣ ب١ پاش١ ب٢ پاش٢ ب٣ پاش٣

وەك له شیکردنەوەی نموونەکان دەبینرێت مۆرفیمی بنج له هەموو نموونەکان هاوبەشه، بۆیه دەتوانین بڵێین وشەمان نییه له زمانی کوردیدا که مۆرفیمی بنجی تێدا نەبێ، هەروەها دەکرێ له تاکه وشەیەکدا چەند مۆرفیمی بنجی بەکاربێت. له هەندێ وشەی زمانی کوردیدا جگه له مۆرفیمی بنج پێشگرەکانیش بەشداری ڕۆنانی وشەکه دەکەن و دەکرێ له وشەیەك چەند پێشگرێك بەکاربێت. پاشگرەکانیش بەهەمان شێوەی پێشگرەکان بەشداری ڕۆنانی وشه دەکەن. ئەم نموونانەی سەرەوه بەڵگەن بۆ سەلماندنی یاسای گشتی ڕۆنانی وشه له زمانی کوردیدا. به لێکدانی یاسای ڕۆنانی نموونەکان دەبینین یاسای ڕۆنانی وشه (پێش) ب (پاش) بۆ زمانی کوردی دەگونجێ.

**٣- ٢- ٣- گرێ**

لای ڕێزمان نووسه کوردەکان بەچەند شێوەیەك پێناسەی گرێ کراوه که بەزۆری پێناسەکانیان گشتگیر نین و هەموو جۆرەکانی گرێ ناگرنه خۆیان(١)١. بەگشتی دوو جۆره بیرو بۆچوون لەبارەی گرێ هەن: (به پێی بیرو بۆچوونی یەکەم : گرێ کۆمەڵه وشەیەکه بەسەر

---

(١) بڕوانه : ساجیده عبدالله فرهادی و طالب حسین علی، گرێ و جۆرەکانی گرێ، گۆڤاری (الاستاذ)، ژماره ٥٦.

یەکەوە واتایەکی تەواو نابەخشێ کاری تێدا نییە، واتا دەبێ هەموو گرێیەك لە وشەیەك زیاتر بێ، بەلاَم بە پێی بیرو بۆچوونی دووەم کە نوێترە گرێ مەرج نییە لە کۆمەڵە وشەیەك پێکهاتبێ مەرجیش نییە کاری تێدا نەبێ، واتا گرێ لەوانەیە لەتاکە وشەیەك پێکهاتبێ بەتایبەتی لەگرێی ناویدا، ئەگەر گرێ کاری تێدابێ ئەوا جۆری دووەمی گرێ دەگرێتەوە کە گرێی کارییە) (ساجیدە عبداللە فرهادی:٢٠٠٦:٧٢٢)

وریا عمر ئەمین بەم شێوەیە باس لەگرێ دەکات: (هەر دانەیەکی رێزمانی بتوانێ دەوری بەشێکی بنجی ڕستە بگێڕێ (فریز) یێك پێکدەهێنێ.) (وریا عمر ئەمین:(B) ١٩٨٦ :١٨٤ ) ئەم پێناسەیەی گرێ هەموو جۆرەکانی گرێ لەخۆ دەگرێ.

هەر تیۆرێکی زمانی بەپێی تێڕوانینی تایبەتی خۆی بۆ زمان، ڕستەو کەرەستە ڕۆنانییەکانی پۆلین دەکات بۆ نموونە (لە پۆلینکردنی گرێ لە تیۆری بەرهەم هێنان و گوێزانەوە دەستنیشانی چوارجۆر فرێز کراوە: گرێی ناوی ، گرێی کاری، گرێی ئاوەڵناوی ، گرێی بەند) (حاتم ولیا حمد:٢٠٠٦:٥٣)

هەندێ لە رێزمان نووسە کوردەکان پێنج جۆر گرێیان دەستنیشانکردوە (بێگومان سادەترین ڕستە لە زمانی کوردیدا لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت:

بەشی یەکەم: گرێی ناوی گ.ن

بەشی دووەم: گرێی کاری گ.ك

هەندێ بەشی تر وەك (گرێی ئاوەڵناوی، گرێی ئاوەڵکاری) بەشداری لەداڕشتنی ڕستەدا دەکەن و دەبنە بەشێك لەدوو بەشە سەرەکییەکە. گرێی ئاوەڵکاری نەبێت وەکو بەشێکی ناسەرەکی لەڕستەدا دێت و نابێتە بەشێك لەگرێی ناوی، چونکە تەنیا بۆ روونکردنەوەی کارەکەیە و بەندە بەواتای کارەکەوە.) (ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی:١٩٩٦:٢١)

بەپێی تیۆری کاتیگۆری و پێوانە بەم شێوەیە پێناسەی گرێ دەکرێت و سێ جۆر گرێ دەستنیشان دەکرێت: (بەو یەکە زمانیە دەگوترێت کە لەو شەیەك یا زیاتر پێکهاتبێ و رۆڵی لە رۆنانی یەکەی سەرووی خۆی، واتا پاڕستەدا هەبێ. لەپێوانەی پلەی یەکەکانی زمانی کوردیدا، گرێ لە خوارووی پاڕستەیە و لە سەرووی وشەوەیە. گرێ لەزمانی کوردیدا دابەشی سێ پۆل دەبێ: گرێی ناوی، گرێی کاری و گرێی ئاوەڵکاری. گرێی ناوی لە رۆنانی پاڕستە، شوێنی بکەر،

تەواوکەر و هەندێ جار شوێنی سەربار دەگرێ، گرێی کاری بەردەوام رۆڵی کار دەگێڕێت لەپاڕستەدا، هەروەها ئاوەڵکاری ، بەردەوام شوێنی سەربار دەگرێت)(١)١.

لێرەدا باس لە هەریەك لەم گرێیانە دەکەین:

## ٣- ٢- ٣- ١- گرێی ناوی:

گرێی ناوی لەزمانی کوردیدا لەوشەیەك یان زیاتر پێکدێت کە لە رۆنانی پاڕستە شوێنی بکەر، تەواوکەر و هەندێجار شوێنی سەربار دەگرێت وەك:

| | | |
|---|---|---|
| حەسەن | بەیانی | دێت . |
| گ.ن | گ.ن | گ.ك |
| بکەر | سەربار | کار |

| | | |
|---|---|---|
| حەسەن | نانی | خوارد. |
| گ.ن | گ.ن | گ.ك |
| بکەر | تەواوکەر | کار |

## ٣- ٢- ٣- ٢- یەکە رۆنانییەکانی گرێی ناوی:

هەموو گرێیەك لەزمانی کوردیدا بەلای کەمەوە لەیەك سەرە پێکدێت، هەندێ جار لەپێش و دوای سەرە، دیارخەر لەناو گرێکەدا بەرچاو دەکەوێ. ئەو دیارخەرانەی لەپێش سەرەوە بەرکاردێن بەدیارخەری پێش سەرە ناودەنرێن وەکو هێمایەك لە کورتکراوەی (د.پ)، بۆ دیارخەری پێش سەرە بەکاردێنین. ئەو دیارخەرانەی دەکەونە دوای سەرە بەدیارخەری دوای سەرە ناو دەنێین و (د.د) دەکەینە هێمای. (س) هێمایە بۆ سەرە، بوونی سەرە لە گرێی ناویدا بەخورتییە، بەڵام دیارخەرەکان بەئارەزوون. هەندێ لەدیارخەرەکانی دوای سەرە بەهۆی ئامرازی خستنەسەر دەخرێنە پاڵ سەرە، هێمای (ئا.خ) بۆ ئەم یەکەیە دادەنێین.

لە هەنگاوی یەکەمی شیکردنەوەدا دەتوانین ئەم یەکانەی خوارەوە لە رۆنانی گرێی ناویدا دەستنیشان بکەین. (د.پ)° س° (ئاخ)° (د.د)°

یەکەکانی ناو کەوانە بەئارەزوون و سەرەکە بەخورتییە لەدەرەوەی کەوانەیە. هەموو یەکەکان جگە لەسەرە توانای دووبارەبوونەوەیان هەیە، بازنەی سەرووی یەکەکان هێمایە بۆ شیمانەی دووبارەبوونەوەیان . ئەم یەکانە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەن کە بەهۆیەوە لەیەکتری جیا دەکرێنەوە:

دیارخەرەکانی پێش سەرە ناخرێنە سەر یەك و هیچ ئامرازێکیان لەنێوان دا بەکارنایەت.

---

(١) بۆ گونجاندنی لەگەل زمانی کوردیدا دەستکاری تێدا کراوە، پێناسەکە لە ( محمد رضا باطنی:٢٠٠١، ل١١٠ ) وەرگیراوە

یەکەم وشە کە ئامرازی خستنە سەری دەچێتە سەر سەرەیە.

هەندێ لە دیارخەرەکانی دوای سەرە بەهۆی ئامرازی خستنەسەرەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە وەك:

أ) ئەم سێ قوتابیی ە زیرەکـــە
د.پ س ئا.خ د.د

ب) قوتابیانـــی پۆلـــی دووەمـــی بەشـــی زمانـــی کوردی
س ئاخ د.د ئاخ د.د ئاخ د.د ئاخ د.د ئاخ د.د

لێرەدا باس لە رۆنانی هەریەك لەم یەکانە دەکەین:

یەکەی رۆنانی سەرەوە:

ئەو پۆلەی کە لەجیاتی سەرەی گرێی ناوی بەکاردێت بەزۆری ناوە. جگە لەناو هەندێ کە ڕستەی تریش دەتوانن رۆڵی سەرە بگێڕن لە گرێی ناویدا وەك: راناو، ئاوەڵناو، ژمارە، چاوگ، ئاوەڵکار. لەخوارەوە نموونە بۆ هەریەك لەمانە دەهێنینەوە.

ناو وەکو سەرەی گرێی ناوی:

ئازاد هات. ، ئەم گوڵانە ، گوڵێکی جوان
گ.ن گ.ن گ.ن

لەشکر ی سێیەم ، خەونـــێکـــی خۆش ، مامۆستا ی زیرەك
گ.ن گ.ن گ.ن

راناو وەکو سەرەی گرێی ناوی:

تۆ دەچی بۆ سەیران؟ ، ئەمە برامە. ، خۆی کوشت./ خۆم دەچم بۆ بازار.
س راناوی سەربەخۆ گ.ن س راناوی نیشانە گ.ن س راناوی خۆیی گ.ن س گ.ن

کەی دێی؟ ، یەکێك دێت ، هیچ ناڵێ.
گ.ن س راناوی پرس س راناوی نادیاری گ.ن س راناوی نەفی گ.ن

ئاوەڵناو وەکو سەرەی گرێی ناوی

گەورە ئاو دەرێژێ گچکە پێی لێ دەنێ. گەورە ی ماڵ ەکە مرد.
س گ.ن گ.ن س ئاخ د.د د.د
گ.ن

هەژار ەکە بەیەکەم دەرچوو. ، زیرەك ەك ان خۆشەویستن.
س د.د س د.د د.د
گ.ن گ.ن

خانووەکان کۆن بوون.
گ.ن س
گ.ن

ئاوەکە شلەتێن بوو.
گ.ن س
گ.ن

ب) ژمارە وەکو سەرەی گرێی ناوی:

یەکەمــەکــان خەلاَت کران.
س د.د د.د
گ.ن

یەك ی شوبات
س ئا.خ د.د
گ.ن

دوانزە ی نیوەڕۆ
س ئا.خ د.د
گ.ن

ج) چاوگ وەکو سەرەی گرێی ناوی:

جگەرەکێشان قەدەغەیە. ، خوێندن خۆراکی روحە.
س س

مردن سەرەتای ژیانێکی نوێیە. ، چاپکردنــی کتێبـــەکە م دواخرا بۆ مانگی داهاتوو.
س
س د.د د.د
گ.ن
س ئاخ د.د

چ) ئاوەڵکار وەکو سەرەی گرێی ناوی:

دوێنێ شەو ، سەربازەکان شێرانە قەلاَی دوژمنیان داگیرکرد.
س د.د س

ئەوان پێکەوە هاتن. ، ئەوان زۆریان خوارد. ئەوان خێرا رۆیشتن.
س س س
گ.ن گ.ن گ.ن

**٣- ٢- ٣- ٣- یەکەی رۆنانی دیارخەری پێش سەرە:**

لە زمانی کوردیدا تەنیا پێنج دیارخەر لەپێش سەرەوە بەکاردێن، ئەمەش وا دەکات کە لەهەنگاوی دووەمی شیکردنەوە، دیارخەری پێش سەرە دابەشی پێنج یەکەی بچووکتر ببێت. پەیوەندی ئەم پێنج یەکەیە و سەرە لەم خشتەیەی خوارەوە پیشان دەدرێت:

| د.پ.س | | | | | س | ئا.خ | د.د.س | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| د.پ.س٥ | د.پ.س ٤ | د.پ.س٣ | د.پ.س ٢ | د.پ.س ١ | | | | |
| —— | بەس | ئەم... ـە | دوو | —— | کتێب | ـە | دستنوس | باش هەڵبگرە |
| هەر | هەموو | ئەم... ـە | سێ سەد | سەر | مەر | —— | —— | بفرۆشە |
| | تەنیا | ئەم... ـە | دوو | جووت | پێلاو | —— | —— | بۆیاخ کە |
| هەر | تەنیا | ئەم... ـە | سێ | شیش | گۆشت | —— | —— | ببرژێنە |

**خشتەی ژمارە (١٠)**

ئەگەر هەموو خانەکانی دیارخەری پێش سـەرە پـڕبن، کەرەسـتەکان بـە ریـز بـوونی سـەرەوە دەردەکەون کاتێ خانەکانی نزیك سەرە بەتاڵ بن، دیارخەرەکانی دیکە لەسـەرە نزیـك دەبنـەوە،

بەلام خانە بەتاڵەکان هەر دەمێنن و ئەگەری پڕ بوونەوەیان هەیە. وەك لەم خشتەیەی خوارەوە دەبینین:

| گرێی ناوی | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| د.پ.س | | | | | س | ئا.خ | د.د.س | |
| د.پ.س٥ | د.پ.س ٤ | د.پ.س٣ | د.پ.س ٢ | د.پ.س ١ | | | | |
| —— | —— | —— | —— | —— | گۆشت | —— | دکە | ببرژێنە |
| —— | —— | ئەم... ـە | —— | —— | گۆشت | —— | —— | ببرژێنە |
| —— | —— | —— | چەند | شیش | گۆشت | —— | —— | ببرژێنم |
| هەر | هەموو | —— | —— | —— | گۆشت | —— | دکە | ببرژێنە |
| هەر | تەنیا | —— | چوار | شیش | گۆشت | —— | —— | ببرژێنە |
| هەر | تەنیا | ئەم... ـە | دوو | شیش | گۆشت | —— | —— | ببرژێنە |

**خشتەی ژمارە ( ١١ )**

(لە ریزبوونی کەرەستەکان ئەوەی بەدی دەکرێ ئەوەیە کە لەشتی دیارەوە دەڕوات بۆ نادیار، واتا ئەو کەرستانەی کە شتەکە دەست نیشان دەکەن یان ژمارەو رادەی شتەکە روون دەکەنەوە، دەکەونە پێشەوە وەك: ئامرازی نیشانە، ژمارە، رادە.) (ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی:١٩٩٦:٢١) هەروەها ئامرازی تەئکیدی (هەر) و ئامرازی بێجگەی (تەنیا و بەس) لەپێشەوەی گرێی ناوی بەکاردێن و لە رووی شوێنی بەکارهێنانیانەوە دوورترین شوێنیان هەیە لەسەرە. ئامرازی نیشانە، ژمارەو رادە، پاش ئەم دوو کەرەستەیەدێن.

**١ ) دیارخەری پێش سەرە ( خانەی یەکەم )**

پۆلێك کە لەخانەی د.پ١ بەکاردێ بریتییە لە ناو، ئاوەڵناوی پلەی بالاْ، نازناو، هەریەك لەمانە وشەی سەربەخۆن و دەتوانن لەشوێنی دیکەش بەکاربێن. نموونە بۆ هەریەك لەم کەرستانە لە د.پ١:

ناو: <u>سەرۆك</u> <u>کۆمار</u>، دوو <u>مەتر</u> <u>قوماش</u>

د.پ١ س د.پ١ س

ئاوەڵناوی پلەی بالاْ: <u>چاکترین</u> <u>گوڵ</u> ، <u>زیرەکترین</u> <u>قوتابی</u> ، <u>بەهێزترین</u> <u>پیاو</u>

د.پ١ س د.پ١ س د.پ١ س

| نازناو: | سوڵتان | مەحموود، | ماموٚستا | ئازاد، | حاجی | ئازاد |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | د.پ١ | س | د.پ١ | س | د.پ١ | س |

**ب ) دیارخەری پێش سەرە ( خانەی دووەم ):**

**ئەو پۆلەی لەخانەی د.پ٢ بەکاردێت دابەشی سێ پۆلی بچووکتر دەبێ:**

**١-پۆلی بچووکی ژمارە**

**٢- پۆلی بچووکی نەفی**

**٣- پۆلی بچووکی راناوی پرس.**

**لەخشتەی خوارەوە ئەندامەکانی هەریك لەم پۆلە بچووکانە پیشان دەدەین:**

| د.پ.س | | | | | | س | ئا.خ | د.د.س |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| د.پ.س٥ | د.پ.س ٤ | د.پ.س٣ | د.پ.س ٢ | | د.پ.س ١ | | | |
| هەر | تەنیا | ئەم ... ە | دوو | ژمارە | جووت | پێڵاو | —— | —— |
| + | + | + | سێ | | —— | پیاو | | |
| + | + | + | پانزە | | | | | |
| + | + | + | سەد وبیست | | | | | |
| | | | .... | | | | | |
| —— | —— | —— | هیچ | نەفی | —— | پێڵاو | —— | ێك |
| | | | —— | | | | | |
| —— | —— | —— | کام | ڕاناوی پرس | | گوڵ | | |
| —— | —— | —— | چەند | | مەتر | قوماش | | |
| | | | —— | | | | | |

**خشتەی ژمارە(١٢ )**

**پۆلی بچووکی ژمارە، پۆلێکی کراوەیە واتا ژمارەی ئەندامانی بێ کۆتاییە، هەموو ژمارەکان دەگرێتە خۆی جگە لەژمارەی پلەیی کە لەد.پ١ بەکاردێن. پۆلی بچووکی نەفی پۆلێکی داخراوی تاك ئەندامییە. پۆلی بچووکی راناوی پرس، ئەم پۆلە تەنیا دوو راناوی پرس دەگرێتە خۆی ئەویش (کام، چەند) ن، راناوەکانی تری پرس ناتوانن وەکو دیارخەری پێش سەرە لەد.پ.٢ بەکاربێن.**

**پ ) دیارخەری پێش سەرە ( خانەی سێیەم ):**

ئەو پۆلەی لە د.پ٣ بەکاردێت پۆلێکی داخراوەو تەنیا چوار ئەندامی هەیە، پۆلی ئامرازی نیشانە ئەم ئەندامانە دەگرێتە خۆی (ئەمە، ئەمانە، ئەوە، ئەوانە). لەرۆڵ گیڕان لەگرێدا دەبنە دوو لەت، لەتی یەکەم لەپێشەوە دەمێنێ و لەتی دووەم بە دوای سەرەوە دەلکێت بەمەرجێك کە گرێیەکە لەدیارخەرەکانی دوای سەرە ئاوەڵناوی تێدا نەبێ، ئەگەر لەدیارخەرەکانی دوای سەرە ئاوەڵناو هەبوو لەتی دووەم بە ئاوەڵناوەکە دەلکێت.

| | | |
|---|---|---|
| ئەم...ە | ئەم...انە | ئامرازی نیشانە= لەتی١+لەتی٢ |
| ئەو...ە | ئەو...انە | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| تەنیا سەرە : | ئەم گوڵە | ئەم گوڵانە | = لەتی١ +سەرە+لەتی٢ |
| | ئەو گوڵە | ئەو گوڵانە | |

سەرەو دیارخەری پاش سەرەی ئاوەڵناوی:

ئەم گوڵە بۆن خۆشە ، ئەم گوڵە بۆن خۆشانە = لەتی١ +سەرە+د.پ ئاوەڵناو+لەتی٢

ئەو گوڵە بۆن خۆشە ، ئەو گوڵە بۆن خۆشانە

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە ئامرازی نیشانە هەرگیز لەگەڵ (ەکە) ی ناسراوی (ێك) ی نەناسیاوی بەکار نایێت. هەروەها ئەگەر ئامرازی نیشانەی (ئەو- انە و ئەم...انە) لەناو گرێدا بەکارهاتبوو هەردەم سەرەی گرێ ناوییەکە تاکەو (ان) ی کۆ وەرناگرێت وەك لە نموونەکانی سەرەوەدا بەرچاو دەکە.ن.

**ت ) دیارخەری پێش سەرە ( خانەی چوارەم ):**

ئەم خانەیە دوو پۆلی بچووکتر دەگرێتە خۆی: یەکەم پۆلی بچووکی رادە وەك هەندێ، هەموو، کەمێ، کەمێك، نەختێ، نەختێك، تۆزێ،...هتد. دووەم پۆلێکی داخراوەو تەنیا دوو ئەندامی هەن ئەوانیش (تەنیا و بەس) ن.

| | |
|---|---|
| <u>تەنیا</u> ئەم دوو جووت پێڵاوە<br>د.پ٤ | <u>بەس</u> ئەم پیاوە<br>د.پ٤ |
| <u>هەموو</u> ئەم گوڵانە<br>د.پ٤ | <u>نەختێ</u> ئەم ئاوە<br>د.پ٤ |

**چ ) دیارخەری پێش سەرە خانەی ( پێنجەم ):**

ئەم پۆلە تەنیا یەك ئەندامی هەیە ئەویش (هەر) کە بۆ جەختکردنە ، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

هەر ئەم چوار خانووە
د.پ٥

هەر ئەم گوڵە
د.پ٥

**٣- ٢- ٣-٤- یەکەی ڕۆنانی دیارخەری دوای سەرە:**

لە هەنگاوی دووەمی شیکردنەوەدا دیارخەری دوای سەرە دابەشی حەوت کەرەستەی بچووکتر دەبێ کە حەوت خانە دروست دەکەن. ئەم خانانە بە بە کەرەستەی جیاواز پڕ دەکرێنەوە و بە پێی پەیوەندییان بەسەرەوە لەخانەی جیاوازدا دەردەکەون، ئەو کەرەستەیەی کە پەیوەندی بەهێزتری بەسەرەوە هەبێ لەسەر نزیکترە. مەرج نییە لەیەك کاتدا هەر حەوت خانە کە دیارخەری تێدابێت، کاتێ یەکێ لەخانەکان بەتاڵ بێت کەرەستە دوورەکان لەسەرەوە نزیك دەبنەوە، بەڵام شیمانەی پڕبوونەوەی ئەم خانە بەتاڵانە هەر هەیە. لەم خشتەیەی خوارەوەدا هەندێ نموونە بۆ دیارخەرەکانی دوای سەرە پیشان دەدەین:

| نموونەکان | سەرە | ئا.خ | د.د١ | د.د٢ | د.د٣ | د.د٤ | د.د٥ | د.د٦ | د.د٧ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | د.د | | | | | | |
| پیاوە نەخۆشەکە | پیاو | ە | - | - | نەخۆش | ەکە | - | - | - |
| ژوورە نەشتەرگەرییە نوێکە | ژوور | ە | - | نەشتەرگەری | نوێ | ەکە | - | - | - |
| ئەحمەد بەگ | ئەحمەد | - | - | بەگ | - | - | - | - | - |
| کراسە سپییەکە | کراس | ە | - | - | سپیی | ەکە | - | - | - |
| قوتابییە زیرەکەکان | قوتابی | ە | - | - | زیرەك | ەکە | ان | - | - |
| ئامۆزای ئازاد کە ڕۆیشتبوو بۆ بازاڕ | ئامۆزا | ی | - | - | ئازاد | - | - | - | کە ڕۆیشتبوو بۆ بازاڕ |
| نەخۆشخانەیەکی پێشکەوتووی دڵ | نەخۆشخانە | ی | یەك | نەشتەرگەری | - | - | - | دڵ | - |
| کانیەکەی بەرمالآن | کانی | ی | - | - | - | ەکە | - | - | بەرمالآن |
| پانتۆڵی ڕەشی ئازاد | پانتۆڵ | ی | - | - | ڕەش | ئازاد | - | | - |

**خشتەی ژمارە (١٢)**

ا ) **دیارخەری دوای سەرە ( خانەی یەکەم ):**

ئەو پۆلەی لەخانەی یەکەمی دیارخەری دوای سەرە کاردەکات، پۆلێکی تاک ئەندامییە ئەویش مۆرفیمی نەناسراوی (ێك) ە، بەزۆری بەسەرەوە دەلکێت و سەرەی گرێی ناوییەکە بۆ نەناسراو دەگۆڕێت. وەك:

قوتابی + یەك قوتابیـــیەك

س د.د١

کوڕی حەسەن + یەك کوڕێکی حەسەن

تەنیا لەو حاڵەتانەی کە مۆرفیمی کۆ بەپێش مۆرفیمی نەناسراویەوە دەلکێت، مۆرفیمی نەناسراوی لەسەرەوە دووردەبێ، وەك ئەم نموونانەی خوارەوەدا:

کەســـانـــێك ســـاڵـانـــێك شەو انـــێك

س د.د د.د١ س د.د د.د١ س د.د د.د١

ئەو وشانەی کە (ان) ی کۆ بەپێش مۆرفیمی نەناسراوی (ێك) دەکەوێ ژمارەیان کەمە، جگە لەمۆرفیمی (ان) ، (گەل) یش رۆڵی کۆکردنەوە دەگرێتە ئەستۆ، لەم حاڵەتانەش دا دیسان مۆرفیمی نەناسراوی لەسەرە دوور دەکەوێتەوە، وەك:

کوڕ گەلـــێك کچ گەلـــێك

س د.د د.د١ س د.د د.د١

ب ) **دیارخەری دوای سەرە ( خانەی دووەم ):**

ئەندامانی ئەم پۆلە بەزۆری ناون، زۆرجار سەرەو دیارخەری دوای سەرەی خانەی دووەم کەرەستەیەکی واتایی پێکدەهێنن، ئەگەر لەم نموونانەدا ئامرازی خستنەسەر لابرێت سەرە دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی دیارخەرەکە و لەگرێیەوە دەگۆڕێن بۆ وشەی لێکدراو وەك:

سەرۆکـــی کۆمار سەرۆك کۆمار وشەی لێکدراو

س ئا.خ د.د٢ ب ب

جگە لەناو هەندێ نازناویش لە د.د٢ بەکاردێن وەك:

ئازاد بەگ ئەحمەد گەردی

س د.د٢ س د.د٢

**ت ) دیارخەری دوای سەرە ( خانەی سێیەم ):**

ئەندامانی ئەو پۆلەی لەخانەی سێیەمی دوای سەرە بەکاردێن بەزۆری ئاوەڵناون، راستەوخۆ بۆ سەرە دەگەڕێنەوە و وەسفی دەکەن، دەتوانین چەند ئاوەڵناوێك لە د.د٣ هەڵبژێرین و بەهۆیانەوە وەسفی سەرەکە بکەین.

کوڕ ە هەژار ەکە ، کوڕ ێکـــــی هەژار ، مریشکـــە برژاو ەکە
س ئا.خ د.د٣ د.د٤ ، س د.د١ ئا.خ د.د٣ ، س ئا.خ د.د٣ د.د٤

جگە لەئاوەڵناوەکان ژمارەکانیش دەتوانن رۆڵی دیارخەری بگێڕن لەخانەی سێیەمی دیارخەریدا وەك:

خانوو ی سێیەم ، دەرگا ی دووەم ، پۆلـــی چوارەم
س ئا.خ د.د٣ ، س ئا.خ د.د٣ ، س ئا.خ د.د٣

**پ ) دیارخەری دوای سەرە ( خانەی چوارەم ):**

ئەم خانەیە، پۆلێکی تاك ئەندامی تێدا کاردەکات ئەویش مۆرفیمی (ەکە) ی ناسراوییە، مۆرفیمی ناسراوی (ەکە) و (ێك) ی نەناسراوی لەیەك کاتدا لەناو گرێ دا دەرناکەون، هەروەها ئەگەر ناوەکانی ئیشارە وەکو دیارخەر پێشەوەی گرێ بەدەرکەوتن دیسان (ەکە) ی ناسراوی بەکارنایێت. (( ناوی ئیشارە) و (ەکە) و (ێك) هەرگیز لەگەڵ یەکتری کارناکەن) (وریا عمر ئەمین(B) ١٩٨٦:١٨٨). نموونە بۆ (ەکە) ی ناسراوی لە رۆڵی د.د٤:

کوڕ ەکە ، مامۆستا کە
س د.د٤ ، س د.د٤

**چ ) دیارخەری دوای سەرە ( خانەی پێنجەم ):**

پۆلێکی تاك ئەندامی لەخانەی پێنجەمی دوای سەرە رۆڵ دەگێڕێ ئەویش مۆرفیمی (ان) ی کۆیە، ئەم مۆرفیمە بەزۆری دوای مۆرفیمی ناسراوی (ەکە) بەکاردێت، وەك:

کوڕ ەکـــان ، مامۆستا کـــان
س د.د٤ د.د٥ ، س د.د٤ د.د٥

هەندێ جار مۆرفیمی (ان) ی کۆ بەبێ مۆرفیمی ناسراوی لەناو گرێ دا بەکاردێت وەك:

قوتابیـــــان ، گەنجـــــان
س د.د٥ ، س د.د٥

**ج ) دیارخەری دوای سەرە ( خانەی شەشەم ):**

ئەو پۆلەی لە خانەی شەشەمی دیارخەری دوای سەرەدا رۆڵ دەگێڕێ دابەشی دوو پۆلی بچووکتر دەبێ: یەکەم پۆلی بچووکی راناو، دووەم پۆلی بچووکی ناو. ئەم دوو پۆلە بچووکە لەیەك کاتدا پێکەوە دەرناکەون، بەدەرکەوتنی یەکێ لەم پۆلە بچووکانە پۆلەکەی تر ناتوانێ دەرکەوێ.

یەکەم پۆلی بچووکی راناو: ئەم پۆلە دابەشی دوو پۆلی بچووکتر دەبێ کە هەر یەکێکیان شەش ئەندامی هەیە و هەردووکیان پۆلی داخراون، هەروەها پێکەوە لەناو گرێدا دەرناکەون.

پۆلی بچووکی راناوەکان(أ): ئەم پۆلە بچووکە شەش ئەندامی هەیە و هەر ئەندامەی بەدوو شێوە بەکاردێت لە دوو خشتەی خوارەوەدا هەردوو شێوەی ئەم ئەندامانە پیشان دەدەین:

(خشتەی ژمارە ١٤ ) شێوەی یەکەم

| کەس | ژمارە | |
|---|---|---|
| | تاك | کۆ |
| کەسی یەکەم | من | ئێمە |
| کەسی دووەم | تۆ | ئێوە |
| کەسی سێیەم | ئەو | ئەوان |

(خشتەی ژمارە ١٥ ) شێوەی دووەم

| کەس | ژمارە | |
|---|---|---|
| | تاك | کۆ |
| کەسی یەکەم | م | مان |
| کەسی دووەم | ت | تان |
| کەسی سێیەم | ی | یان |

پۆلی بچووکی راناوەکان (ب): ئەم پۆلە بچووکە شەش ئەندامی هەیە کە لەخشتەی خوارەوە پیشان دەدرێ:

(خشتەی ژمارە ١٦ )

| کەس | ژمارە | |
|---|---|---|
| | تاك | کۆ |
| کەسی یەکەم | خۆم | خۆمان |
| کەسی دووەم | خۆت | خۆتان |
| کەسی سێیەم | خۆی | خۆیان |

**نموونە بۆ پۆلی ڕاناو لەگرێی ناویدا:**

**(خشتەی ژمارە ١٧ )**

| پۆلی بچووکی ڕاناوەکان(أ) | | پۆلی بچووکی ڕاناوەکان (ب) |
|---|---|---|
| شێوەی یەکەم | شێوەی دووەم | |
| کتێبی من | کتێبم | کتێبی خۆم |
| کتێبی تۆ | کتێبت | کتێبی خۆت |
| کتێبی ئەو | کتێبی | کتێبی خۆی |
| کتێبی ئێمە | کتێبمان | کتێبی خۆمان |
| کتێبی ئێوە | کتێبتان | کتێبی خۆتان |
| کتێبی ئەوان | کتێبیان | کتێبی خۆیان |

**پۆلی بچووکی دووەم ناو**

**دووەمین پۆل کە دەتوانێ لەخانەی شەشەمی دیارخەری دوای سەرە ڕۆڵ بگێڕێ ناوە، لەبەر ئەوەی ناو دەتوانێ ببێتە سەرەی گرێی ناوی و ئەگەری ئەوە هەیە کە گرێیەکی ناوی وەکو دیارخەرێك لەخانەی شەشەم ڕۆڵ بگێڕێ، لەم حاڵەتەدا ئەمە دەبێتە پێچەوانەی پلە. لەرووی تیۆرە وە قسەکەر دەتوانێ بێ کۆتایی گرێی ناوی بخاتە خانەی شەشەمی دیارخەرەکانی دوای سەرە، بەڵام لەرووی پراکتیکەوە ئەمە کارێکی ئەستەمە، چونکە قسەکەر هەوڵدەدات لەکاتێکی کورتدا، بەکەمترین وزە زۆرترین زانیاری بداتە گوێگر ، هەروەها گوێگریش ئەمە قبووڵ ناکات کە چەند گرێیەکی ناوی یەك لەدوای یەك ببنە دیارخەری دوای سەرە.**

**نموونە بۆ ناو لەخانەی دیارخەری دوای سەرەدا:**

**پانتۆڵـــی ڕەشـــــی ئازاد**      **جانتا ی گەورە ی سارا**

**س ئا.خ د.د٣ ئا.خ د.د٦**      **س ئا.خ د.د٣ ئا.خ د.د٦**

**نموونە بۆ گرێی ناوی وەکو د.د٦**

**پۆلـــی دووەمـــی بەشـــی زمانـــی کوردی ی کۆلێژ ی زمانـــی زانکۆ ی سەلاحەددین**



لوتکە ی  ئەم  چیا  بەرز  انە
د.پ.٣  س  د.د.٣
س  ئا.خ  د.د٦

**ح ) دیارخەری دوای سەرە ( خانەی حەوتەم ):**

ئەو پۆلەی لەم خانەیەدا بەکاردێت بریتییە لە پاڕستە یا  گرێی ئاوەڵکاریی پێچەوانەی پلە، بەو واتایەی کە ئەم کەرستانە دەبنە دیارخەرێك بۆ سەرەی گرێی ناوی، لەخوارەوە نموونە بۆ هەریەکەیان دەهێنینەوە:

ئازاد  کە لە زانکۆی ئۆکسفورد بەریتانیا دهخوێت لە پشووی هاوینە دەگەرێتەوە کورستان.
س  د.د٧ (پاڕستەی پێچەوانەی پلە)

کانی یەکە  ی  بەرمالان ئاوەکەی ساردە.
س  د.د٤  ئا.خ  د.د٧ ( گرێی ئاوەڵکاریی پێچەوانەی پلە)

دەکرێ لەیەك کاتدا گرێی ئاوەڵکاری و پاڕستەی پێچەوانەی پلە لە د.د٧ دەرکەون کە لەم حاڵەتەدا گرێ بەندەکە پێش پاڕستە دەکەوێت وەك:

چێشتخانە کە ی  لای پەرلەمان  کە تازە کراوەتەوە خواردنی زۆر خۆشە.
س  د.د٤ ئا.خ  د.د٧  د.د٧

**٣- ٢- ٣- ٤- ڕۆڵی ئامراز لەگرێی ناویدا**

ئامراز بەچەند مەبەستی جیاواز لەگرێی ناویدا بەکاردێت کە ئەمانەی خوارەوەن:

( أ ) ***خستنەسەر:*** هەردوو ئامرازی (ە،ی) ڕۆڵێکی چالاکیان هەیە لەوەی کە هەندێ دیارخەری دوای سەرە بخەنە پاڵ سەرە. لەم ڕووەوە دیارخەرەکانی دوای سەرە دابەشی دوو جۆر دەبن:

١- ئەو دیارخەرانەی کە بەبێ ئامراز دەخرێنە پاڵ سەرە:

د.دا مۆرفیمی نەناسراوی (ێك) وەك: کوڕێك، کچێك.

د.د٢ نازناو، هەندێ لەناوەکان وەك: ئەحمەد بەگ، ئەحمەد عەلی حسین

د.د٤ مۆرفیمی ناسراوی (ەکە)  وەك: کوڕەکە، کچەکە

د.د٥ مۆرفیمی کۆی (ان)  وەك: کوڕەکان، مامۆستایان ، پیاوان

د.د٧ پاڕستە، وەك: ئازاد کە مامۆستایەکی زیرەکە لەقوتابخانەی ئەحمەدی خانی وانەبێژە.

د.د٦ راناوەکانی أ شێوەی دووەم وەك: کتێبم

٢- ئەو دیارخەرانەی بەهۆی ئامرازی خستنەسەر دەخرێنە پاڵ سەرە:

د.د٢ هەندێ لەناوەکان و چاوگ، وەك: سەرۆکی کۆمار ، هۆلی خوێندن

د.د٣ ئاوەڵناوەکان و ژمارە  وەك: کوڕە باشەکە، پۆلی دووەم، کوڕێکی باش

د.د٦ راناوەکانی أ شێوەی یەکەم و راناوەکانی ب وەك کتێبی من، کتێبی خۆم

ئامرازی خستنەسەری (ی) بۆ ئاوەڵناوو ناوەکان بەکاردێت و ئامرازی خستنەسەری (ە) تەنیا بۆ ئاوەڵناوەکان، بۆیە دەتوانین بڵێین کە (ی) خستنەسەر چالاکترە لە (ە) ی خستنەسەر لەناو گرێی ناویدا.

فراوانکردنی دیارخەری دوای سەرەی خانەی ٣ (ئاوەڵناوەکان) بەهۆی هەردوو ئامرازی (ە،ی). ئاوەڵناوەکان بەهۆی ئەم دوو ئامرازەوە بەیەکەوە دەلکێن و گرێی ناوییەکە فراوان دەکەن، وەك:

کوڕە هەژارە بالاٌ بەرزە زیرەکە نەترسە...∞ کە هات. (بۆ ناسراو)

کوڕێکی هەژاری بالاٌبەرزی زیرەکی نەترسی... ∞ هات. (بۆ نەناسراو)

**( ب ) دووبارە بوونەوەی هاوسەنگ لەگرێی ناویدا :**

هەندێ لەکەرەستەی رۆنانییەکانی دیارخەری پێش و دوای سەرە بەهۆی ئامرازی هاوبەشی (و) بەشێوەی هاوسەنگ فراوان دەکرێن وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا بەرچاو دەکەوێ:

باشترین و زیرەکترین  قوتابی خەلاٌت دەکرێ.
د.پ١ د.پ١ س

قوتابییــە باش و زیرەکـــەکە خەلاٌت کرا.
س ئا.خ د.د٣ ئا.هاو د.د٣ د.د٤

هەندێ لە رێزماننووسەکان کۆمەڵێ ئامرازی تریان دەستنیشان کردووە کە بەرای ئەوان گرێی ناوی دروست دەکات. (هەروەك چۆن ناو یا زۆربەی بەشەکانی تری ئاخاوتن بەتەنها گرێی ناوی دروست دەکەن هەر بەم جۆرەش دوو ناو یا دوو ئاوەڵناو.. هتد، بەهۆی یەکێك

لەئامرازەکانی بەستن {و} {ی} {ە} {وەك} {لەگەڵ} {یان} گرێی ناوی دروست دەکەن) (ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی:١٩٩٦:٢٣) لەم شەش ئامرازەی لێرەدا دەستنیشانکراون تەنیا (ە،ی) رۆڵی خستنەسەر دەگێڕن و ئامرای (و) ی هاوبەشی رۆڵی فراوانکردنی هاوسەنگ دەگێڕێ. (فرێزەکان بەگشت چەشنەکانیانەوە خاوەنی یەك سەری واتایین) (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف:٢٠٠٥:٨٠) ئەگەر (و) بە ئامرازی خستنەسەر دابنێین لەم حاڵەتە لەیەك سەرە زیاتر دەبێت کە ئەمەش راست نییە، لەگرێی ناویدا تەنیا یەك سەرەمان هەیە.

### ٣- ٢- ٣- ٥- دەزگاکانی گرێی ناوی:

گرێی ناوی خاوەنی سێ دەزگایە: ژمارە، کەس، ناسین. دوو دەزگای یەکەم، واتا (ژمارە) و (کەس) سەربەخۆن، بەڵام دەزگای سێیەم کە ناسینە، پیوەستە بە دەزگای کەس، بەواتایەکی دیکەهەڵبژاردن لەدەزگای ناسین بەندە بە هەڵبژاردنەوە لەدەزگای کەسەوە. پەیوەندی ئەم سێ دەزگایە بەم شێوەیەی خوارەوە پیشان دەدرێت:




### دەزگای ژمارە١ ( ژمارە ):

هەموو گرێیەکی ناوی لەزمانی کوردیدا لەرووی ژمارەوە یان تاکە یان کۆ. گرێی ناوی کۆ خاوەنی یەکێ لەم شێوانەی خوارەوەیە:

(أ) مۆرفیمی بەندی (ان) کە نیشانەی کۆیە لەخانەی پێنجەمی دوای سەرەدا بەکاردێت. هەندێ جار دەگوازرێتەوە بۆ پێشەوە و بەسەرەوە دەلکێ، بۆ نموونە:

قوتابییـــــه زیرەكـــەكـــان        خەڵكـــانـــێك
س ئا.خ د.د٣ د.د٤ د.د٥        س د.د٥ د.د١

(گەل) ئەلۆمۆرفی (ان) ەو دەتوانێ سەرە كۆبكاتەوە و گرێی ناوی بكات بەكۆ، وەك: كوڕگەل. جگە لەم حاڵەتانەی سەرەوە ئەگەر (ەكە) ی ناسراوی لەگرێیەكە نەبێ (ان) دەگوازرێتەوە پاش سەرە، وەك: قوتابیـــــانـــــی زیرەك
س د.د٥ ئا.خ د.د٣

(ب) بوونی ژمارە جگە لە (یەك) لە دیارخەری پێشەوە، وەك:

دوو كوڕ ەكە ، چوار خانوو ەكە
د.پ٢ س د.د٤ د.پ٢ س د.د٤

(پ) ئەگەر سەرەی گرێی ناوی ناوێكی كۆمەڵ بێت، واتە لەرووی فۆرمەوە تاك بێت، بەڵام لەناوەڕۆكدا كۆبێ، وەك:

لەشكر ی دوو ، پۆلـــی ئەلف
س ئا.خ د.د٣ س ئا.خ د.د٢

(ت) ئەگەر سەرەی گرێی ناوی، یەكێ لەم راناوە كەسییانە بێ (ئێمە، ئێوە، ئەوان) بێ، وەك:

ئێمە هاتین. ئێوە ی شۆڕشگێڕ
س س ئا.خ د.د٣

جگە لەو چەند حاڵەتەی سەرەوە، هەموو گرێ ناوییەكان تاكن، چونكە سەرە دەستنیشانی تاكی یا كۆیی گرێی ناوی دەكا، لەهەموو حاڵەتەكان ئەمە بەرچاو دەكەوێ جگە لەو حاڵەتە نەبێ كە ژمارە وەكو دیارخەری پێش سەرە بەكارهاتبوو، كە لەم حاڵەتەدا سەرە تاكە، بەڵام بوونی ژمارەی گەورەتر لە یەك، گرێیەكە دەكاتە كۆ. لەبەرئەوەی سەرەی گرێی ناوی لەجێگەی بكەر بەكاردێت و رێككەوتن هەیە لەنێوان بكەر و كاردا لەرووی ژمارەوە.

كوڕەكان هاتن./ كوڕگەل هاتن.
دوو كوڕ هاتن.
گروپی دووەم بڕۆنە سەر كارەكانتان.
ئێمە هاتین.

لەزمانی كوردیدا زۆرجار لەرووی ژمارەوە رێكەوتن بەرچاو ناكەوێ لەنێوان سەرەی گرێی ناوی لەشێوەی ناوی كۆمەڵ لەگەڵ كارەكەیدا، وەك: لەشكری دوو شكستی خوارد.

**شیکردنەوەی دەزگای دووەمی گرێی ناوی ( کەس ):**

هەر گرێیەکی ناوی لەزمانی کوردیدا لەرووی کەسەوە لەیەکێ لەو ئەگەرانە دایە: کەسی یەکەم، کەسی دووەم، کەسی سێیەم. سەرەی گرێی ناوی وەك نوێنەری یەکێ لەم ئەگەرانە لەناو گرێ دا لەدەزگای کەسەوە رۆڵ دەگێڕێ ، هەروەها سەرە لەرووی کەسەوە پەیوەندیی بەکاری ڕستەکەوە هەیە. ئەگەر سەرەی گرێی ناوی راناوی سەربەخۆ نەبێ گرێ ناوییەکە بەردەوام کەسی سێیەمە، بەلاّم ئەگەر یەکێ لەراناوە کەسییەکان بێ، بەپێی هەڵبژاردنی راناوەکە یەکێ لەم کەسانە دەبێ: کەسی یەکەم، کەسی دووەم یا کەسی سێیەم، وەك:

| | |
|---|---|
| ئەم پیاوە درۆ ناکات. | کەسی سێیەم |
| منالّەکە کەوت. | کەسی سێیەم |
| قوتابییەکان دەچن بۆ سەیران | کەسی سێیەم |
| من دەڕۆم. | کەسی یەکەم |
| تۆ دەڕۆی. | کەسی دووەم |
| ئەوان دەڕۆن. | کەسی سێیەم |

**شیکردنەوەی دەزگای ژمارە سێیەمی گرێی ناوی ( ناسین ):**

دەزگای ناسین ئەگەری هەیە: (ا- ناسراو ٢- نەناسراو ٣-لێڵ). کاتێك سەرەی گرێی ناوی راناوی کەسی بێت (کەسی یەکەم/دووەم/سێیەم، تاك بێ یان کۆ) گرێ ناوییەکە ناسراوە. ئەگەر سەرەکە راناوی کەسی نەبێ هەڵبژاردن لەنێوان ناسراو، نەناسراو و لێڵ دێتە ئاراوە، ئەم هەڵبژاردنە بەندە بەو دیارخەرانەی لەپێش و دوای سەرە گرێیەکەوە بەکارهاتوون. لەم حالّەتانە سەرە ناسراوە:

ا) ئەگەر راناوی نیشانە وەکو دیارخەری پێشەوە بەکارهاتبێ سەرەکە دەبێتە ناسراو.وەك: ئەم خانووە

ب)ئەگەر (ەکە) ی مۆرفیمی ناسراوی لەدوای سەرە هاتبێ سەرەکە ناسراوە. وەك: کوڕ ەکە

پ) ئەگەر ناو یا راناو وەکو دیارخەری دوای سەرە بەکارهاتبێ سەرە دەبێتە ناسراو وەك : کتێبـی ئەحمەد، ئەحمەد عەلی حەسەن، کتێبـی تۆ،

ت) ئەگەر نازناوێك لەدوای سەرە بەکارهاتبێت و رۆڵی دیارخەر ببینێ: ئەحمەد بەگ، ئازاد گەردی.

ئەگەر (ێك) ی نەناسراوی وەکو دیارخەری دوا ی سەرە بەکاربێت سەرەکە دەبێتە نەناسراو.

جگە لەو حاڵەتانەی بۆ ناسراوی و نەناسراوی لەسەرەوە باسکران، هەموو حاڵەتەکانی دیکە لەرووی ناسینەوە بەلێڵ دادەنرێن. وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەبینرێت:

| ناسراو | نەناسراو | لێڵ |
|---|---|---|
| خانووەکە سوتا.<br>خانووت سوتا.<br>خانووی حەسەن سووتا.<br>ئەم خانووە سوتا. | خانوویەك سوتا. | خانوو سوتا. |
| قوتابیەکە وانەکانی دەخوێنێت.<br>ئەم قوتابیە وانەکانی دەخوێنێت. | قوتابیەك وانەکانی دەخوێنێت. | قوتابی وانەکانی دەخوێنێت. |

(خشتەی ژمارە ١٨ )

دەزگای ناسراوی پەیوەستە بەکەس، بۆیە هەموو شیمانەکانی دەزگای ناسراوی دەتوانن تاك بن یاخود کۆ.

فراوانکردنی گرێی ناوی:

سادەترین گرێی ناوی لە یەك سەرە پێکدێت کە دەتوانێ ناو، راناو، چاوگ،ژمارە، ئاوەڵناو یا رادە بێت. بەهۆی دیارخەرەکانەوە فراوان دەکرێت کە لەپێش و دواوەی سەرەوە بەکاردێن کە پێشتر باسی لێوە کراوە.

**یاسای سادەترین گرێی ناوی زمانی کوردیدا :** ←— **س**

**گرێی ناوی فراوانکراو:**




### ٣- ٢- ٤- گرێی کاری :

گرێی کاری ئەو یەکە زمانییەیە کە لە وشەیەك یان زیاتر پێك دێت لە ڕۆنانی یەکەی سەرووی خۆی، ڕۆڵی کار دەگێڕێت. لە پێوانەی پلەی زمانی کوردیدا دەکەوێتە سەرووی وشە و خوارووی پاڕستەوە.

### ٣- ٢- ٤-١- یەکە ڕۆنانییەکانی گرێی کاری:

سادەترین گرێی کاری لە زمانی کوردیدا لە کارێك پێك دێت کەواتە کار دەبێتە سەرەی گرێی کاری. گەورەترین گرێی کاری لە زمانی کوردیدا لەم سێ بەشەی خوارەوە پێکدێت:

| | | | |
|---|---|---|---|
| نه | کوژا | ر | نەکوژرا |
| نا | سوتێین | | ناسوتێین |
| نی | یه | | نییه |
| مه | ڕۆ | | مەڕۆ |
| | هەڵم بژارد | | هەڵم بژارد |
| ـــــــ | ....... | ـــــــــــــ | |
| م.نەرێ | کار | م. بکەر نادیار | |

سێ یەکە ڕۆنانییەکەی گرێی کاری ئەمانەن : (خشتەی ژمارە ١٩)

| ژ | ناوی یەکە | کورتکراوە |
|---|---|---|
| ١ | مۆرفیمی نەرێ | م. ن |
| ٢ | کار | ك |
| ٣ | مۆرفیمی بکەر نادیار | م.ب.ن |

ئەو خانانەی کە لە خشتەی ژمارە (١٩) بە هێڵ پۆلی داخراون و ژمارەی ئەندامەکانیان سنووردار و دیاریکراوە، پۆلی کار پۆلێکی کراوەیە و ژمارەی ئەندامەکانی سنووردار نییە، هەموو کارەکان دەتوانن لەم خانەیەدا بەکاربێن.

### ٣-٢-٤- ٢- یاسا رۆنانییەکانی گرێی کاری :

هەموو گرێیەکی کاری لە زمانی کوردیدا بە پێی ئەم یاسا رۆنانییەی خوارەوە دروست دەبێت:

(م.ن) کار (م.ب.ن.)

ئەو کەرەستانەی لە ناو کەوانەن کەرەستەی بە ئارەزوون و کار کە لە ناو کەوانە دانەنراوە کەرەستەی بەخورتی گرێی کارییە. لێرەدا باس لە هەر یەك لەم یەکە رۆنانییانەی گرێی کاری دەکەین و شیمانەکانی هەر پۆلێك دەخەینە بەرچاو. لەبەر ئەوەی کار سەرەی گرێی کارییە سەرەتا بە کار دەست پێ دەکەین:

### أ) کار :

پۆلی کار ، پۆلێکی کراوەیە و ژمارەی ئەندامانی زۆرە کە بریتین لە هەموو کارە لێکسیکییەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە لەرووی کاریگەری و ڕۆنانەوە.

کار لە رووی کاریگەرییەوە دابەشی دوو جۆری تێپەڕ و تێنەپەڕ دەبێ. (تێپەڕ و تێنەپەڕ لەو دیاردانەن کە لە هەموو زمانە سروشتیەکاندا هەن، هەندێ لە کارەکانی زمان لە بنچ دا تێپەڕن و هەندێکی تر تێنەپەڕ)(یوسف شریف سعید: ١٩٩٨: ٢٦) هەریەك لەم جۆرە کاریگەرییانە کۆمەڵێك لە کارەکانی زمان دەگرنە خۆیان کە لە تایبەتمەندییەکدا یەك دەگرن ،لە هەموو کارە تێنەپەڕەکان توخمێك دەبێتە پێویستی سەرەکی کارەکە(جگە لەمۆرفیمی کات) و لە کارە تێپەڕەکاندا جگە لە مۆرفیمی کات پێویستی بە دوو توخم هەیە بۆ کارەکە.

(کاری تێپەڕ ئەو کارەیە، کە یەك بۆشایی پڕ دەکاتەوە و ئەو بۆشاییەش بکەرە و بکەری نادیاری لێ دروست ناکرێ)(خەسرۆ ئەحمەد رەسول: ٢٠٠٧: ٢٣)

(کاری تێپەڕ ئەو کارەیە کە جگە لە بکەر پێویستی بە بەرکار هەیە بۆ ئەوەی واتایێکی تەواو بگەیێنێت)( یوسف شریف سعید : ١٩٩٨ : ٢٨)

لە تیۆری کاتیگۆری و پێوانە بەرکار بە تەواوکەر لەقەڵەم دەدرێت و بە گۆڕینی وشەی بەرکار بۆ تەواوکەر ئەو پێناسەیەی سەرەوە بۆ کاری تێپەڕ لەم تیۆرەدا گونجاو دەبێت.

کار لە زمانی کوردیدا خاوەن ئەم فۆرمانەی خوارەوەیە :

| | کات | | نموونە | گەردانکردن بۆ |
|---|---|---|---|---|
| کار | رابردوو | سادە | گرتت | ٦ کەس |
| | | بەردەوام | دەتگرت | ٦ کەس |
| | | تەواو | گرتووتە | ٦ کەس |
| | | دوور | گرتبووت | ٦ کەس |
| | | خۆزگەیی | بتگرتایە | ٦ کەس |
| | رانەبردوو | ئێستا | دەگرێ | ٦ کەس |
| | | فەرماندان | بگرە | ٢ کەس |
| | | داهاتوو — مەرجی | بگرێ | ٥ کەس [1] |
| | | | | ٤٣ فۆرم |

کار لە رووی رۆنانەوە :

زمانەوانەکان رای جیاوازیان هەیە لەبارەی دابەشکردنی کار لەرووی ڕۆنانەوە، لەسەرەتادا زمانەوانەکان[2] لەرووی ڕۆنانەوە کاریان دابەشی سێ جۆر کردووە : ا) کاری سادە ، ب) کاری

(١) کەسی دووەمی کۆ لە هەر دوو ڕێژەی فەرماندان و مەرجی یەك فۆرمیان هەیە بۆیە تەنها یەکیان هەژمار دەکرێت بۆ نموونە :
- کەسی دووەمی کۆ ڕێژەی فەرماندان : بگرن
- کەسی دووەمی کۆ ڕێژەی مەرجی : بگرن

٢ وەك مەکنزی ( ١٩٦١ ), ئەورەحمانی حاجی مارف( ١٩٧٧ ), سالح حسين پشدەری ( ١٩٨٥ ), زەری یۆسۆپۆڤا ( ١٩٨٧ ), ... هتد

داریژراو، پ) کاری لێکدراو.. له ساڵانی دواتردا هەندێ زمانەوانی تر [1]ئەم دابەشکردنەیان رەتکردەوە و له رووی ڕۆنانەوە کاریان دابەشی دوو جۆر کرد : ا) کاری دارێژراو، ب)کاری لێکدراو. (هەموو کارێك له زمانی کوردیدا له مۆرفیمێك زیاتر پێکهاتووه. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو کارێك له کوریدا ناسادەیە، واتە دارێژراوە یان لێکدراوە) (محمد معروف فتاح : ١٩٨٩: ٤٤)

زۆربەی ئەم زمانەوانانەی کاریان دابەشی سەر دوو جۆر کردووە تا رادەیەکی زۆر توانیویانە کاری دارێژراو و لێکدراو لێك جیا بکەنەوە، بەڵام هەندێ تێکەڵی لە دەستنیشانکردنی جۆری کارەکاندا بەرچاو دەکەوێ. لە دەست نیشانکردنی کاری لێکدراو دا دەڵێن: (بریتییە لە کارێکی دارێژراو وکەرەستەیەکی تر، ئەم کەرەستەیەش بەزۆری مۆرفیمی سەربەخۆیە و لە شێوەی ناو یان ئاوەڵناو یان ئاوەڵکاردا، کە بە ئاسایی پێش کاری دارێژراو دەکەوێت)(حاتم وليا محمد: ٢٠٠٠: ٦٧) یاخود (ڕۆنانەکەی لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ وەکو ناو، راناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار یا مۆرفیمی بەند لەگەڵ کارێکی دارێژراو پێك دێت).(محمد معروف فتاح: ١٩٨٩:٤٦)

لە پێناسەی یەکەم بۆ دەستنیشانکردنی رۆنانی کاری لێکدراو ئەو بەشە کە دەلێت (بە زۆری مۆرفیمێکی سەربەخۆیە)لێڵە، ئایا مەبەستەکەی ئەوەیە کە جگە لە مۆرفیمی سەربەخۆ، مۆرفیمی بەندیش دەتوانێ ببێتە لەتی یەکەمی کاری لێکدراو؟ لە پێناسەی دووەم دا، دانانی مۆرفیمی بەند بە لەتی یەکەمی کاری لێکدراو تێکەڵیەك دروست دەکات لەگەڵ ڕۆنانی کاری دارێژراو، کە لەم پێناسەیەی خوارەوەدا رۆنانی کاری دارێژراو دەستنیشان دەکەین:

(کاری دارێژراو بەوە پێناسە دەکرێت کە لە کۆمەڵێك مۆرفیمی بەند پێکدێت و ئەم مۆرفیمانەش ناتوانن لە شێوەی سەربەخۆ دەرکەون) (حاتم وليا محمد: ٢٠٠٠: ٦٧)

---

[1] وەك محمد معروف فتاح ( ١٩٨٩ )، ئەحمەد حسن فتح الله ( ١٩٩٠ )، مهاباد کامل عبدالله ( ١٩٨٦ )، ... هتد.

ئەگەر کاری (هاندا) بکەین بە نموونە و بمانەوێ بە پێی ئەم پێناسانەی سەرەوە کە بۆ کاری داڕێژراو و لێکدراو خستمانە بەرچاو جۆری کارەکە لە رووی ڕۆنانەوە دەستنیشان بکەین تووشی گیروگرفت دەبین.

حسین کتێبەکەی بە ئازاد داØ.

داØ کارێکی داڕێژراوە پێکهاتووە لە: رەگ+ م.ك.ر+ توخم

لێرەدا (داØ) کارێکی داڕێژراوە پێکهاتووە لە کۆمەلێك مۆرفیمی بەند و ئەم مۆرفیمانەش ناتوانن لە شێوەی سەربەخۆ دەرکەون.

هان + دا Ø ⟵ هاندا Ø (کاری داڕێژراو: کۆمەلێك مۆرفیمی بەند پێکدێت و ئەم
م.بەند کاری داڕێژراو مۆرفیمانەش ناتوانن لە شێوەی سەربەخۆ دەرکەون)

لێرەدا (هانداØ) کارێکی داڕێژراوە لە کۆمەڵێك مۆرفیمی بەند پێکهاتووە کە ناتوانن لە شێوەی سەربەخۆ دەرکەون. (هان) بەتەنیا هیچ واتایەکی نیە، بۆیە بە مۆرفیمی بەند لەقەڵەم دەدرێت و وەکو مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ بەشداری ڕۆنانی کارەکەی کردووە.

ئەگەر پێناسەی دووەم بۆ کاری لێکدراو بکەینە بنەمای شیکاری ئەم کارە، لێرە (هانداØ) بەر کاری لێکدراو دەکەوێ.

هان + دا Ø ⟵ هانداØ (کاری لێکدراو لە...مۆرفیمێکی بەند لەگەڵ کارێکی داڕێژراو پێك دێت)
م.بەند +کاری داڕێژراو = کاری لێکدراو

ئەگەر دان بە بوونی مۆرفیمی بەند وەکو لەتی یەکەمی کاری لێکدراو دابنێین لەم حاڵەتەدا ئاڵۆزییەکی زۆر دروست دەبێ و کۆمەڵێ لە کارەداڕێژراوەکان دەکەونە خانەی کاری لێکدراوەوە وەك: (هەڵم گرت، ڕام گرت، رووچوو،...هتد). بەمەبەستی خۆدوورخستنەوە لەم ئاڵۆزییە، هەموو ئەو کارانەی کە لە کۆمەڵێك مۆرفیمی بەند پێکهاتوون بە کاری داڕێژراو دادەنێین (بەمەرجێ یەکێ لە مۆرفیمە بەندەکان مۆرفیمی تەوەریی ڕەگ بێت) و ئەو (ڕۆنانەی کە مەرجە کارێکی داڕێژراو بەشداری لە پێکهاتی دا بکات و بەلای کەمەوە کەرەستەیەکی زمانیشی

لەگەڵدا بێت کە بەگشتی کەرەستە زمانییەکە مۆرفیمێکی ئازادە، کە لە کۆمەڵەیەکی ناوی یان ئاوەڵناوی یان ئاوەڵکاری پێکهاتوون)(یوسف شریف سعید:١٩٩٨: ١٧)بە کاری لێکدراو دادەنێین.

دەتوانین ئەو قالبەی خوارەوە بۆ کار لە زمانی کوردی دابنێین:

| | (لەتی یەکەمی+(م.بەندی وشەدارێژ)+(م.ئارایی)+رەگ + م.کات + (م.تێپەڕاندن) + توخم+(م.ئاوەڵناوی کراو)+(م.دووپاتی) | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کاری لێکدراو) | | | | | | | | |
| سوپاست دەکەم | سوپاس | ——— | ——— | کە | ە | ——— | ت، م | ——— | ——— |
| بنوسە | ——— | ——— | بـ | نووس | ە | ——— | Ø | ——— | ——— |
| هەڵیبگرە | ——— | هەڵ | بـ | گر | ە | ——— | ی،Ø | ——— | ——— |
| خواردومە | ——— | ——— | ——— | خۆ | د+ ە | ——— | Ø+م | و | ———□ |
| وەرم گرتبوو | ——— | وەر | بـ | گر | ت+وو | ——— | Ø+م | ——— | ———□ |
| بمگرتایە | ——— | ——— | بـ | گر | ت+ا+ە | ——— | م+ Ø | ——— | ———□ |
| سوتاندم | ——— | ——— | ——— | سوت | ا | ن | Ø+م | ——— | ———□ |
| خواردمەوە | ——— | ——— | ——— | خۆ | د | ——— | Ø+م | ——— | ەوە |
| سارێژم کرد | سارێژ | ——— | ——— | کە | د | ——— | م+ Ø | ——— | ——— |

خشتەی ژمارە ( ٢٠ )

وەك لە خشەی ژمارە (٢٠ )دا دەیبینین لەم قالبەی سەرەوەدا تەنها گرنگی بە پێکهێنی کار لە زمانی کوردیدا دراوە و چۆنیەتی ریزبوونی کەرەستەکان لە ناوکارەکەدا پشت گوێ خراوە، بۆ نموونە لە (وەرم گرتبوو)دا راناوی لکاوی (م) پاش پێشگر هاتووە، بەڵام لە خانەکانی قاڵبەکەدا لە خانەی توخم دا دانراوە کە دەکەوێتە پاش مۆرفیمی تێپەڕاندنەوە.لە خوارەوە بە کورتی باس لە هەر یەك لەم خانانە دەکەین.

ا) ١- **خانەی یەکەم:**

کەرەستەیەکی بە ئارەزووە و تەنیا لە کارە لێکدراوەکاندا دەردەکەوێ و لەتی یەکەمی کاری لێکدراو پێکدێنێت.(کەرەستەی زمانی لە شێوەی مۆرفیمی ئازاد دا بەشداری کاری دارێژراو دەکەن بۆ ڕۆنانی کاری لێکدراو. هەروەها کەرەستەکانیشمان بۆ سێ دەستە و کۆمەلە دابەشکرد

که پێکهاتبوون له کۆمەڵەی ناوی-مەبەستمان ناوئاسایە-،کۆمەڵەی ئاوەڵناوی،کۆمەڵەی ئاوەڵکاری )[1] (یوسف شریف سعید:١٩٩٨: ١٧)وەك:

کۆمەڵەی ناوی: دەستیان بری، ، ئاگر یان کردەوە، ئاو ی دا، شەرمم کرد، خەمم خوارد، یەکمان گرت، ئیش دەکەین،...هتد.

کۆمەڵەی ئاوەڵناوی: بێ هۆشی کرد، قوربەسەری بوو، دوودڵ بووم، بێبەشی کرد، سەرسام کرد، روو ڕەشی کرد، ...هتد

کۆمەڵەی ئاوەڵکاری:ژێری خست، سەرکەوت، لایدا، دووری خست، پێشی خست، پێشم کەوت، نزیکم کرد، دوام خست، بەری کەوت،...هتد.

ا) ٢- **خانەی دووەم:**

کەرەستەیەکی بەئارەزووە و بە تەنیا لە کارە دارێژراوە نابنەڕەتیەکان دەردەکەوێت و ئەندامانی ئەم خانەیە بریتین لە: (هەڵ- ، دا- ڕا- ، وەر- ، روو- ، ...هتد)وەك:

هەڵگرت، داگرت ، ڕاگرت، وەرگرت، ...هتد.

ئەم مۆرفیمە بەندانە ڕۆڵێکی چالاکیان هەیە لە دروستکردنی کاری دارێژراوی نابنەرەتی، جگە لەم مۆرفیمانە هەندێ مۆرفیمی تر هەن کە لە رووی شێوەوە سەربەخۆن، بەڵام ناوەرۆکی بەندییان هەیە و ئەم ڕۆڵە دەگێڕن وەك:(تووش-، هان-،...هتد)بۆ نموونە::تووش بوون، هاندان.

ا) ٣- **خانەی سێیەم:**

تاکە ئەندامی ئەم پۆلە بریتییە لە (ب) ڕەگی کاری بوون، ئەم مۆرفیمە لە ڕێژەکانی رابردووی دوور، رابردووی خۆزگەیی، فەرماندان و مەرج رۆڵ دەگێڕێ، وەك:

١- رابردووی دوور: هاتبوو، رۆیشتبوو، نوسیبوو،...هتد.

٢- رابردووی خۆزگەیی : سوتابا، گرتبات،...هتد.

٣- فەرماندان: بڕۆ، بێدەنگ بە، بنووسە،... هتد.

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : یوسف شریف سعید, کاری لێکدراو لە زمانی کوردی و فارسیدا, زانکۆی سەلاحەددین, هەولێر,١٩٩٨ ,ل: ٢٠-٢٦

له بەشێك لە كارەلێكدراو و دارێژراوەكاندا تێبینی ئەوە دەكرێت كە لە رێژەی فەرماندانددا دەركەوتنی مۆرفیمی ئارایی بە ئارەزووە، واتە دەرنەكەوتنی مۆرفیمی ئارایی رێژەی كارەكە ناگۆرێت و وەكو خۆی دەمینێتەوە، وەك:

هەڵبگرە = هەلگرە

ڕابگرە = ڕاگرە

دروستبكە = دروستكە

كاول بكە = كاول كە

لاببە= لابە ... هتد.

٤- مەرجی : بِنووسیَ، بِرۆم، بـِخوێنم،...هتد.

ا) ٤- **خانەی چوارەم :**

ئەم خانەیەشوێنی ڕەگی كارە، ئەم پۆلە، پۆلێكی كراوەیە، باوترین پێناسە كە بۆ ڕەگی كار لە ئارادایە، ئەمەیە كە: "(هەلگری واتای كارەكەیە)و مۆرفیمێكی بەندی تەوەرەییە(stem)"( عبدالله حسین رسول:١٩٩٥: ٩٦)، لە هەموو كارەكاندا بوونی ڕەگی كار پێویستییەكی سەرەكییە و هەردەم دەردەكەویَ جگە لە لە رێژەی ئێستای كاری (بوون)، لەم رێژەیەدا (بـ)ی ڕەگی كاری (بوون) دەرناكەویَ، چونكە دەركەوتنی دەبێتە هۆی تێكەڵ بوونی ڕێژەی ئێستا و فەرماندان، وەك:

| كاتی ئێستا | فەرماندان |
| --- | --- |
| پیاو بـ ە Ø. | پیاو بە Ø . |
| رێك بـ ە Ø. | رێك بە Ø . |

" ڕەگەكان لە چاوگەوە وەردەگیرێت".(وریا عمر ئەمین: ٢٠٠٠: ٢٣٣) كەواتە: "چاوگ لە زمانی كوردیدا پێكهاتووە لە ڕەگی كار و مۆرفیمی كاتی رابردوو و (ن)ی چاوگ، لە بنجدا هەموو كارێك یەك ڕەگی هەیە" (عبدالله حسین رسول: ١٩٩٥: ٩٧-٩٨). بۆ دەستنیشان كردنی ڕەگی كار دەتوانین ئەم یاسایەی سەرەوە پێچەوانە بكەینەوە:

ڕەگی كار= چاوگ – م.كاتی رابردوو – (ن)ی چاوگ

ئەم یاسایەی سەرەوە بۆ دەستنیشان کردنی ڕەگی زۆربەی کارەکان دەگونجێ، و یاسایەکی گشتگیر نییە و هەندێ ناوێزەی تێ دەکەوێ و گۆڕانی دەنگسازی بەسەردادێت[1]وەك:

ناردن – م.کاتی رابردوو – (ن)ی چاوگ= نار ⟵ نێر

خواردن – م.کاتی رابردوو – (ن)ی چاوگ= خوار ⟵ خۆ

کردن – م.کاتی رابردوو – (ن)ی چاوگ= کر ⟵ کە

ڕشتن – م.کاتی رابردوو – (ن)ی چاوگ= ڕش ⟵ ڕژ

## ا) ٥- خانەی پێنجەم

ئەنجامدانی هەموو کارێك پێویستی بە کات هەیە و مۆرفیمی کات، هێمای کاتی ڕوودانی کارەکەیە کە لە ناو کاردا دەردەکەوێ. هەر لەبەر ئەمەیە کە مۆرفیمی کات بە پێویستییەکی سەرەکی کار دادەنرێت. چەمکی کات لە بنەڕەتدا دابەشی سێ بەشی سەرەکی دەبێ: کاتی رابردوو، ئێستا و داهاتوو، کە هەریەکەیان خاوەنی مۆرفیمی دیاریکراون کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:

١- مۆرفیمی کاتی رابردوو: مۆرفیمەکانی کاتی رابردوو ئەمانەن:

(ا) وەك: تۆرای، وەستام، کوتام، تاساین، شڵەژاین،...هتد.

(ت) وەك:هاتم،کوشتی، گرتمان، وتم،...هتد.تەنها لە (بیستن، بەستن، پەرستن) مۆرفیمی کاتی رابردوو دەرناکەوێ، بوونی/ت/ وەکو دوا فۆنیمی پێکهێنەری ڕەگەکە دەبێتە هۆی ئەمە کە گۆکردنی دوو /ت/ بەدوای یەك کارێکی ئەستەمە بۆیە /ت/ی مۆرفیمی کاتی رابردوو دەسوێ و تەنیا /ت/ ی ڕەگەکە دەردەکەوێ.

(د) وەك : بردم، مرد، کردی، خواردی، درکاندی، برژاندی،...هتد.

(وو) وەك: بووم، چووم ، جووی، درووت، گرووت، سووت، فەرمووت، هەنووت.

(یـ) وەك: بڕیم، فڕیت، دۆزیم، چنیم، زانیم، ڕوانیم،...هتد.

---

[1] بروانە عبداللە حسین رسول: ١٩٩٥ : ٩٦-١١٣

٢- مۆرفیمی کاتی ئێستا: تاکە مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) یە وەك: ئەڕۆم، ئەخۆم، بنووسە، بکرە ، هاتوومە،...،هتد. لە هەندێ حالەتدا ئەم مۆرفیمە دەرناکەوێ وەك: بڕۆ Ø،کورد بـ/Ø/م، ...هتد

ج) مۆرفیمی کاتی داهاتوو: بریتییە لە (ێ) وەك: بکرێ، بسوتێ، دەخوێنێ،...هتد. هەندێ جار ئەم مۆرفیمە دەرناکەوێ وەك: زیرەك بـ ێ/م ، ئەمر ێ ی، ئەیکێڵ ێ/ م، ... هتد.

شیمانەی دەرکەوتنی مۆرفیمی کات لە ڕێژەی جیاوازی کاردا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

مۆرفیمی کات

دەرنەکەوتنی مۆرفیمی کات
- لە سێ چاوگی تایی(بەستن، پەرستن، بیستن)
- ڕێژەی ئێستا بە یارمەتی کاری بوون (کوردم)
- فەرماندان (بڕۆن)

دەرکەوتنی مۆرفیمی کات
- ١ مۆرفیمی کات،وەك:هات، زیرەك بێ(م.ك.ر/م.ك.ئـ/ م.ك.د)
- ٢ مۆرفیمی کات
  - وەك: هاتبوو (م.ك.ر+ م.ك.ر)
  - وەك: خواردوومە(م.ك.ر+ م.ك.ئـ)
  - وەك: ئەچووم (م.ك.ئـ+ م.ك.ر)
  - وەك: ئەمرێ (م.ك.ئـ+ م.ك.د)
- ٣ مۆرفیمی کات ،وەك:هاتبایە (م.ك.ر+ م.ك.ر+ م.ك.ئـ)

ا) ٦- **خانەی شەشەم:**

تاکە ئەندامی ئەم خانەیە بریتیە لە (ن)ی مۆرفیمی تێپەڕاندن، ئەم مۆرفیمە ئەو کارە تێنەپەڕانە کە بکەرەکە تیایدا دەرنەکەوتووە دەکاتە تێپەڕ[1]، بۆ نموونە (سوتان) چاوگێکی تێنەپەڕە بە هۆی مۆرفیمی(ن)ی تێپەڕاندن دەکرێتە تێپەڕ.

سوتان + ن (م. تێپەڕاندن) ⟵ سوتانن ⟵ سوتاندن

(د) ناوبڕە کەوتۆتە نێوان هەر دوو/ن/ەکەوە.

---

[1] بۆ زیاتر بڕوانە : عبدالله حسین رسول: ١٩٩٥ : ١٣٠-١٣٦

ا) ٧- **خانەی حەوتەم:**

هەموو کارێك لە زمانی کوردیدا لە رەگ+ م.ك + توخم پێکدێت، مەبەست لە توخم ئەو بکەر و تەواوکەرانەن کە بە پێی جۆری کارەکە لە رووی کاریگەرییەوە لە شێوەی راناوی لکاو بە رەگی کارەوە دەلکێن. لە زمانی کوردیدا ئەم دوو دەستە راناوە لکاوەمان هەیە:

"١- ڕاناوی لکاوی رێککەوتن: (م،ی، Ø، ین ،ن ،ن)

٢- ڕاناوی لکاوی خاوەنی: (م، ت، ی، مان ، تان، یان)"

( عبدالله حسین رسول: ١٩٩٥ :١٨٧)

لە کارە تێنەپەڕەکاندا تەنیا پێویستی بە یەك توخم هەیە کە بەردەوام ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت و لە کارە تێپەڕەکاندا پێویستیمان بە دوو توخم هەیە، ئەگەر هەر دوو توخمەکە لەشێوەی ڕاناوی لکاو دەرکەون هەردوو دەستەی راناوەلکاوەکان بەشداری ڕۆنانی کارەکە دەکەن، وەك:

لە تێنەپەڕ: هاتم ، هاتی ، هات Ø، هاتین، هاتن ، هاتن.

لە کاری تێپەڕ: دە<u>یان</u> گرت<u>م</u> ،دە<u>یان</u> گرت<u>ی</u>، دە<u>یان</u> گرت<u>Ø</u>، دە<u>یان</u> گرت<u>ین</u>، دە<u>یان</u> گرت<u>ن</u>، دە<u>یان</u> گرت<u>ن</u>

لە رووی شوێنی دەرکەوتنەوە، راناوی لکاوی رێکەوتن بەردەوام بە رەگی کار دەلکێ، بەڵام ڕاناوی لکاوی خاوەنی شوێنێکی چەسپاوی نییە و بە پێی جۆری پێکهێنی ڕستە لە شوێنی جیاواز بەکار دێت، وەك:

١- دوای رەگی کار: خوارد Ø یان / پێش رەگی کار: ئەیان خوارد Ø.

٢- دوای پێشگر (لە کاری دارێژراوی نابنەرەتی: پێشگر+رەگ+ م.ك+توخم )هەڵیان گرت.

٣- دوای لەتی یەکەم لە کاری لێکدراو: سوپاسیان دەکەم.

٤- دوای تەواوکەر: نانیان خوارد.

٥- دوای سەربار: بۆیان دەنێرین. (بەدەستکارییەوە لە وریا عمر ئەمین: ١٩٨٣: ٧٠)

لەو حالەتانەی کە راناوی لکاوی خاوەنی پێش رەگی کار دەکەوێ:

١. رابردووی بەردەوام: دەیان گرتم،...هتد

٢. رابردووی خۆزگەیی: بیانهێنایە، ... هتد.

٣. رانەبردوو: دەیان بینم،...هتد.

٤. مەرجی: بتانگرێ،...هتد.

٥. فەرماندان: بیانکوژە،...هتد.

لەو حالەتانەی کە راناوی لکاوی خاوەنی پاش رەگی کار دەکەوێ:

1. رابردووی سادە : گرتمیان،...هتد.
2. رابردووی دوور : نووسیبوومان، ...هتد.
3. رابردووی تەواو : هیناومانە،...هتد.

ا) ٨- **خانەی هەشتەم:**

ئەم خانەیە پۆلێکی تاك ئەندامی لە خۆ دەگرێ، ئەویش بریتییە لە مۆرفیمی (و)ی ئاوەڵناوی کراو کە هێمایە بۆ هەر توخمێکی دوور بێ ئەوەی دەستنیشان کرابێ.(عبدالله حسین رسول: ١٩٩٥: ١٤٥) ئەم مۆرفیمە تەنیا لە رێژەی رابردووی تەواودا رۆڵی خۆی دەبینێ، وەك: هێناومە، خواردوومە،...هتد.

ا) ٩- **خانەی نۆیەم:**

ئەو خانەیە پۆلێکی تاك ئەندامی لە خۆدەگرێ، ئەویش بریتییە لە مۆرفیمی دووبارەبوونەوەی(ەوە)، کە "(و) چەمکی دووری دەگەیەنێ و (ە) چەمکی نزیکی دەگەیەنێ و پێکەوە بە هۆی مۆرفیمی بەستنی (ە) بە کارەکەوە دەلکێت، هەندێ جار ئەم مۆرفیمە جگە لە ئەرکی دووبارەکردنەوە رۆڵی مۆرفۆلۆجیش دەگێڕێ و دەبێتە هۆی گۆڕانی واتاکە(عبدالله حسین رسول: ١٩٩٥: ١٣٨) وەك:

خواردن+ ەوە = خواردنەوە (لێرەدا دوو واتا دەگەیەنێ، یەکەم:دووبارە خواردن،دووەم: خواردنی شلەمەنی)

## ٣-٢-٤- ٣- مۆرفیمی نەرێ:

یەکێ لەو مۆرفیمانەی بەشداری رۆنانی گرێی کاری دەکات مۆرفیمی نەرێ یە.بە دەرکەوتنی ئەم مۆرفیمە لە ڕۆنانی گرێی کاریدا، کارەکە لەرووی سیمانتیکیەوە پێچەوانە دەبێ،"نەرێ چەمکێکی سیمانتیکی یە وەك کەرەستەیەکی سینتاکسی لە ڕستەدا دەرئەکەوێ، بە جێنەهێنانی ئەرکی کارەکە ئەگەیێنێ" (وریا عمر ئەمین:٢٠٠٣: ١٥٧). ئەم پۆلە لە زمانی کوردیدا دوو ئەندامی هەیە کە بریتین لە (م ،ن)، وەك:

مەرۆ، مەکە، نەبێ، نەبوو، نەکرا، هەڵمەستە، ناچم، نابێ، نییە،...هتد

### ٣-٢- ٤- ٤- مۆڕفیمی بکەر نادیار:

پۆلێکی تاك ئەندامی لەم خانەیە ڕۆڵ دەگێڕێ ئەویش مۆرفیمی (ر)ی بکەرنادیارە، تەنیا هەندێ لە کارە تێپەڕەکان دەتوانن ببنە بکەرنادیار [1]وەك:

ئازاد حەسەنی کوشت. ⟵ حەسەن کوژرا.

ئازاد نانەکە دەخوات . ⟵ نانەکە دەخورێ.

وەك لە نموونەکانی سەرەوەدا دەیبینین مۆرفیمی (ر)ی بکەرنادیار دەلکێ بە ڕەگی کارەوە ،و تاکە مۆرفیمە کە راستەوخۆ پاش ڕەگی کار دێت و دەکەوێتە نێوان رەگی کارو مۆرفیمی کات.

### ٣-٢- ٤- ٥ – دەزگاکانی گرێی کاری:

گرێی کاری لە زمانی کوردیدا خاوەنی شەش دەزگایە کە لە خوارەوە دەیان خەینە بەرچاو.




---

[1]بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، ناکردن لە کوردیدا- لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارە لە نێوان دوو زاری کوردیدا، نامەی ماجستێر، کولێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٨ز.

**دەزگای ژمارە ( ١ ) ی گرێی کاری :**

دەزگای ژمارە(١)ی گرێی کاری دوو شیمانەی هەیە،کاری گرێیەکە یان تێپەڕە بان تێنەپەڕە. تێپەڕەکان ئەو کارانەن کە پێویستیان بە دوو توخم هەیە و دابەشی دوو جۆردەبن:

جۆری یەکەم: تێپەڕە بنەرەتییەکانن وەك : خواردن، نووسین، ناردن، فرۆشتن،...هتد.

جۆری دووەم ئەو کارە تێنەپەڕانەن کە بە یارمەتی مۆرفیمی تێپەڕاندن بوونەتە تێپەڕ، وەك: سوتاندن، خنکاندن، برژاندن، وەستاندن، ...، هتد.

تێنەپەڕەکان ئەوکارانەن کە تەنیا یەك توخم لەگەڵ گرێی کارییەکە دەردەکەوێ، وەك: سوتان، برژان، وەستان،...هتد.

**دەزگای ژمارە ( ٢ ) ی گرێی کاری :**

هەموو گرێیەکی کاری خاوەن کاتێکە کە کارەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت کاتێ گرێی کاری بە هۆی مۆرفیمەکانی کاتەوە دەست نیشان دەکرێت و بە شێوەیەکی سەرەکی دابەشی دوو کات دەبێت: کاتی رابردوو، رانەبردوو(کاتی رانەبردوو دابەشی دوو کاتی ئێستاو داهاتوو دەبێ).

**دەزگای ژمارە ( ٣ ) ی گرێی کاری :**

لە هەموو گرێیەکی کاریدا کەسێك هەیە ، یان وەکو بکەر کارەکە ئەنجام دەدات یان وەکو تەواوکەرێك رۆڵێکی بنەرەتی لە گرێیەکە دەگێرێت وبەشداری رۆنانی گرێیەکە دەکات، جگە لە رێژەی فەرماندان کە تایبەتە بە کەسی دووەم، رێژەکانی تر بۆ هەرسێ کەسەکە گەردان دەکرێن. (کەسی یەکەم، کەسی دووەم، کەسی سێیەم)

**دەزگای ژمارە ( ٤ ) ی گرێی کاری :**

هەموو کارێك بە پێی ئەو راناوەلکاوەی کە لەگەڵی بەکاردێت ئاماژە بۆ ژمارەیەك دەکات کە لە زمانی کوردی ئەم ژمارەیە یان تاکە یان کۆیە.(بە لێکدانی دەزگای کەس و ژمارە راناوە لکاوەکان دروست دەبن)

**دەزگای ژمارە ( ٥ ) ی گرێی کاری:**

لە هەموو گرێیەکی کاری بکەری کارەکە یان دیار یان نادیارە، ئەگەر بکەری ڕستەکە دیار بێ ڕاناوە لکاوەکان لەناو گرێیەکەدا ئاماژەی بۆ دەکەن ، ئەگەر بکەرەکە دیار نەبوو بە هۆی (ر)ی مۆرفیمی بکەر نادیارەوە هێمای بۆ دەکرێت. هەندێ جار بکەر دیارە، بەڵام قسەکەر وا پیشان دەدات کە ئەنجام دانی کارەکە بە ویستی بکەر نەبووە وەك :

دزەکە لە لایەن پۆلیسەکانەوە کوژرا.

هەرچەندە کە بکەر لە ڕستەکەدا دەرکەوتوو، بەڵام کاری ڕستەکە بە شێوەی بکەر نادیار دەربراوە، چونکە پۆلیسەکان نەیان ویستووە کە دزەکە بکوژن. هەندێ لە زمانەوانان[1] رایان وایە کە یان ڕووداوەکە لە بکەر گرنگترە، یان ئەگەر (توانایی) لە ڕستەکەدا هەبوو بد حاڵەتی بەرواڵەت نادیار و بە واتا دیارەوە دەردەکەوێ[2].

**دەزگای ژمارە ( ٦ ) ی گرێی کاری:**

هەموو گرێیەکی کاری یان ئەرێ یە یان نەرێ یە. لە هەموو ئەو گرێیانەی مۆرفیمی نەرێ بەشداری رۆنانی گرێی کارییەکەی کردووە گرێیەکە دەبێتە نەرێ و بە پێچەوانەوە گرێیەکە ئەرێیە.

## ٣- ٢- ٥- گرێی ئاوەڵکاری:

گرێی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردیدا لە وشەیەك یان زیاتر پێکهاتووە کە لە یەکەی سەرووی خۆی، واتە پاڕستەدا رۆڵی سەربار دەگێڕێت. گرێی ئاوەڵکاری لە پێوانەی پلەی زمانی کوردیدا لە سەرووی وشە و لە خوارووی پاڕستەوەیە، جگە لەو گرێ ئاوەڵکارییانەی کە بەهۆی ئاوەڵکارەوە دروست دەبن، گرێی ناوی بە یارمەتی ئامرازی پەیوەندی (بە، لە، بۆ) دەتوانێ ڕۆڵی سەربار لە ڕستەدا بگێڕێت.

---

[1] وەکو فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، ناکردن لە کوردیدا- لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارە لە نێوان دوو زاری کوردیدا، نامەی ماجستێر، کولێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٨ز.

**٣- ٢- ٥-١- پۆلین کردنی گرێی ئاوەڵکاری:**

**گرێی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردیدا دابەشی ئەم دوو جۆرەی خوارەوە دەبن:**

**١- ئەو گرێ ئاوەڵکارییانەی بە هۆی ئامرازی پەیوەندییەوە دروست دەبن و بەهۆی ئامرازە پەیوەندییەکەوە دەناسرێن، ئەو ئامرازە پەیوەندییانەش کە بەشداری لە ڕۆنانی گرێی ئاوەڵکاریدا دەکەن ئەمانەن:**

**ا) (بە) وەك: بەدڵ، بە شەو، بەرۆژ، بە ئەتۆمبێل، بە خێرایی، بە هێواشی،... هتد.**

**ب) (لە) وەك: لە ژێر چاودێری دکتۆر ئازاد، لە بن دیوارەکە، لە بەرامبەر ماڵمان، لەپێش دوکان، لە دەوروبەری هەولێر، لە دەرەوەی شار،...هتد.**

**پ) (بۆ) وەك: بۆ رزگار، بۆ ئاوات، بۆم، بۆ هەولێر، بۆ شەو ، بۆ هاوین ، ...هتد.**

**ئەم کەرستانەی خوارەوە ڕۆڵی چالاکیان هەیە لە ڕۆنانی ئەم جۆرە گرێیە( دەرەوە، خوارەوە ،دوای، لای، تەنیشت، ژێر، ناوەوە، سەر، نزیك،...هتد.)**

**٢-ئەو گرێی ئاوەڵکارییانەی لە رووی فۆرمەوە بێ نیشانەی جیاکەرەوەن: ئەندامەکانی ئەم پۆلە هیچ نیشانەی فۆرمییان نییە تا بەهۆیەوە بناسرێن و لە جۆرەکانی تر جیا بکرێنەوە. ئەم پۆلە دابەشی دوو پۆلی بچووکتردەبێ:**

**ا) پۆلی بچووکی لێکسیکی: ئەو پۆلە پۆلێکی کراوەیە و هەموو ئەو ئەندامانە دەگرێتە خۆی کە بە پشت بەستن بە واتاکانیان دەستنیشان دەکرێنوهەموویان ڕۆڵی سەربار لە پاڕستە دەگێرن،وەك: هەمیشە، هێشتا، هەرگیز، کەم و زۆر، بەڵێ، ئا، نە، نەخێر، بەس، جارجار،...هتد.**

**ئازاد <u>هێشتا</u> نەهاتووە.**

**ئازاد <u>هەرگیز</u> درۆ ناکات.**

**ئازاد هات؟ <u>بەڵێ</u> / <u>نە</u> /<u>نەخێر</u>**

**ب) پۆلی بچووکی رێزمانی: ئەمە پۆلێکی داخراوە و ئەو ئەندامانە دەگرێتە خۆی کە خاوەن بەکارهێنانێکی رێزمانی تایبەتین، دەتوانین لەرووی بەکارهێنانە تایبەتیەکانەوە**

دابەشی چەند پۆلێکی بچووکتری بکەین، بەڵام لێرە هەموویان لە یەك پۆل دا دادەنێین.محمد رضا باطنی: ٢٠٠١: ١٧٦) لەخوارەوە هەندێ نموونە لەم جۆرەیان دەخەینە بەرچاو:

کاتێك کە، ئەگەر، هەر کات، چون ، کە، چونکە، بەڵام ، بەڵکو، مەگەر، ئەگەرنە، وەکو، کەچی ، تا، ئینجا، ئەگینا،...هتد.

ئهزاد نەهات بۆ قوتابخانە چونکە نەخۆش بوو.

ئەگەر بەیەکەم دهرچی خەلاتت دەکەم.

دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە جگە لە گرێی ئاوەڵکاری گرێی ناویش دەتوانێ لە رۆنانی پاڕستەدا ڕۆڵی سەربار بگێڕێت. لە خوارەوە هەندێ نموونە لەو گرێ ناوییانە دەهێنینەوە:

١- ئەو ئەندامانەی سەر بە پۆلی بچووکی ئاوەڵناوەکانن و لە گرێی ناویدا بەکاردێن وەك: زۆر، کەم، تەنیا، جوان ، باش، خراپ، بەرز، بلند، کورت، هێواش، نزیك، دوور، ...هتد.

ئازاد کەم دێتە ئێرە.

ئازاد تەنیا مانگێ جارێك دێتە ئێرە.

هەروەها ئەو وشانەی بە یارمەتی پاشگری (انە) دروست دەبن، وەك: رۆژانە، شەوانە ، هەفتانە، ساڵانە، کوڕانە، کچانە، ژیرانە،... هتد.

هەفتانە هەموو کتیبەکانی کتێبخانە پاك دەکرێنەوە.

رۆژانە یەك کاتژمێر پیاسە دەکەم.

٢- ئەو گرێی ناوییانەی لەرووی واتاییەوە ئاماژە بە کات دەکەن وەك: دوێنێ، ئەمڕۆ، کاتژمێر یەك، پاش نیوەڕۆ، رۆژێك، دوو هەفتە پێش، شەوی یەك شەممە، هاوین ، زستان، هەر رۆژ،...هتد.

ئەمرۆ دەچمە دهۆك.

شەوی یەك شەممە لە سلێمانی بووم.

٣-ئەو گرێ ناوییانەی لەرووی واتاییەوە ئاماژە بە شوێن دەکەن، وەك: شار، دێ، هەولێر، مزگەوت، قوتابخانە، بازاڕ، نوسینگە، گەڕەکی موفتی، زانکۆی سەلاحەددین،...هتد.

ئازاد دەچێتە قوتابخانە.

ئازاد هاتە هەولێر.

## ٣- ٢- ٦- پاڕستە:

پاڕستە ئەو یەکەیەی زمانییە کە لە گرێیەك یان زیاتر پێکهاتبێ و بەشداری ڕۆنانی یەکەی سەرووی خۆی واتە ڕستە بکات، لە پێوانەی پلەی زمانی کوردیدا پاڕستە دەکەوێتە سەرووی گرێ و خوارووی ڕستەوە.

### ٣- ٢- ٦-١- یەکە ڕۆنانییەکانی پاڕستە:

چوار کەرەستە بەشداری رۆنانی پاڕستە دەکەن، واتە چوار خانەی هەیە کە هەر خانەیەك لە لایەن پۆلێك لە یەکەکانی خوارووی خۆیەوە پڕدەکرێتەوە. چوار کەرەستەکەش ئەمانەن(بکەر، تەواوکەر، سەربار، کار) ئەم کەرستانە بە هۆی پۆلە پێکهێنەرەکانی و لەرووی پەیوەندییان بە یەکتریەوە لە تۆڕی ڕۆنانی پاڕستەوە دەناسرێن(محمد رضا باطنی:٢٠٠١: ٧٤ ) وەك پێشتر باسکرا گرێ لە زمانی کوردیدا دابەشی سێ جۆر دەبێ: (گرێی ناوی، گرێی کاری و گرێی ئاوەڵکاری) ئەم گرێیانە لە خانەکانی پاڕستەدا ڕۆڵ دەگێڕن. لە خوارەوە باسی شوێنی دەرکەوتەی هەریەك لەو گرێیانە دەکەین:

أ) بکەر ئەو کەرەستە ڕۆنانیەی پاڕستەیە کە شوێنی کارکردنی گرێی ناوییە.

ب) تەواوکەر ئەو کەرەستە ڕۆنانیەی پاڕستەیە کە شوێنی کارکردنی گرێی ناوییە.

ت) کار ئەو کەرەستە ڕۆنانیەی پاڕستەیە کە شوێنی کارکردنی گرێی کارییە.

پ) سەربار ئەو کەرەستە ڕۆنانیەی پاڕستەیە کە شوێنی کارکردنی گرێی ئاوەڵکارییە، جگە لە گرێی ئاوەڵکاری، هەندێ جار، گرێی ناویش لەم خانەیەدا ڕۆڵ دەگێڕێ و دەبێتە سەربار.

دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە دەرکەوتەی جۆرەکانی گرێ لە پاڕستەدا پیشان بدەین:



نموونە بۆ جۆرەکانی گرێ لە ڕۆنانی پاڕستەدا:

ئازاد ئەمڕۆ دێت بۆ هەولێر.
بکەر سەربار کار سەربار
گ.ن گ.ن گ.ك گ. ئاوەل

ئازاد نامە دەنووسیت .
بکەر تەواوکەر کار
گ.ن گ.ن گ.ك

بەیانی دەچین بۆ سەیران.
بکەر کار سەربار
گ.ن گ.ك گ. ئاوەل

ئازاد ئۆتۆمبێلێکی نوێی کریوە.
بکەر تەواوکەر کار
گ.ن گ.ن گ.ك

**پێوەرەکانی ناسینەوەی بکەر و تەواوکەر:**

لەبەر ئەوەی گرێی ناوی دەتوانێ شوێنی بکەر، تەواوکەر و سەربار لە پاڕستەدا بگێرێتەوە بۆیە پێویستمان بە هەندێ پێوەری فۆرمی هەیە بۆ لێك جیا کردنەوەیان. بۆ جیاکردنەوەی بکەر لە تەواوکەر دوو پێوەرمان هەیە: ١- ا)لە هەموو کارە تێنەپەڕەکاندا بکەر لە رووی کەس و ژمارە لەگەڵ کار رێکدەکەوێ، وەك:

ئازاد هاتØ .
بکەر کار

قوتابیەکان هاتن.
بکەر کار

حەسەن دەچێتە بازاڕ.
بکەر کار سەربار

دارەکان سوتان.
بکەر کار

ئازاد چوو بۆ قوتابخانە.
بکەر کار سەربار

١-ب-١) لە کارە تێپەڕەکاندا ئەگەر کارەکە رابردوو بێ کارەکە لەرووی کەس و ژمارە لەگەڵ تەواوکەر رێکدەکەوێ و راناوی لکاوی خاوەنی لەگەڵ بکەر رێکدەکەوێ، وەك:

ئەوان نامەکەیان نووسی .
بکەر ر. خاوەنی

ئێوە پەنجەرەکەتان شکاندØ.
بەرکار ر. رێکەوتن

١-ب-٢) ئەگەر کارەکەی رانەبردوو بێ راناوی لکاوی رێککەوتن لەرووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ بکەر رێکدەکەوێ و راناوی لکاوی خاوەنی لەگەڵ تەواو کەری ڕستەکە رێکدەکەوێت، وەك:

ئەوان نامەکە دەنووسن
بکەر ر.رێکەوتن

ئێوە پەنجەرەکان دەشکێنن.
بکەر ر.رێکەوتن

ئێمە زەوییەکە دەکێڵین.
بکەر ر.رێکەوتن

٢- کاتێك کە بکەر و تەواوکەر لەرووی کەس و ژمارە وەکو یەك بن . بە پێی ریزبوونی کەرەستەکان بکەر لە تەواوکەر جیا دەکرێتەوە ئەو کەرەستەیەی لەسەرەتا بێت بکەرە و ئەوەی لە دوای دێت تەواوکەرە.

پاسەوانەکە خانوویەکی هەبوو.
بکەر تەواوکەر کار

خانووەکە پاسەوانێکی هەبوو.
بکەر تەواوکەر کار

**پێوەری ناسینەوەی سەربار:**

**١) هەموو ئەم گرێیانەی بە ئامرازی پەیوەندی دروست دەبن و ئامرازەکە دەکەوێتە سەرەتای گرێی ناوییەوە ، گرێی ئاوەڵکاریین و لە خانەی سەربار ڕۆڵ دەگێڕن وەك:**

**حەسەن نامە بۆ ئازاد دەنێرێت.**
**بکەر تەواوکەر سەربار کار**

**ئازاد دوێنێ بە پێ چوو بۆ بازار.**
**بکەر سەربار سەربار کار سەربار**

**٢-ئەو گرێ ناوییانەی ئاماژە بۆ کات و شوێن دەکەن دەبنە سەربار، وەك:**

**ئازاد ئەمرۆ زوو هاتە ناو پۆل.**
**بکەر سەربار سەربار کار سەربار**

**٣-ئەو ئاوەڵناوانەی کە لە ناو پاڕستەدا وەسفی کاردەکەن رۆڵی سەربار دەگێڕن، وەك:**

**پێشمەرگەکان مەردانە شەڕیان دەکرد.[١]**
**بکەر سەربار تەواوکەر کار**

**ئازاد وانەکانت باش بخوێنە.**
**بکەر تەواوکەر سەربار کار**

**شیکردنەوەی کارە لێکدراوەکان :**

**زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانە کە ژمارەی کارە دارێژراوە بنەڕەتییەکانی کەمە و بە سوود وەرگرتن لە پێشگرە وشەداڕێژەکان و دروستکردنی کاری لێکدراو توانیویەتی خۆی دەوڵەمەند بکات و ئەو بۆشاییەی کە لەبەر کەمی کار لە زمانی کوردیدا هەبووە پڕبکاتەوە. هەرچەندە کاری لێکدراو بە یارمەتی هەموو کەرەستەی پێکهێنەکانی، یەکەیەکی واتایی پێکدێنێ بەڵام لە رووی ڕۆنانەوە لە دوو لەت پێکهاتووە ، بۆنموونە کاری (دەست هەڵگرتن) لە دوو لەت پێکهاتووە، لەتی یەکەم لە هەمان پۆلی لەتی دووەم نییە، لەتی دووەمی کاری لێکدراو کارێکی دارێژراوە، بەڵام لەتی یەکەم لەم نموونەیەدا ناوە و دەتوانین کەرەستەی تر بخەینە نێوان ئەم لەتانەوە، بۆ نموونە:**

**ئازاد دەستی لە کار هەڵگرت.**

---

[١] لەم تیۆرەدا لەتی یەکەمی کاری لێکدراو رۆڵی تەواوکەر دەگێڕێت.

بۆیە دەتوانین دابەشی دوو لەتی بکەین: لەتی یەکەم تەواوکەر ، لەتی دووەمیش دەبێتە کار، وەك:

نان کردن — ئاواز نانێکی جوانی کردبوو.
بکەر / تەواوکەر / کار

شەر کردن — شەڕێکی گەورەی کرد.
تەواوکەر / کار

سوێند خواردن — حەسەن سوێندی بە قورئان خوارد.
بکەر / تەواوکەر / سەربار / کار

**٣- ٢- ٦-٢- جۆرەکانی پاڕستە :**

پاڕستە لە رووی مۆرفۆلۆجییەوە دابەشی دوو جۆر دەبێت: ١) پاڕستەی گەورە[1] ٢) پاڕستەی بچووك[2]. لە پاڕستەی گەورە بوونی کار پێویستییەکی سەرەکییە و دەبێ ئەم خانەیە بە گرێی کاری پڕکرابێتەوە، بەڵام لە پاڕستەی بچووك گرێی کاری لە شوێنی کار دەرناکەوێ و ئەم خانەیە بەتاڵە (محمد رضا باطنی:٢٠٠١: ٨٠)وەك : بەیانی باش، نە پێڵاوی تەنگ نە خانەی بە جەنگ،...، هتد.

**١ ) پاڕستەی گەورە:**

یاسای ڕۆنانی پاڕستەی گەورە بەم شێوەیە: (بکەر) (تەواوکەر)(سەربار) کار ،لەم کەرستانە تەنیا کار کەرەستەی بەخورتییە و کەرەستەکان ی تر بە ئارەزوون و بوونی کار لە پاڕستەدا پێوەری جیاکردنەوەی پاڕستەی گەورە و بچووکە.

هات.
کار

هاتە کتێبخانە.
کار / سەربار

کتێبەکەی بردە کتێبخانە.
تەواوکەر / کار / سەربار

---

[1] Major
[2] Minor

ئازاد کتێبەکەی بردە کتێبخانە.
بکەر تەواوکەر کار سەربار

**ا ) ١- ریزبوونی کەرەستەکانی پاڕستە :**

ریزبوونی ئاسایی کەرەستە رۆنانییەکانی پاڕستە لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

بکەر تەواوکەر کار

هەندێ جار قسەکەر بەمەبەستی جەخت کردنە سەر تەواوکەر ئەم ریزبوونە ئاساییە دەگۆڕێ و ئەو کەرەستەیەی کە بە لایەوە گرنگە دەباتە سەرەتای پاڕستە، وەك:

| ریزبوونی ئاسایی | ریزبوونی نائاسایی |
| --- | --- |
| پۆلیس دزەکەی کوشت.<br>بکەر تەواوکەر کار | دزەکە پۆلیس کوشتی.<br>تەواوکەر بکەر کار |
| لافاوەکە خانووەکەی وێران کرد<br>بکەر تەواوکەر تەواوکەر کار | خانووەکە لافاو وێرانی کرد.<br>تەواوکەر بکەر تەواوکەر کار |

سەربارەکان شوێنێکی چەسپاویان نییە و دەتوانن لە شوێنی جیاجیا لە پاڕستەدا دەرکەون بەڵام بە زۆری دەکەونە پێش کار، وەك:

حەسەن بۆ بازاڕ چوو. بۆ بازاڕ چوو حەسەن. حەسەن چوو بۆ بازاڕ.

**ا ) ٢- دووبارە بوونەوەی کەرەستەکان :**

هەموو پاڕستەیەك تەنیا یەك بکەری هەیە و ئەو کەرەستەیە دووبارە نابتەوە، ئەگەر چەند گرێیەکی ناوی بە هۆی (و)ی هاوبەشی پێکەوە بەستران هەموویان پێکەوە بە بکەر دادەنرێن وەکو:

حەسەن و ئازاد و نەوزاد هاتن.
بکەر کار

تەواوکەر یەکێ لەو کەرستانەی پاڕستەیە کە توانای دووبارە بوونەوەی هەیە و دەکرێ زیاتر لە تەواوکەرێك لە ناو پاڕستە دا ڕۆڵ بگێڕیت.

حەسەن کتێبەکەی خۆی بزر کردبوو.
بکەر تەواوکەر تەواوکەر کار

هەروەها سەرباریش توانای دووبارە بوونەوەی هەیە لە ناو پاڕستەدا، وەك:

ئازاد دوێنێ بە پێ چوو بۆ بازاڕ.
بکەر سەربار سەربار کار سەربار

**ا ) ٣- دەزگاکانی پاڕستە لە زمانی کوردیدا :**

لە پاڕستەی زمانی کوردیدا دوو دەزگای گرنگ هەیە، هەر دەزگایەك بریتییە لە کۆمەڵێك شیمانەی جیاواز کە دەتوانین یەکێکیان هەڵبژێرین. ئەم دەزگایانە بریتین لە : دەزگای پرسیاری و دەزگای تەواوکەری، کە بە جیا باس لە هەر یەکیان دەکەین:




**دەزگای ژمارە ١ ی پاڕستە :**

وەك لە شیکاری سەرەوەدا دەیبینین لەم دەزگایەدا هەندێ شیمانەمان هەیە، ئەگەر پاڕستەکان ئامرازی پرسیاریان هەبێ یان نە، ئاوازەیان بەرزبێ یان نە، ئەگەرەکان دەگۆڕێن، لەبەر ئەوەی تەنیا ڕستەی مەرجی و هەوالگەیاندن دەبن بە پرسیار، بۆیە لەم دەزگایە ١٢ شیمانەمان هەیە کە لە شیکاری سەرەوە پیشان دراون، وەك:

| مەرجی | هەوالگەیاندن |
|---|---|
| ١- بڕۆم ؟ ↖ | ١- دەڕۆی ؟ ↖ |
| ٢- ئایا بڕۆم ؟ | ٢- ئایا دەڕۆی؟ |
| ٣- ئایا بڕۆم؟ ↙ | ٣- ئایا دەڕۆی؟ ↙ |
| ٤- ئایا بڕۆم؟ ↖ | ٤- ئایا دەڕۆی؟ ↖ |
| ٥- حەسەن کەی بڕوات؟ ↖ | ٥- حەسەن کەی دەڕوات؟ ↖ |
| ٦- حەسەن کەی بڕوات؟ ↙ | ٦- حەسەن کەی دەڕوات؟ ↙ |

## دەزگای ژمارە ٢ی پاڕستە :

لە هەنگاوی یەکەمی شیکردنەوەی پاڕستەدا، دەتوانین دابەشی دوو جۆری بکەین، ئەوانەی تەواوکەریان هەیە و ئەوانەی تەواوکەریان نییە.

أ) پاڕستە بێ تەواوکەرەکان وەك:

| نموونە | ڕۆنان |
|---|---|
| هات. | کار |
| باران دەبارێ. | بکەر + کار |
| بۆم بێنە. | سەربار + کار |
| نەچوو. | کار |

ب) ١- ئەو پارستانەی تەنیا تەواوکەرێکیان هەیە، وەك:

| ئازاد | نانی | گەرمی | هێناوە. |
|---|---|---|---|
| بکەر | تەواوکەر | | کار |

| ئەو کوڕە | برام | بوو. |
|---|---|---|
| بکەر | تەواوکەر | کار |

٢- ئەوانەی زیاتر لە تەواوکەرێکیان هەیە، وەك:

| حەسەن | ئازادی | تووڕە | کرد. |
|---|---|---|---|
| بکەر | تەواوکەر | تەواوکەر | کار |

### ب ) پاڕستەی بچووك:

وەك پێشتر باس کرا پاڕستەی بچووك ئەم پاڕستەیەیە، کە تێیدا شوێنی کار بەتاڵ بێ وەکو: شەوباش ، خوات لەگەڵ ، سڵاو و ڕێز ، ... هتد.

پاڕستەی بچووك دابەشی ئەم جۆرانەی خوارەوە دەبێ :

دابەشکردنی پاڕستەی بچووك ←

١- خاوەنی کەرەستەی سواو کە هاوتاکەی لە پاڕستەی گەورە هەیە.

ئاخاوتنی ڕۆژانە — دابەشبوون

٢- بێ بوونی کەرەستەی هاوتا لە پاڕستەی گەورە

وەك لە شیکاری سەرەوەدا دەردەکەوێ پاڕستەی بچووك دابەشی دوو جۆری سەرەکی دەبێ:

١- ئەو پاڕستە بچووکانەی کە کەرەستە سواوەکە یان لە پاڕستەی گەورەدا هاوتای هەبێ.

٢- ئەو پاڕستە بچووکانەی کە کەرەستە سواوەکەیان لە پاڕستەی گەورەدا نییە.

جۆری یەکەم :

ا) ئەم جۆرەیان بەردەوام لەگەڵ پاڕستەیەکی گەورە دێت  و کەرەستە سواوەکانی هاوتای کەرەستەکان ی ناو پاڕستە گەورەکەیە، بە زۆری قسەکەر یەك کەسە و کەرەستەکان بە هۆی ئامرازی (و/یا) بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، بۆ نموونە:

ئازاد دوێنێ نەهاتبوو بۆ قوتابخانە

یا   ...... پێرێ ............. .. ............ ؟

حەسەن ئەمرۆ دەچێتە بازار .

و   .......  بەیانی ......... .... .

ب) لە گفتوگۆدا (ئاخاوتنی رۆژانە)

پاڕستەی بچووکی گفتوگۆیی وەکو جۆرەکەی پێشوو خاوەن هاوتا کەرەستە سواوەکەیە لە پاڕستەی گەورەدا ، لێرەدا ئەم جیاوازییە لەگەڵ جۆری یەکەم بەرچاو دەکەوێ کە لەم جۆرەدا بە پێچەوانەی جۆری یەکەم قسەکەر هەر هەمان کەس نییە، پێویستیمان بە هیچ کەرەستەیەك نییە بۆ لێکدانی پاڕستەکان وەك لەم گفتوگۆیەی خوارەوە دەبینین:

| حەسەن | ئازاد |
| --- | --- |
| دوێنێ لە کوێ بووی؟ | لە سەیران. |
| لەگەڵ کێ رۆیشتبووی؟ | لەگەڵ ئامۆزام. |
| بۆ کوێ رۆیشتن؟ | شەقڵاوە. |

هەموو وەڵامەکانی ئازاد لە جۆری پاڕستەی بچووکن، چونکە شوێنی کار بەتاڵە و ئەو کەرەستانەی سواون لە قسەکانی حەسەنەوە وەردەگیرێت.

جۆری دووەم :

ئەم پارستانە لەگەڵ پاڕستەی گەورە نایەن و کەرەستەی سواوەکان هاوتایان نییە لە پاڕستەی گەورەدا ، بە هۆی زۆر بەکارهێنانیانەوە کارەکە سواوە. وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

خوات لەگەڵ ،  شەو باش، بەیانی باش  ، سڵاو و رێز ، دەست خۆش، ئافەرین،...هتد.

## ٣-٣- تەوەری دووەم : ڕستەی زمانی کوردی لەرووی ڕۆنانەوە بە پێی تیۆری کاتیگۆری و پێوانە

وەك لە تەوەری یەکەمی ئەم بەشەدا باسمان کرد یەکەکانی زمانی کوردی لە گەورە بۆ بچووك ئەمانەن: ڕستە ، پاڕستە ، گرێ ، وشە ، مۆرفیم. لە تەوەری یەکەم باسمان لە پێکهێنی ڕستە کرد، لەم تەوەرە دا لە رووی ڕۆنانەوە باس لە جۆرەکانی ڕستەی زمانی کوردی دەکەین.

### ٣-٣-١- پێناسەی ڕۆنانی ڕستە :

رستە ئەو یەکەیەی زمانە کە لە پاڕستەیەك یا زیاتر پێکهاتووە. لە پێوانەی پلەی زمانی کوردیدا ڕستە دەکەوێتە سەرووی پاڕستە و لە پێوانەی پلە گەورەترین یەکەیە. لەم تیۆرەدا ڕستە لە رووی ڕۆنانەوە لە تیۆری کاتیگۆری و پێوانە دەبێتە دوو جۆر:

### ٣-٣-2- ڕستەی ناوك

ڕستەی ناوك لە پاڕستەیەکی ناوکی ناوەندی پێکدێت کە بوونی ناوکە کە بەخورتییە و هەندێ پاڕستەی پەیوەست بەشداری ڕۆنانی ئەم جۆرە ڕستەیە دەکەن کە بوونیان بە ئارەزووە. ناوك دەتوانێ بە شێوەی سەربەخۆ دەرکەوێ، بەڵام پەیوەستەکان ناتوانن بێ ناوك دەرکەون(محمد رضا باطنی:٢٠٠١: ٦٠). لەبەر ئەوەی پاڕستە کەرستەی ڕۆنانی ڕستەیە بە پێی کارکردنی لە ناو ڕستەدا دابەشی دوو جۆر دەبێت و هەر یەك لەم جۆرانە پۆلێك پێك دەهێنن:

١) پاڕستەی ئازاد
٢) پاڕستەی بەند

پاڕستەی ئازاد لە خانەی پاڕستەی ناوکدا ڕۆڵ دەگێڕێ و پاڕستەی بەند لە خانەی پاڕستەی پەیوەست دەردەکەوێ

| کەرستەی ڕۆنانی ڕستە | ناوك | پەیوەست |
|---|---|---|
| پۆل | پاڕستەی ئازاد | پاڕستەی بەند |
| نموونە | دیارە | کە سەربەخۆیی کوردستان ئاواتی هەموو کوردێکە |

جیاکردنەوە پاڕستەی بەند لە پاڕستەی ئازاد: پاڕستەی بەند بە هۆی ئەم ئامرازە گەیەنەرەی کە بەشداری ڕۆنانی دەکات دەناسرێتەوە. ئامرازە گەیەنەرەکانی زمانی کوردی

ئەمانەن: ( " کە ، بۆ ئەوە، کەچی ، تا، چونکە، ئەگەر، بۆیە"( ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم: ۱۹۸٦(b): ٥٤) ، کاتێك کە، لەبەر ئەوەی، تاکو ،...هتد.

بۆ نموونە :

بە حەسەنم وتبوو کە کتێبەکە بۆ ئازاد بێنێ.
پاڕستەی ناوك پاڕستەی پەیوەست

حەسەن هات، کەچی کتێبەکەی لەگەڵ خۆی نەهێنابوو.
پاڕستەی ناوك پاڕستەی پەیوەست

حەسەن نەهاتبوو بۆ ئاهەنگەکە، چونکە نەخۆش بوو.
پاڕستەی ناوك پاڕستەی پەیوەست

ئەگەر حەسەن بێت خەلاتی دەکەم.
پاڕستەی پەیوەست پاڕستەی ناوك

چاوەڕێی حەسەن دەکەم تا پێکەوە بڕۆین.
پاڕستەی ناوك پاڕستەی پەیوەست

یەکناگرین ، بۆیە سەر ناکەوین .
پاڕستەی ناوك پاڕستەی پەیوەست

لەبەر ئەوەی یەکناگرین ، سەرناکەوین.
پاڕستەی پەیوەست پاڕستەی ناوك

لە هەندێ پاڕستەی پەیوەست دا ئامرازی گەیەنەر دەرناکەوێ، بۆ نموونە (کە) چالاکترین ئامرازی گەیەنەرە کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە بەستنەوەی پاڕستەی بەند بە پاڕستەی ناوکەوە. هەندێ جار ئەم ئامرازە لە پاڕستەی پەیوەست دا دەرناکەوێ ، دەرنەکەوتنی ئەم ئامرازە لە پەیوەست دا جۆری پاڕستەکە لە بەندەوە ناگۆڕێت بۆ پاڕستەی ئازاد. " دەشێ وا لێك بدرێتەوە کە ئامرازەکە ئەگەر دەریش نەکەوێ، ئەوا لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بوونی هەیە و قسەکەر یا خوێنەر هەست بە بوونی دەکات."(شلێر رسول محمد: ۲۰۰٤ :۹۱) بۆ نموونە:

من هاتم ئەو لەوێ بوو . ڕۆنانی سەرەوە

**کە** من هاتم ئەو لەوێ بوو. ڕۆنانی ژێرەوە

بۆ جیاکردنەوەی پارِستەی بەند لە پارِستەی ئازاد لەو رستانەی کە ئامرازی گەیەنەر لە رِۆنانی سەرەوەیاندا دەرنەکەوتووە، ئامرازەکە دەخەینە سەرەتای پارِستەکان و لەگەڵ کامیان گونجا دەبێتەپارِستەی بەند و ئەویتریان دەبێتە پارِستەی ئازاد، بۆ نموونە :

ئەوانەی ئازادیان کوشت هەڵاتن.

ئەوانەی کە ئازادیان کوشت هەڵاتن. (دەگونجێ)

ئەوانەی ئازادیان کوشت کە هەڵاتن. ⋆

جگە لە (کە) هەندێ جار ئامرازی گەیەنەری (ئەگەر)یش لە رِۆنانی سەرەوەی رِستەی مەرجی دا دەرناکەوێ وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

حەسەن بێت خەلاتی دەکەم.

ئەگەر حەسەن بێت خەلاتی دەکەم. (دەگونجێ)

حەسەن بێت ئەگەرخەلاتی دەکەم.⋆

شوێنی پارِستەی پەیوەست لە رِۆنانی رِستەی ناوك:

پارِستەی پەیوەست لە چەند شوێنێکی جیاوازی رِستەی ناوك دا دەردەکەوێ، وەك:

ا)پێش پارِستەی ناوك دا

ب)ناو پارِستەی ناوك دا

ج)دوای پارِستەی ناوك دا

ا)پێش پارِستەی ناوك دا: لەم جۆرە دا پارِستەی پەیوەست پێش پارِستەی ناوك دەکەوێ و لەسەرەتای رِستەکەوە دێت، وەك :

ئەگەر هاتی بۆ هەولێر سەرم لێ بدە.
پارِستەی پەیوەست

لەبەر ئەوەی یەکناگرین سەر ناکەوین.
پارِستەی پەیوەست

چونکە یەك ناگرین سەرناکەوین.
پارِستەی پەیوەست

ب)لە ناو پارِستەی ناوك دا: لەم جۆرەدا پارِستەی پەیوەست پارِستەی ناوك دەکاتە دوو لەت و دەچێتە ناو پارِستەی ناوکەوە، وەك:

ئەو کوڕەی    کە بینیت    برام بوو.
پاڕستەی پەیوەست
پاڕستەی ناوك

ئامۆزاکەم کە پار هاتبوو بۆ ماڵتان    لە تاقیکردنەوەکان دەرچوو.
پاڕستەی پەیوەست
پاڕستەی ناوك

ج) لە دوای پاڕستەی ناوك دا: لەم جۆرەدا پاڕستەی ناوك لە سەرەتای ڕستەکەوە دێت وپاڕستەی پەیوەست بەدوایدا دێت ، وەك:

ئاشکرایە    *کە ئاشتی هیوای هەموو گەلانە*.
پاڕستەی ناوك    پاڕستەی پەیوەست

دیارە    *کەئەمرۆ نایەێت* .
پاڕستەی ناوك    پاڕستەی پەیوەست

**دووبارە بوونەوە لە ڕستەی ناوك دا :**

ڕستەی ناوك دوو یاسای ڕۆنانی هەیە کە ئەمانەن:

١- دووبارە بوونەوەی هاوسەنگ: ڕستەی ناوك = پا.ن °

٢- دووبارە بوونەوەی ناهاوسەنگ ڕستەی ناوك = پا.ن (پا.پەی) °

٣- ٣- ٣-**دووبارە بوونەوەی هاوسەنگ** :پاڕستەی ناوك کەرەستەی بەخورتییە و دووبارە کردنەوەی تێدا هەیە بەمەرجێك کە لە ڕستەکە دا پاڕستەی پەیوەست نەبێ وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

- هاوینان دەچووینە سەیران، هەندێکمان یاریمان دەکرد، هەندێکمان کتێبمان دەخوێندەوە،
پا.ئا ١    پا. ئا ٢    پا. ئا ٣
هەندێکمان خواردنمان ئامادە دەکرد.
پا. ئا ٤

- هەموویان زیرەك بوون، یەکیان بوو بە مامۆستا، یەکیان بوو بە پزیشك،
پا. ئا ١    پا. ئا ٢    پا. ئا ٣
یەکیان بوو بە ئەندازیار، یەکیان بوو بە پارێزەر.
پا. ئا ٤    پا. ئا ٥

بەیانی چووم بۆ کۆلێژ، کاتژمێر دوو هاتمەوە، نانم خوارد، چایەم خواردەوە،
پا. ئا ١    پا.ن ٢    پا. ئا ٣    پا ئا ٤

رۆیشتم بۆ پیشانگای کتێب و دوو کتێبم کری.        (عبدالله حسین رسول: ۱۹۹۱)

پا. ئا ٥        پا. ئا

وەك لە نموونەکانی سەرەوەدا دەیبینین کۆمەڵێك پاڕستەی ئازادمان هەیە کە هەریەکەیان بە شێوەی سەربەخۆ کار دەکەن و پەیوەست نین بە پاڕستە ناوکەکانی ترەوە، هەموویان لە ڕۆنانی ڕستەکەدا دەچنە خانەی پاڕستەی ناوکەوە. دەتوانین پەیوەندی پاڕستەکان لەم رستانەی سەرەوە بەم شێوەیە پیشان بدەین:

پا.ن ۱ = پا. ن ۲ = پا. ن ۳ = پا. ن n

لە دووبارە بوونەوەی هاوسەنگدا ئەم ئامرازە لێکدەرانە بۆ پێکەوە بەستنی پاڕستە ئازادەکان رۆڵ دەبینن: (،) ، ش، بەڵام، یا، یان...یان، نە...نە، ئەوسا، ئەوجا، پاشان ،... هتد، وەکو:

چوومە لای ئەحمەد، بەلام لەوێ نەبوو.

ئەو نەهات منیش نەچووم.

یا وەرە یا برۆ.

نە خراپە لە بیر دەکرێت نە چاکە.

دەچمە مال ئەوجا دێم.

حەسەن هات، دانیشت ، هەندێ قسەی خۆشی کرد و رۆیشت.

٣- ٣-٤ - **دووبارە بوونەوەی ناهاوسەنگ** ڕستەی ناوك ئەم یاسایەی هەیە:

ڕستەی ناوك = پا.ن (پا.پەی)$^{o}$

لە دووبارەبوونەوەی هاوسەنگ تەنیا پاڕستەی ناوکمان هەبوو و دەمانتوانی بۆ چەند جارێ دووبارەی کەینەوە، بەڵام لە دووبارەبوونەوەی نا هاوسەنگدا مەرجە کە تەنیا یەك پاڕستەی ناوك بەشداری رۆنانی ڕستەکەی کردبێ و لێرە تەنیا پاڕستە پەیوەستەکان دووبارە

دەبنەوە، لەبەر ئەوەی پاڕستە پەیوەستەکان خاوەن یەك بەها نین، بۆیە بە ناهاوسەنگ ناو دەبرێن، لێرەدا هەندێ لە پاڕستە پەیوەستەکان بەندن بە پاڕستە پەیوەستەکانی ترەوە وەك:

ئەگەر تەلەفۆنی کرد  بڕۆ  ئەگینا توڕە دەبێ  چونکە زۆر دل ناسکە.




تەنیا ئەو قوتابیانە هاتبوون کە لە تاقیکردنەوەکان دەرچووبوون تا بەشداری ئاهەنگی دەرچووان بکەن.




پەیوەندی پاڕستە پەیوەستەکان لە شێوەی زنجیرەدایە و یەك بەدوای یەك دەبەسترێنەوە بە پاڕستەی ناوکەوە.

هەندێ جار هاوسەنگی نێوان پاڕستە پەیوەستەکانیش بەرچاو دەکەوێ وەك :

من نەوەی قەومێکم کە لەبەربەیانی تاریخەوە بەم زمانە قسەدەکەن  کە من قسەی پێدەکەم و پێی ئەنووسم




(ابراهیم عزیز ابراهیم : ١٩٨٦(A): ١٠١)

### ٣- ٣- ٥-ڕستەی هێشوویی

ڕستەی هێشوویی لە لێکدانی دوو یا چەند ڕستەیەکی ناوکی پێکدێت، بەمەرجێ یەکێکیان پاڕستەی پەیوەستی لەگەڵ بێت، و ئەم ڕستە ناوکییانە بە هۆی (و) پێکەوە دەبەسترێنەوە، ژمارەی رستە ناوکییەکان هێندەی پارستە ناوکییەکانە و هەر پارستەیەکی ناوکیش دەتوانێ چەند پاڕستەیەکی پەیوەستی لەگەڵ بێت.

**یاسای ڕۆنانی ڕستەی هێشوویی:**

**پا.ن پا.پەی° + N { پا.ن° (پا.پەی°)} (محمد رضا باطنی: ٢٠٠١ : ٧١)**

**وەك لە یاسا ڕۆنانییەكە دەردەكەوێ بوونی پاڕستەیەكی پەیوەست بەخورتییە و لە ناو یەكێ لە ڕستە ناوكییەكاندا بە هۆی ئامرازی (و)ەوە لێكدەدرێن.**

لە پشووی نیوە ساڵ ڕۆیشتم بۆ تاران و **هەندێ كتێبی باشم كڕی چونكە پێویستم بە سەرچاوە هەبوو**

ڕستەی ناوكی ١ — پا.ن — پا.پەی

ڕستەی ناوكی ٢

**ئەگەر ئازاد هات لەگەڵی بڕۆ و كارەكان تەواوكەن چونكە زۆر درەنگە.**

پا.پەی — پا.ن — ڕستەی ناوكی ١

پا.ن — پا.پەی — ڕستەی ناوكی ٢

**بە كورتی دەتوانین بەم شیكارییەی خوارەوە باسی ڕۆنان وپێكهاتەی ڕستەی زمانی كوردی بكەین:**



# ئەنجام

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :

- گونجانی تیۆری کاتیگۆری و پێوانە و پەیرەو بوونی لەسەر زمانی کوردی بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە تیۆری کاتیگۆری و پێوانە تیۆرێکی گشتی زمانییە و بۆ زمانەکانی تریش دەگونجێ، ڕەنگە لە هەندێ شوێندا ناوێزەی تێ بکەوێ بەڵام بوونی ناوێزە نابێتە خەوش چونکە، بوونی ڕادەیەکی کەم لە ناوێزە لە هەموو تیۆرێکی زمانی دا بەرچاو دەکەوێ.

- ڕستە لە زمانی کوردیدا دابەشی دوو جۆر دەبێ: ڕستەی ناوك و ڕستەی هێشوویی، رستەی هێشوویی لە لێکدانی دوو یان چەند رستەیەکی ناوك دروست دەبێ کە مەرجە بەلای کەمەوە یەکێ لە پارستە ناوکەکان، پارستەی پەیوەستی لەگەلدا بێت.

- سادەترین رستە لە زمانی کوردیدا پێکهاتووە لە پارستەیەکی ناوك ، و مەرج نییە کە ژمارەی رستەکان هێندەی ژمارەی کارەکان بێ (وەك ئەوەی کە پێشتر باو بووە) بەڵکو ژمارەی رستەکان هێندەی پارستە ناوکەکانە.

- هەموو کەرستەیەکی ڕۆنانی رستە توانای دووبارە بوونەوەی هەیە ، پارستەی ناوك تەنها لە کاتێکدا دووبارە دەبێتەوە کە پارستەی پەیوەستی لەگەڵ نەبێ، ئەگەر پارستەی پەیوەست بۆ ئەم جۆرە پارستانە زیاد بکرێ جۆری ڕستەکە دەگۆڕێت بۆ رستەی هێشوویی.

- گرێی ناوی دەتوانێ ڕۆڵی بکەر و تەواوکەر و سەربار لە رۆنانی پارستەدا بگێرێت و گرێی کاریش شوێنی کار لە ڕۆنانی پارستە دا دەگێڕێت و هەموو کەرستەکانی تر کە لەم دوو شوێنە کار ناکەن دەچنە خانەی گرێی ئاوەڵکارییەوە.

- هەر یەك لە کەرستە بەشداربووەکانی پارستە دەتوانن رۆڵی ڕستە بگێرن ، واتە: تاکە وشەیەك ئەگەر وەکو وەلامی رستەی پرس بەکارهات دەبێتە رستە.

- پێوانەی پلەی زمانی کوردی لە گەورەوە بۆ بچووك ئەمانەن : رستە ، پارستە، گرێ، وشە ، مۆرفیم . لە حاڵەتی ئاسایی دا کەرستە بچووکەکان بەشداری رۆنانی کەرستەی گەورە دەکات بەڵام هەندێ جار لە زمانی کوردیدا پێچەوانەبوونی پلە روو دەدات و کەرستەی گەورەتر یا خود هاوتای کەرستەکە بەشداری رۆنانی دەکات .

- بە پێی پێوانەی دەرکەوتە دەتوانین لە پلەی نزمەوە بۆ بەرز رستەکانی زمانی کوردی شیبکەینەوە و بە پێی پێوانەی شیکردنەوە ئەم کارە لە پلەی بەرزەوە بۆ نزم دەبێ.

- سادەترین گرێی ناوی لە زمانی کوردیدا پێکهاتووە لە تاکە (سەرە)یەك و دەتوانرێ بە هۆی دیارخەری پێش و دواوە فراوان بکرێت .

- سادەترین گرێی کاری لە زمانی کوردیدا لە (رەگ+ م.ك+ توخم) پێك دێت، جاری وا هەیە کە کار لە گرێی کاری دەسوێ ئەویش لەبەر زۆر دووبارەبوونەوەی کارەکەیە.

- سادەترین گرێی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردیدا پێکهاتووە لە ئامرازێکی سینتاکسی یا ئاوەڵکارێك. گرێی ئاوەڵکاری بەهۆی ئامرازی پەیوەندی و گرێی ناوییەوە فراوان دەکرێت.

- دەزگای کەس وژمارە لە یەکە جیاوازەکانی زمان کوردیدا بەرچاو دەکەوێ. تایبەتمەندی زمانی کوردی وای کردووە کە لە رووی ژمارەوە تاك و کۆمان هەبێ و بۆ هەر سێ کەسی (یەکەم و دووەم سێیەم) گەردان دەبێ.

- لە پێوانەی پلەی زمانی کوردیدا ناتوانین پارستە پشت گوێ بخەین ، وەك ئەوەی کە لە رێزمانی تەقلیدی دا دەکرا، وتەنیا لە رستەی ئالۆز باسیان لە پارستە دەکرد، سادەترین رستە لە زمانی کوردیدا پێکهاتووە لە پارستە ، گرێ ، وشە و مۆرفیم.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان

**یەکەم: کتێب**


١- ابراهیم عزیز ابراهیم، رستەی لێکدراوی شوێنکەوتوو خواز لەگەڵ رستەی شوێنکەوتووی دیالێکتە ناوەندییەکانی زمانی کوردیدا، بەغدا، ١٩٨٦ (A)

٢- ابراهیم عزیز ابراهیم، هەندێ ئامرازی سینتاکسی لە زمانی ئەدەبی ئیمرۆی کوردیدا، بەغدا، چاپخانەی عەلاء، ١٩٨٦ز(B).

٣- عەبدولواحید موشیر دزەیی، ( رەهەندی دەروونی لە بواری راگەیاندن دا) چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٥ز.

٤- محمد معروف فتاح، زمانەوانی ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، اربیل ، ١٩٩٠ز.

٥- محمد معروف فتاح و صباح رشید قادر، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، بەشی رووناکبیری، چاپخانەی روون، سلێمانی ٢٠٠٦ز.

٦- نوری علی ئەمین، رێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠ز.

٧- وریا عمر ئەمین، ( رێزمانی ڕاناوی لکاو )، بەغدا، ١٩٨٦ز.

٨- وریا عمر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤ز.


**دووەم: نامە زانستیەکان**


٩- ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی، ریزبوونی کەرستە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٦ز.

١٠- حاتم ولیا محمد، فرێزی ناوی و کاری لە دیالێکتی ژووروودا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠٠٠ز.

١١- حاتم ولیا محمد، پەیوەندییە رۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، نامەی دکتۆرا،

کۆلێژی زمان ،زانکۆی سەلاحەددین ، ٢٠٠٦ز.

١٢- خەسرۆ ئەحمەد رسول، بەرکار لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین ، ٢٠٠٧ز.

١٣- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، ( رستە و پاش رستە )، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٣ز.

١٤- شلێر رسول محمد، یاساکانی دارشتنی لاڕستەی دیارخەری لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٤ز.

١٥- طالب حسین علی، ( هەندێ لایەنی پەیوەندی نێوان رستە و واتا لە کوردیدا )، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٨ز.

١٦- عبدالله حسین رسول، مۆرفیمە رێزمانییەکانی کار، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە (ئیبن ڕۆشد)، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٥

١٧- عبدالله حسین رسول، ناکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر، ١٩٩٥.

١٨- عبدالله عزیز محمد، ( گۆرانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا )، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩١ز.

١٩- عبدالجبار مستەفا مەعروف، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠٠٥ز.

٢٠- یوسف شریف سعید، کاری لێکدراو لە زمانی فارسی و کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٨ز.

## سێیەم: گۆڤارەکان

٢١- محمد معروف فتاح ، کار پۆلین کردن بە پێی ڕۆنان، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ (١٢١)،

بەغدا، ١٩٨٩ز.

٢٢- وريا عمر ئەمين ، ڕێزمانی ڕاناوی لکاو، گۆڤاری کاروان ئەمینداری گشتی بۆ ڕۆشنبیری و لاوان، ژ(٨) ، ١٩٨٣ز.

٢٣- وريا عمر ئەمين، مردنی وشە، گۆڤاری کاروان، ژ(٤٥)، بەغدا(a) ١٩٨٦ز.

٢٤- وريا عمر ئەمين، بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١١١)، بەغدا، ١٩٨٦ز.

٢٥- وريا عمر ئەمين، ڕەگی داهاتوو ....بە یەك یاسا، گۆڤاری کاروان-دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی گوڵان، ژ(٤٩)، هەولێر ،٢٠٠٠ز.


**چوارەم: وانەکانی خوێندنی باڵا**

٢٦- عبدالمجيد رشيد احمد، موحازەرەکانی خوێندنی باڵا، ماجستێر، فۆنۆلۆجی، ٢٠٠٥ز.

٢٧- محمد معروف فتاح، وانەکانی خوێندنی باڵا ماجستێر، مۆرفۆلۆجی ، ١٩٩٨ز.


## سەرچاوە عەرەبیەکان

٢٨- ابراهيم محمود خليل، في اللسانيات و نحو النص، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، عمان، ٢٠٠٧.

٢٩- جرهارد هلبش، تاريخ علم اللغة الحديث، ترجمة: د. سعيد حسن البحيرى،مكتبة الزهراء الشرق، قاهرة ، ٢٠٠٣

٣٠- جفري سامسون، مدارس اللسانيات التسابق والتطور، ترجمة د.محمد زياد كبة، جامعة ملك سعود، ١٩٩٧.

٣١- حليمة احمد عمايرة، الاتجاهات النحوية القدماء، دار وائل للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٦.

٣٢- عبدالقادر عبدالجليل، علم اللسانيات الحديث، دار الصفاء للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٢.

٣٣- عطاء محمد موسى، مناهج الدرس النحوي في عالم العربي في القرن العشرين ، دار الاسراء للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٧.

٣٤- لورينو تود، مدخل الي علم اللغة، ترجمة: د. مصطفى التونى، مطابع الهيئة المصريية العامة، ١٩٩٤.

٣٥- محمد محمد يونس، وصف اللغة العربية دلالياً في ضوء الدلالة المركزية ، جامعة الفاتح، الجماهيرية العربية الليبية، ١٩٩٣.

٣٦- يحيي عبابنة، و امنة الزعبي، علم اللغة المعاصر، دار الصفاء للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٥.

## سەرچاوە فارسیەكان

٣٧- ابـراهيم چـنگی، ( فـرهنگ توصـيفی امـوزش زبـان و زبـان شناسـی كـاربردی)، انتشـارات رهنما، تهران، ١٣٨٤ ﮬ.ش.(٢٠٠٥ز.)

٣٨- احمد ابو محبوب، ( ساختار زبان فارسی)، نشر ميترا، تهران، چاپ سوم،١٣٨٣ ﮬ.ش.(٢٠٠٤ز)

٣٩- ار. اچ. روبينز، ( تاريخ مختصر زبانشناسی)ترجمه: علی محمد حق شناس، نشر مركز، تهران چاپ پنجم، ١٣٨٢ ﮬ.ش. (٢٠٠٣ز)

٤٠- جك ريچاردز و ديگران،( فرهنگ توضيحی زبان شناسی لانگمن ) ترجمه: حسين وثوقی ، نشر كتاب، تهران، چاپ دوم، ١٣٧٥ ﮬ.ش.( ١٩٩٦ز)

٤١- جورج يول،( نگاهی به زبان)، ترجمه: نسرين حيدری، سازمان مطالعه و تدوين علوم انسانی دانشگاهها، تهران ، چاپ سوم، ١٣٧٧ ﮬ.ش.( ١٩٩٨ز)

٤٢- جی.سی.كت فورد، نظريهء ترجمه از ديدگاه زبانشناسی)، ترجمه: احمد صدارتی، نشر نی، تهران، ١٣٧٠ ﮬ.ش.( ١٩٩١ز)

٤٣- محمد رضا باطنی، ( توصيف ساختمان دستوری زبان فارسی)، مؤسسهو انتشارات اميركبير، تهرا ن، چاپ دوانزهم، ١٣٨٠ ﮬ.ش.(٢٠٠١)

٤٤- مهران مهاجر، (به سوى زبانشناسى شعر)، نشر مركز. تهران ، ١٣٧٦ هـ.ش.( ١٩٩٧ز)

٤٥- مهدى مشكوه‌الدينى، (سير زبانشناسى)، مؤسسه‌و و انتشارات دانشگاه فردوسى، مشهد، ١٣٨١هـ. ش.(٢٠٠٢ز)

## سه‌رچاوه‌ ئينگليزييه‌كان

٤٦- David crystal (2003)a dictionary of linguistic and phonetics، black well publishing، uk

٤٧- F.Dinneen، (1967)، An Introduction to General Linguistics، holt، Rinhart and Winston، Inc.

٤٨- Graddol، david (1994)disicribing language، david graddol، jenny chesher، and joan swann، uk open ancvlr press.

٤٩- J.R. Firth، (1964)، personality and language in Socity، in papers in linguistics، fours printing، oxford university.

٥٠- M.A.K. Halliday، (2006) ، on language and Linguistics، London، New York

٥١- Victorya fromkin and Robert rodman and nina hyams، (2002)، an introduction to language. Seven edition،university of California، los Angeles.

حكومة االقليم كوردستان – العراق

وزارة التعليم العالي و البحث العلمى

جامعة صلاح الدين- اربيل

# جملة اللغة الكوردية
# حسب نظرية الحالات النحوية و القياسية لـِ هاليداي

(دراسة وصفية)

رسالة متقدمة الى مجلس كلية اللغات – جامعة صلاح الدين- اربيل و هى جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكوردية

من قبل

**شيرزاد سعيد صديق**

(بكالوريوس في اللغة و الادب الكوردي- جامعة صلاح الدين ٢٠٠٣- ٢٠٠٤ )

باشراف

**ا.م. د. يوسف شريف سعيد**

رەشەمى ٢٧٠٧ الكوردي      ربيع الاول ١٤٢٩ الهجري      آذار ٢٠٠٨ الميلادي

## ملخص البحث

هذه الرسالة هي بعنوان (جملة اللغة الكوردية حسب نظرية الحالات النحويه و القياسيه لـ هاليداي)و يتطرق الى بحث انواع الجمل في اللغة الكردية من حيث تركيبها . هاليداى هو صاحب هذه النظرية اللغوية، و هو من ابرز اللغويين بعد (فيرث) في مدرسة لندن. بنى هاليداي هذه النظرية عن طريق تطوير افكار فيرث اللغوية حيث يعتبر من اهم المدارس اللغوية في بريطانيا.

يتكون هذة الرسالة من ثلاثة فصول و مقدمة وخاتمة:

الفصل الاول: عنوان هذا الفصل هو (مدرسة لندن اللغوية) حيث يتطرق الى بحث: المدارس اللغوية في البريطانيا، مكانة المدرسة اللغوية اللندنية بين المدارس اللغوية بريطانية اخرى، فيرث كـ احد اكبر اللغويين في هذه المدرسة، بعض افكار فيرث، تاثير فيرث على هاليداي النظرية اللغوية لـ هاليداي .

الفصل الثاني: (نظرية الحالة النحوية والمقايسة) هي عنوان هذا الفصل وفيه حاولنا ان نعرّف هذه النظرية و نبين الفروق بين هذه النظرية ونظريات اللغوية الاخرى. في هذا الفصل تكلمنا عن الجانب اللغوي و الجانب النحوي. في جانبه اللغوي اشرنا الى كيفية عمل اللغة، عند هاليداي حيث يعتبراللغة كشبكة كبيرة للاتصال.

وفي جانبه النحوي يتطرق الى بحث الحالة النحوية والمقايسة. بيّن هاليداى اربعة الانواع لـلحالة النحوية وهم: (الوحدة، البنية ، الصنف، النضام) كما بيّن ثلاثة انواع لـ مقياس وهم: (المرتبة، استنتاج، تحليل) و تكلمنا عن كل نوع لحده.

فصل الثالث: هو بعنوان (الجملة في اللغة الكردية حسب نظرية حالة النحوية والمقايسة لـ هاليداي). هذا الفصل هو الجانب العملي لـ هذا البحث. وقسمنا هذا الفصل الى مبحثين منفصلين:

المبحث الاول: في هذه النظرية تكلمنا عن اصغر جزء في وحدة القياس في اللغة الكردية الى اكبر جزء من الجملة وهو شبه جملة، مع شرح لقوانين تركيب الجمل و كل احتمالاتها.

المبحث الثاني: و في هذا المبحث تطرقنا الى البحث عن انواع الجمل الكردية . وحسب هذه النظرية ينقسم الجملة الى قسمين: الجملة النواة و الجملة الخارجية، كما تكلمنا عن تكراراجزاء موازنة وغير موازنة في الجملة.

في النهاية اشرت الى نتائج هذا البحث، و بيان قائمة المصادر والمراجع المستخدمة في البحث مع خلاصة باللغة العربية و الانكليزيه.

# Abstract

The thesis is entitled Kurdish sentence according to Scale and Category of Halliday. It deals with the structure and types of sentences. This theory has been established by Halliday who is considered as the greatest linguist of London School after Firth upon whom Halliday has presented his theory. It is considered as the foundation of Linguistics in England.

Apart from the Introduction and Conclusion the thesis contains three chapters.

The first chapter is entitled "London School of Linguistics " Which introduces linguistics in England, and the status of London School of Linguistics in England, Firth as the greatest linguist of this school, certain theories of Firth and its influence on Halliday and his theory of grammar.

Second chapter is entitled "theory of scale and category is an attempt to introduce the theory and its certain aspects: both linguistic and grammatical. The former deals with language function in which language is considered as a communication net, and the latter deals with category and scale in which Halliday has set four categories of unit, structure, class, and system, and three scales of rank, exponence, and delicacy each explained separately.

Third chapter is entitled "Kurdish sentences according to Halliday's theory of category and scale. This chapter is the practical part of the research since the theory takes the two sides of structure and sentence type into consideration. This chapter is in two sections. The first section is about sentence structure in which from the smallest unit up to the

greatest unit of Kurdish language are tackled according to rules and probabilities. The second section classifies Kurdish sentences into two types: nuclear and collective as well as the repetition of sentence elements.

Finally, the study presents the conclusions, list of references as well as the abstract in Arabic and English.

Kurdistan Region Goverment- Iraq
Ministry of higer Education and Scientifc research
Salahaddin Uneversity- Hawler

# KURDISH LANGUGE SENTENC

## ACCORDING TO HALLIDAY'S SCALE AND CATIGURES THEORY

### A DESCRIPTIVE STUDY

A THSIS

SUBMITTED TO THE COUNCIL OF THE COLLEGE OF LANGUAGES SALAHADDIN UNIVERSITY-HAWLER IN PARTIAL FULFILLMENT OF THE REQUIREMENTS FOR THE DEGREE OF MASTER IN KURDISH LANGUAGE

BY:
SHIRZAD SAED SEDIQ
(B.A-SALAHADDIN UNVIERSITY/2003-2004)

SUPERVISED BY:
Assistant Professor DR. YOUSIF SHAREEF SAED

MARCH 2008(A.D)     RABIOLAWAL 1429(H.)     RASHAME 2707(K.)